# ڕۆژنامە


لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 563 سێشەممە 5/ 1/ 2010 — نرخ 750 دینار — No.563 Tue 5/ 1/ 2010





٤



## جەوهەر نامیق: پێویستە ئۆپۆزسیۆن پلاتفۆرمی هەبێت

# (٦٠) پڕۆژەیاسا لە پەرلەمان خەوێندراون

بۆل٢

# بزووتنەوەی گۆڕان: یەکێتی پەلەقاژەی لاوازبوونیەتی‌و هیچ هێزێک بەر بە گۆڕان ناگرێت



**ڕۆژنامە**

بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند، کە گۆڕانکاریی بووەتە خواستی سەرەکیی جەماوەری کوردستان‌و هیچ هێزێک نییە ڕایبگرێت.

لە وەڵامی پرسیاری هەندێک لەو هاوڵاتییانەی کە کەمتر ئاگاداری ڕەوشی تێکچوو و شپرزەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن، بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایدەگەیەنێت، ماوەیەکە ڕاگەیاندنی یەکێتی کەوتووەتە جۆرێک لە درۆو دەلەسەی بێبنەماو بوختانکردن بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، هەرچەندە لەو باوەڕەداین، هیچ کەسێک نییە کە لەم کوردستانەدا بژی‌و بەو درۆو فیشاڵانە بڕوا بکات، بەڵام بەوەی کە ڕۆژبەڕۆژ درۆو بوختانەکانیان گەورەتر دەبێت‌و گۆبلز ئاسا کە دەڵێت، هەر درۆ بکە هەر درۆ بکە تا بڕوات پێدەکەن، دەیانەوێت بڕوایان پێبکرێت.

ئاماژە بەوەشدەکەن کە بەهۆی شکستە یەک لەدوای یەکەکانیان‌و هەڵسوکەوتە هیستریاییەکەی سکرتێرو سەرکردایەتی‌و ڕاگەیاندنە چەواشەکارەکەیانەوە، ئەو حیزبە لە چ قەیرانێکدایەو بەرەو چ چارەنووسێک دەڕوات.

لە بەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکەی گۆڕاندا هاتووە: «کارێکی زۆر ئاساییە، ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش لە هەوادارانی گۆڕان بچنە ناو هەر لایەنێکی دیکەوە، چونکە زۆرجار باری ئابووریی‌و بڕینی نانی منداڵەکانیان، هەندێک والێدەکات لەوێ بژێویی ژیانی دابینبکات‌و بیروباوەڕو هەستی لەگەڵ گۆڕان بێت، بەڵام لەبەرامبەردا ڕۆژانە دەیان‌و سەدان کادیرو لایەنگری ئەو حیزبەو جەماوەری گەلەکەمان بە ئاشکراو نهێنی پەیوەندیی بە گۆڕانەوە دەکەن‌و چالاکانە کاری بۆ دەکەن».

بزووتنەوەی گۆڕان جەخت لەوەشدەکاتەوە، کە گۆڕانکاریی بووەتە خواستی سەرەکیی جەماوەری کوردستان‌و هیچ هێزێک نییە ڕایبگرێت، ئەو هەرایەی کە دەشیکەن بەشێکی کەمی دەچێتە چوارچێوەی شەڕی دەروونییەوە کە لەگەڵ گۆڕانخوازان دەکرێت، بەڵکو بەشی زۆری پەلەقاژەیە لە سەرەنجامی لاوازبوون‌و پووکانەوەو مایەپووچییان.

# کابینەی شەشەم داوادەکات هەڵبژاردنی پارێزگاکان (١٠) مانگی دیکە دوابخرێت

**ڕۆژنامە**

ئەنجومەنی وەزیران، پڕۆژەیاسایەک ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکات بەمەبەستی دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠١٠)دا، هاوکات ئەندامێکی لیژنەی یاساییش ئەو پڕۆژەیە بە نایاسایی دەزانێت‌و دەڵێت: «وەک لیژنەی یاسایی، ئەو پڕۆژەیاسایە ڕەتدەکەینەوە».

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، پڕۆژەیاسایەکی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردووە کە تیایدا وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی دیاریکردووە، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠١٠)دا ئەنجامبدرێت‌و ناردنی ئەم پڕۆژەیاسایەش لەلایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان لەکاتێکدایە کە لە (٢٠٠٩/١٢/٣١)وە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم شەرعییەتیان نەماوەو لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کە ساڵی ڕابردوو پەرلەمان پەسەندیکردووە، دەسەڵاتی دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن دەداتە دەست حکومەت، نەک پەرلەمان.

بورهان ڕەشید گوڵە، ئەندامی لیژنە یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «ئەو پڕۆژەیەی کە حکومەتی هەرێم ناردوویەتی بۆ پەرلەمان، نایاساییە، بەو پێیەی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن دراوەتە دەست حکومەت، نەک پەرلەمان»، وتیشی: «دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بڕیارێکی سیاسییەو وەک لیژنەی یاساییش ئەو پڕۆژەیاسایەی حکومەت ڕەتدەکەینەوە».

# پیرەمەگروون داوای ئازادکردنی گیراوەکان و ڕاگرتنی ڕاوەدونان دەکات

**فاخر تەلانی**

خەڵکی شارۆچکەی پیرەمەگروون داوادەکەن دەستگیرکراوانی خۆپیشاندانی (٢٠٠٩/١٢/٢٣)ی ئەو شارۆچکەیە ئازادبکرێن‌و ئەو بەرپرسانەش لابدرێن کە بوونەتە کێشە بۆ خەڵکی ناوچەکە.

دوێنێ ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی‌و پیاوماقوڵانی شارۆچکەی پیرەمەگروون وەک نوێنەرانی هاوڵاتییانی ناوچەکە لەگەڵ ڕەزا محەمەد ئیسماعیل قایمقامی قەزای دوکان کۆبوونەوەو یاداشتێکی (١٤) خاڵییان ڕادەستی قایمقامی قەزای دوکان کردو تیایدا داوایان کردووە، هەڵمەتی دەستگیرکردنی خۆپیشاندەرانی (١٢/٢٣)ی پیرەمەگروون ڕابگیرێت‌و سەرجەم دەستگیرکراوانی ئەو ڕووداوە ئازادبکرێن‌و ئەو بەرپرسانەی شارۆچکەکەش لابدرێن، کە بوونەتە هۆی دروستکردنی کێشە بۆ هاوڵاتییانی ئەو شارۆچکەیە، ئەمە جگە لە داوای سەرفکردنی ئەو (١٠) ملیار دینارەی پێشتر عیماد ئەحمەد وەک جێگری سەرۆک وەزیران بەڵێنی دابوو بۆ چەند پڕۆژەیەکی ئەو شارەی سەرف بکات.

لەوبارەیەشەوە محەمەد حاجی سوارە کەسایەتی شارۆچکەی پیرەمەگروون، کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو یاداشتەیان لە (١٤) خاڵدا خۆی دەبینێتەوەو بەرپرسانی سنوورەکەش بەڵێنی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەیان داوە».

# حەوت مانگە شوێنەکەی بەرهەم ساڵح پڕنەکراوەتەوە

**ڕۆژنامە**

دوای تێپەڕبوونی حەوت مانگو تائێستا هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان، لەبەر ململانێی حیزبیی نێوانیان ئەو پۆستە سیادییەی بەغدایان پڕنەکردووەتەوە.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی پارەوە کە د.بەرهەم ساڵح، پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی جێهێشتووە، تائێستا کە زیاتر لەحەوت مانگ دەکات، ئەو پۆستە سیادییەی کورد لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە پڕنەکراوەتەوە.

بە وتەی د.مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە لیستی هاوپەیمانیی پڕنەکردنەوەی ئەو پۆستە زیانی گەورە لە کورد دەدات‌و وتیشی: «زۆر هەڵەیە یەکێتی‌و پارتی ئەو پۆستەیان پڕنەکردووەتەوە، زەرەری گەورە لە کورد دەدات، چونکە ئێمە لەلایەک دەڵێین پێویستە پۆست بەدەستبهێنین، بەڵام ئەوەتا پۆستەکان ئیهمال دەکەین».

مەحمود عوسمان وتیشی: «ئێمە دەڵێین، مالیکی تاکڕەوە، بەڵام بۆچی پۆستی جێگرە کوردەکەی بۆ پڕنەکەینەوە».

# ١٥٧ دادوەر کێشەیان لەگەڵ وەزیری داد هەیە

ل٢

# نایەوێت لە هەرێم یاسایەکی لەوجۆرە دەربچێت

# هاوپەیمانی لە بەغدا داوادەکات سامانی گشتیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارنەهێنرێت

ڕاپۆرتی، بەرهەم خالید

پەرلەمانی عێراق سەرقاڵی گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەیاسای ئاکاری هەڵبژاردن، کە بەهۆیەوە ڕێگریی دەکرێت لە بەکارهێنانی موڵکو سامانی گشتیی لەپێناو بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لایەنێکی دیاریکراو، ئەندامێکی پەرلەمانی عێراقیش بوونی یاسایەکی هاوشێوە لە هەرێمیش بە پێویست دەزانێت، چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەڵێت «هەتا بودجەی حیزبەکانو سەرچاوەی داراییو ئەو بودجەیەی بۆ بانگەشە تەرخاندەکرێت دیاری نەکرێت، ئەستەمە بتوانرێت ڕێگە لەو کارە بگیرێت».

پرۆژەیاسای ئاکاری هەڵبژاردن، کە ئێستا لە پەرلەمانی عێراق تاووتوێ دەکرێت لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە دراوەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرۆک وەزیرانو سەرجەم بەرپرسەکانی دیکە بگرێت، کە دامودەزگاکانی حکومەتو پلەو پایەو سامانی گشتیی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنن، هەرچەندە لە پرۆژەکەدا داواکــراوە دەسەڵاتەکانی حکومەت بەر لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن کەم بکرێتەوە، ئەمەش ئەستەمە، چونکە بەپێی دەستوور حکومەت تا دوای هەڵبژاردن نابێتە حکومەتی ڕاییکردنی کار.

د.ڕەئوف عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەو پرۆژەیاسایە سوودی زۆری دەبێت بۆ ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی سامانی گشتیی لەلایەن ئەو بەرپرسانەی کە بە نیازن جارێکی دیکە پۆست وەربگرنەوە، یاخود هەر لایەنێکی دیکە کە پۆستی حکومییان هەیە، وتیشی: «پێویستە یاسایەکی هاوشێوە لە هەرێمی کوردستانیش هەبێت بۆ ئەوەی چیتر سەروەتو سامانی گشتیی بۆ بانگەشەی حیزبی دەسەڵاتدار بەکارنەهێنرێت لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا».

بەپێی پرۆژەیاساکە داواکــراوە لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی کۆمسیۆن پێکبهێنرێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانو حکومەتو دەسەڵاتی دادوەری، بۆئەوەی هاوشێوەی کۆمسیۆنی باڵا سەرپەرشتی هەڵبژاردنو بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بکات بۆ ڕێگەگرتن لە دەســەڵات هەتا سوود لە پێگەی خۆی وەرنەگرێت لەپێناو هەڵبژاردندا.

ســەرکــەوت حەمەحسێن، ئـەنـدامـی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن باس لەوە دەکات، کە یاسای هەڵبژاردن لە هەر وڵاتێکدا کۆمەڵێک بنەما لە خۆدەگرێت کە ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن دیاریدەکات، کە یەکێک لەو بنەمایانەش ئاکاری سیاسەتمەدارەکانە، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی سامانیی گشتییو بەکارهێنانی پۆستو پلەو پایەو دامـودەزگـاکـانـی دەوڵــەت یەکێکە لە تاوانەکانی هەڵبژاردن، ئەویش بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنو سزای بۆ دانراوە، وتیشی: «خستنەڕووی پرۆژەکەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی دامودەزگاکان بە تایبەت کۆمسیۆن نەیتوانیوە بە ڕۆڵی خۆی هەڵسێتو سزای ئەو کەسو لایەنانە بدات کە پێشێلی ئەو ڕێنماییەیان کردووە، بۆیە ئەگەر کۆمسیۆن کارابوایەو دەوڵەتی عێراقیش پشتگیریی کۆمسیۆن بوایە ئەم یاسایە پێویستی نەدەکرد، چونکە هەموو بڕگەکانی یاساکە دەکرا لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا جێگەی بکرایەتەوە لەبەرئەوە ئەگەر زانرا کۆمسیۆن دەسەڵاتی ئەوەی نییە خۆی ڕێگریی لەو کارانە بکات، ئەوا یاساکە پێویستە».

بەپێی پــرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی عێراق، بڕی (٤٢) ملیار دینار وەک بودجەی سوودە کۆمەڵایەتییەکان لە دەسەڵاتی سەرۆکی کۆمارو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانە، کە ترس هەیە بۆ دەنگکڕین بەکاربێت، هەروەک لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا بەرپرسە حیزبیو حکومییەکانی حیزبەکانی دەســەڵات، پـارەو پێگەی خۆیان وەک بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارهێنا بە مەبەستی کڕینی دەنگی دەنـگـدەران. هــەروەک لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەدا دەربارەی بەهای ئەو پرۆژانەی کە لەماوەی دوو مـانـگـی بــەر لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵات بە بەهای (٥) ترلیۆنو (٢٣٠) مـلـیـارو (٥١٩) ملیۆن دینـار، پــــرۆژەی گـــــەورەو ستراتیژی وەک بـەنـداوو بەرهەمهێنانی کـارەبـا هـەتـا کـردنـەوەی قوتابخانەو قیرتاوو چەندین پرۆژەی دیکە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا خستووەتەڕوو، وەک بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیستی دەسەڵات.




بە بـۆچـوونـی ســەرکــەوت حەمەحسێن کە ڕێکخراوەکەیان چاودێریی هـەڵـبـژاردن دەکـات، لەبەرئەوەی هەڵبژاردن بەپێی دەستووری عێراق مەسەلەیەکی سیادییەو کۆمسیۆنی باڵا سەرپەرشتی دەکـات، ئـەوا لە هەرێمیش پێویستە ئـەو یاسایە جێبەجێبکرێتو وتی: «ئەگەر یاساکە پەسەندکرا ئێمەش وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگیریی دەکەینو لەکاتی پێویستدا کەمپەینی بۆ دەکەین».

دەربـــــــــارەی جێبەجێکردنی یاسایەکی لـەوجـۆرەش ئەندامەکەی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن دەڵێت: «لەبەرئەوەی تائێستا یاسایەکمان نییە بودجەی حیزبەکانو بودجەی هەڵمەتی هەڵبژاردنو سەرچاوەو چۆنێتی سەرفکردنی دیاریبکات، بۆیە تا ئەوانە یەکلایی نەکرێنەوە پێموانییە، لە کوردستان بتوانرێت ڕێگە لەو کارە بگیرێت».

# کێ نووسینگەی پەرلەمانتارەکەی گۆڕانی سووتاند؟

ڕاپۆرتی، ئاری سابیر
کۆیە

دوا شەوی ساڵی ٢٠٠٩ نووسینگەی پەرلەمانتارێکی گۆڕان لە کۆیە سووتێنرا، پەرلەمانتارەکەش هیواخوازە دەستێکی تێکدەر کارەکەی کردبێت، نەک هۆکاری سیاسیی لە پشتەوە بێت.

عەباس قادر، کارمەندی نووسینگەکە کە ڕۆژانە لەوێ کاردەکات بۆ وەرگرتنی سکاڵاو داواکاریی هاوڵاتییانی سنوورەکە، ڕایگەیاند: بەر لە ڕۆیشتنەوەی لە نووسینگەکە سۆپاو کـارەبـای نـاو بیناکەی کـوژانـدووەتـەو هیچ مەترسییەکی نەبووە بۆ ئاگرکەوتنەوە لەو نووسینگەیە».

ئاماژەی بەوەشکرد: «سەعات (٨:٣٠)ی ئێوارە ئاگادارکراونەتەوە کە ئاگر لە نووسینگەکە کەوتووەتەوە، کە گەیشتووەتە نووسینگەکە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە گەیشتبوونە شوێنی ڕووداوەکە، ویستوویانە دەرگاکە بکەنەوە، بەڵام دار کرابووە شوێنی کلیلی دەرگاکە: «دوای چوونە ژورەوە بۆمان دەرکەوت نەوتێکی زۆر بە ژوورەکاندا کرابوو، ئەو ژوورانەی کە نەسووتاون نەوتی پێداکرابوو ئێستاش بۆنی نەوتی لێدێت».

دوابــەدوای ئەو ڕووداوەش فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بەیاننامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی هــەرێــمو پــەرلــەمــانو سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانو عێراقو نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کردو ئۆباڵی ئەو ئاڵۆزییەی کە لەماوەی ڕابردوودا سنووری ئیدارەی پێشووی سلێمانی گرتووەتەوە، خستە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمو سەرۆک کۆماری عێراق، بەوپێیەی هەردووکیان بەرپرسی هێزە ئەمنییەکانی هەرێمن.

سیوەیل عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان،


پەرلەمانتار سیوەیل عوسمان

سەبارەت بە سووتاندنی نووسینگەکەی وتی: «بۆ ئەم کارە سەردانی سەرۆکی پەرلەمانمان کردووە، بڕیاریداوە بەدواداچوونی تەواو بکات بۆ ئەو ڕووداوە»، وتیشی: «ئەو کارەی کە کراوە بەشێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو بووە، هیوادارم دەستێکی تێکدەر ئەو کارەی کردبێت، مەسەلەکە سیاسیی نەبێتو هەمان ڕۆژیش لە دادگای کۆیە داوای یاساییم تۆمارکردووە».

سەبارەت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ڕووداوەکە، حاکم هیمداد مەجید، دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای کۆیە، باسی لەوەکرد، لەسەرەتای لێکۆڵینەوەدان لە ڕووداوەکە، هەموو هەوڵێک دەدەن بۆئەوەی هۆکارەکەی بزانرێت. وتی: «لەبەرئەوەی دوای ڕووداوەکە پشووی بەسەردا هات، لێکۆڵینەوەکان کەوتە سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکەو سەردانی نووسینگەکەیان کردووەو لە نزیکەوە چاودێریی ڕووداوەکە دەکەن، تائێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێک، هەرکاتێک هۆکارەکەی زانرا ڕایدەگەیەنن».

## حساباتی کۆتایی ٢٠٠٩یش نەنێردراوە

# داوا دەکرێت وەزیری دارایی بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت

پشتیوان سەعدوڵڵا

ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران بە پێویستی دەزانن وەزیری دارایی بانگبکرێتە پەرلەمان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری دواکەوتنی بودجەی ساڵی (٢٠١٠) ئەمە لەکاتێکدایە تائێستائەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان (حساباتی کۆتایی) بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)ی نەناردووەتە پەرلەمان.

کـاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایـی پەرلەمانی کوردستان (فراکسیۆنی گۆڕان) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێویستە وەزیری دارایی بانگبکرێتە پەرلەمان بۆئەوەی هۆکارەکانی دواکـەوتـنـی نـاردنـی بـودجـە بـۆ پەرلەمان ڕوونبکاتەوە، چونکە بەرپرسانی حکومەت چەندجارێک ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بودجە ئامادەیە.

وتیشی: «ئێمە لە فراکسیۆنی گــۆڕانو لەگەڵ فراکسیۆنی یەکگرتوو (٢٨) ئیمزامان کـۆکـردووەتـەوەو بە نـووسـراو داوامـــان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، وەزیـری دارایـی حکومەتی هەرێم بانگهێشتی پەرلەمان بکرێتو لە دانیشتنێکی نائاساییدا هۆکارەکانی دواکەوتنی بودجەی ئەمساڵ ڕوونبکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە لەسەرەتای ساڵەوە پەرلەمانی کوردستان پشووی خـۆی دەستپێکردووە، تائێستا ئەنجومەنی وەزیران حساباتی کۆتایی شەش مانگی یەکەمو دووەمی بودجەی ٢٠٠٩ی ناردووەتە پەرلەمان، ســەرەڕای دواکەوتنی بودجەی ساڵی ٢٠١٠.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ئاماژەی بەوەکرد لیژنەی دارایی بە ڕەسمی داوا لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکەین بۆئەوەی داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکات، حساباتی کۆتایی ساڵی ڕابردوو بەزووترین کات بنێرێتە پەرلەمان.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابـردووداو تائێستا حکومەتی هەرێم حساباتی کۆتایی لە وادەی خـۆیـدا نـەنـاردووەتـە پـەرلـەمـانو هاوکات پەرلەمانتارێک نەناردنی حساباتی کۆتایی لەکاتی خۆیدا دەگەڕێنێتەوە بۆ ناڕوونی لەسەرفکردنی بودجەو بەفیڕۆدانی پارەیەکی زۆر لە وەزارەتەکاندا.

هاوکات ئیسماعیل گەڵاڵەیی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان لەوبارەیەوە وتی: «حکومەتی هەرێم لە ساڵانی ڕابردوودا حساباتی کۆتایی لەکاتی خۆیدا نەناردووەتە پەرلەمان، هۆکاری دواکەوتنەکەیشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی بێبەرنامە بودجە خەرجدەکرێتو پارەیەکی زۆر تەخشانوپەخشان دەکرێتو ناڕوونـی لە سەرفکردنی بـودجـەدا هەیەو حکومەت دەیەوێت بیشارێتەوەو نایەوێت بێتە بەردەم پەرلەمان».

بەپێی مادەی (٢٣) لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٩)، یاسای بـودجـەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، پێویستە وەزارەتـی دارایی حکومەتی هەرێم حساباتی کۆتایی بنێرێتە پەرلەمانو تێیدا هاتووە: «دەبێت وەزارەتی دارایی ڕاپۆرتی خولەکی (دەوریی) هەر شەش مانگ جارێک لەسەر بارودۆخی دارایی هەرێم پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق بکات».

# دەسەڵات دەیەوێت تا دوای هەڵبژاردن پەرلەمان ئەکتیڤ نەبێت
# نزیکەی ٦٠ پڕۆژەیاسا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان خەوێندراون

**ڕاپۆرتی، پشتیوان سەعدوڵڵا**

لەئێستادا نزیکەی (٦٠) پڕۆژەیاسا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەو لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان لەم خولەیدا نەیتوانی هیچ پڕۆژەیاسایەک پەسەند بکات، هاوکات چەند پەرلەمانتارێک پێیانوایە؛ لەپشت پەرلەمانەوە ئیرادەیەک هەیە ناهێڵێت پەرلەمان ڕۆڵی خۆی ببینێت.

فراکسیۆنەکانی (کوردستانی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی چوار مانگی ڕابردووی ئەم خولەی پەرلەماندا زیاتر لە (٤٠) پڕۆژەیاسایان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، (گۆڕان: ١٨-٢٠ پڕۆژەیاسا، یەکگرتوو: ٨-١٠، کۆمەڵ: زیاتر لە (٥) پڕۆژەیاسا، کوردستانیی: ٤ پڕۆژەیاسا) هەروەها حکومەتی هەرێم (٤) پڕۆژەیاسای ناردووەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانیشدا زیاتر لە (١٢) پڕۆژەیاسا ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، ئەمە سەرەڕای پەسەندنەکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم، ئەمە لەکاتێکدایە بێ پەسەندکردنی هیچ یاسایەک پەرلەمان پشووی خۆی دەستپێکرد.

سەمیر سەلیم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێویستبوو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پشووەکەی درێژبکردایەتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر پڕۆژەیاسا پێشکەشکراون‌و تائێستا هیچیان پەسەندنەکراون، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیەوێت ئەم حاڵەتە بخاتە دوای هەڵبژاردنەکانەوە.

د. سەباح بەرزنجی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی پێیوایە؛ کاری دەرچوواندنی یاسا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام پێویست بوو هەندێک لەو پڕۆژەیاسایانەی، کە ئێستا لە پەرلەمانە، پەسەندبکرانایە.

بەشێک لە پەرلەمانتاران هۆکاری لاوازیی ئەدای پەرلەمانی کوردستان دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بەشێوەیەکی شاراوە کاردەکەن بۆ لاوازکردنی پەرلەمان‌و نایانەوێت بارودۆخەکە بگۆڕێت.

بە بۆچوونی د.زانا ڕەئوف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان؛ ئەو گۆڕانکارییەی کە لەناو نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا ڕوویداوە، لەناو پەرلەماندا بووە، هەروەک دەڵێت: «لەپشت پەرلەمانەوە ئیرادەیەک هەیە ئامانجی ئەوەیە بەهیچ شێوەیەک پەرلەمان ئەکتیڤ نەبێت‌و باردۆخەکە وەکو خۆی بهێڵنەوە هەتا هەڵبژاردنی (٧)ی ئازار، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەسەڵات وەزعەکە لە بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت، ئەگەرنا ئەگەر هیچ پڕۆژەیاسایەک لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە پێشکەش نەکرایە، ئەوەندە پڕۆژەیاسای خولی دووەم ماوەتەوە، کە پەرلەمان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات‌و پشووەکانی دوابخات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە ژمارەیەک پڕۆژەیاسا ئاراستەی پەرلەمان کراون، بەڕای من خاڵە جەوهەرییەکە ئەوەیە ئیرادەیەکی شاراوە، کە دەسەڵاتە لەپشتی پەرلەمان‌و حکومەتەوە وەستاوەو کاردەکات بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی پەرلەمان‌و نایەوێت لەم قۆناغەدا ڕۆڵی پەرلەمان ئەکتیڤ بێت، چونکە ئەو دەسەڵاتە دەترسێت لەوەی ئەگەر پەرلەمان ئەکتیڤ بێت، لە بەرژەوەندییەکانی بدرێت.

د. سەباح بەرزنجیش، ئەوە دەخاتەڕوو، لە ئێستادا گومانێک دروستبووە ئەویش ئەوەیە، کە ویستێک هەبێت بۆ لاوازکردنی ئەدای پەرلەمانی کوردستان، وتیشی: «پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە بڕیارێک ئەو گومانە بڕەوێنێتەوەو ئاشکرای بکات، کە هیچ دەستێک لەپشتی پەرلەمانەوە نییە».

# حکومەتی هەرێم ئاگای لە چارەنووسیان نییە
# ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکان ئازادنەکراون

**ڕۆژنامە**




ئەو سێ ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەی کە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە چوونە ئێران‌و دەستگیرکران، تائێستا ئازادنەکراون‌و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیش ئاماژە بەوەدەکەن کە تەنیا لە ڕاگەیاندنەکانەوە هەواڵی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەزانن.

شەین باور (٢٧ساڵ)، جۆشوا فانتاڵ (٢٧ساڵ)، سارا شورد (٣١ساڵ) ئەو سێ ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەن کە لە (٢٠٠٩/٧/٣١)دا لە ناوچەی هەورامانەوە چوونە خاکی ئێرانەوە، بەڵام بە تۆمەتی سنووربەزاندن بە نایاسایی، لە ئێران دەستگیرکران‌و تائێستا ئازادنەکراون.

نازم عومەر، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئێران لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە سەرەتای دەستگیرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا، قسەمان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیی ئێران کردو داوامانکرد کە بە ڕێگەی گفتوگۆ کێشەکە چارەسەربکرێت، بەڵام ئەو کێشەیە زیاتر پەیوەندیی بە خراپیی نێوانی ئەمریکاو ئێرانەوە هەیە.

نوێنەرەکەی حکومەتی هەرێم تەئکیدی لەوەشکردەوە، کە ئێستا ئاگاداری چارەنووسی ئەو ڕۆژنامەنووسانە نین‌و تەنیا لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئاگاداری بارودۆخی گوزەرانیانن، وتیشی: «ئەوە کێشەی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بە ئەمریکاو ئێران خۆیانەوە هەیە».

# بەهانە بە هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەگیرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

وێڕای بوونی مۆڵەتی یاسایی بۆ هەڵگرتنی چەک، لە بازگەکان بەهانە بە هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەگیرێت‌و بریکاری وەزارەتی ناوخۆش ئاماژە بەوەدەکات؛ هەرکەسێک مۆڵەتی پێبێت دەتوانێت چەک هەڵگرێت.

ڕۆژی(٢٠٠٩/١٢/٢٨)ئاسایشی گشتیی هەرێم- سلێمانی، ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا بە بیری هاوڵاتییانی هێنایەوە کە پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (١٩٩٣)دا یاسای ژمارە (١٦)ی چەکهەڵگرتنی دەرکردووە، کە تێیدا ئاماژە بەوەکراوە؛ هیچ کەسێک بۆی نییە بەبێ مۆڵەتی یاسایی چەک هەڵبگرێت.

بەڵام بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هەر لەدوای دەرچوونی ئەو ڕوونکردنەوەیەی ئاسایشەوە بەهانە بە هەڵسوڕاوانی گۆڕان دەگیرێت، «ئەمە لەکاتێکدا ئەو هەڵسوڕاوانەی گۆڕان مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیان هەیەو مۆڵەتەکانیشیان بەسەر نەچووە».

لیوا جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە بەهیچ شێوەیەک نابێت بیانوو بەهیچ کەسێک بگیرێت کە مۆڵەتی هەبێت، وتیشی: «هەموو دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پۆلیس‌و ئاسایش‌و بازگەکان‌و تەنانەت موختاری گەڕەکەکانیش بۆیان هەیە کەسێک ئاشکرا یان دەستگیربکەن کە مۆڵەتی نییەو چەکی هەڵگرتووە».

لەماوەی ڕابردوودا لە سلێمانی دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە هەموو ئەو مۆڵەتانەی کە لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە لەلایەن پارێزگارەوە دراون، کاریان پێناکرێت، بەڵام بریکارەکەی وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند: لە دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆو پارێزگاردا هەیە کە مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک بدەن بە خەڵک لەدوای لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەگەر مۆڵەتەکە بەسەرچووبێت، ئەوا دەبێت چەک هەڵنەگرێت هەتا مۆڵەتەکە نوێ دەکاتەوە».

# «وەزیری داد پێچەوانەی یاسا بڕیار دەردەکات»
# داواکارانی گشتیی هەڕەشەی پەنابردنە بەر دادگای فیدراڵی دەکەن

**ڕاپۆرتی، سامان بەشارەتی**

سەرۆکی داواکاری گشتیی فەرمانێکی وەزیری دادی حکومەتی هەرێم، بە «دژی دەستووری عێراق‌و یاساکانی هەرێمی کوردستان» لە قەڵەمدەدات‌و داواکارانی گشتیی هەڕەشەی پەنابردنە بەر دادگای فیدراڵی دەکەن ئەگەر فەرمانگەی وەزیر هەڵنەوەشێنرێتەوە.

ڕەئوف ڕەشید وەزیری دادی حکومەتی هەرێم بە فەرمانێکی وەزاری بە ژمارە (٣٣٧) لە (٢٠٠٩/١٢/٢٨)، ڕێگەی گرتووە لە ئەندامانی دواکاری گشتیی، کە دەستەواژەی دادوەر بەکاربهێنن لە نووسراوەکانیان‌و کارەکانیاندا «بەمەبەستی جیاکردنەوەی دواکاری گشتیی لە دەسەڵاتی دادوەریی»، ئەندامانی داواکاریی گشتیش ئەو فەرمانە پێچەوانەی مادەکانی (٨٩،٩١،٩٦،٩٨)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ‌و پێچەوانەی مادەکانی (٧٧، ٨٢، ٩٨، ١٠٠) لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی پەسەندکراو لە پەرلەمانی کوردستان هەژماردەکەن.

سازگار عەلی، سەرۆکی داواکاریی گشتیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو فەرمانەی وەزیری دادی هەرێم، دژی دەستووری عێراق‌و یاساکانی هەرێمی کوردستانە، چونکە داواکاری گشتیی بەشێکە لە دەسەڵاتی دادوەریی»، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کە لە مادەی (١) لە یاسای ژمارە (١٠) ساڵی (٢٠٠٦)ی یاسای هەموارکردنی یاسای داواکاری گشتیی، کە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراقی فیدراڵ دەرچووە، هەروەها مادەی (١) لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی یاسای پاشکۆی یاسای داواکاری گشتیی ژمارە (١٥٩) لە ساڵی (١٩٧٩)، کە بە بڕیاری ژمارە (٢٤) ساڵی (٢٠٠٧) لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە، کە تیایدا هاتووە: (ئەندامانی داواکاری گشتیی لە خزمەت بەردەوامن وەک (دادوەر) بە پێی پۆلێن‌و پلەکانیان، وە هەموو ئەو حوکمانە دەیانگرێتەوە کە دادوەران دەگرێتەوە).

سازگار عەلی وتیشی: ئێمە هەموو ئەو مادە یاسایانەمان خستووەتە بەردەم وەزیری داد، بەڵام بێسوود بووە «وەزیری داد پێیوتین؛ لەوانەیە بۆ چوونەکەی من هەڵە بێت‌و تەواونەبێت، دەتوانن بچنە لای لیژنەی یاسایی پەرلەمان‌و بۆچوونی ئەوانم بۆ بێنن لەسەر ئەم بڕیارەی من».

ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٣٠) (١٥٧) داواکاریی گشتیی هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامداو لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان کۆبوونەوە.

سەرۆکی داواکاری گشتیی باسی لەوە کرد، ئەوان لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەریەک لە پەرلەمان‌و حکومەتیان ئاگادارکردووەتەوە لەوەی «ئەم فەرمانەی وەزیری داد پێچەوانەی مادەگەلێکی دەستووری عێراقی فیدراڵ‌و ڕەشنووسی دەستووری هەرێمە»، چونکە داواکاری گشتیی دەزگایەکی دادوەرییەو یەکێکە لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دادوەریی، هەروەک لە مادەی (٨٩)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ‌و هەروەها لە مادەی (٧٧)ی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمیشدا هاتووە.

سازگار عەلی وتیشی: «چاوەڕێی هەڵوێستی ئەو لایەنانە دەکەین، کە یاداشتەکەمان پێداون، ئەگەر هەڵوێستیان نەبوو، ناچار دەبین لە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق سکاڵا بکەین لەسەر وەزیری داد».

کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان‌و ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای سەردانی ئەندامانی داواکاری گشتیی بۆ پەرلەمان، بڕیارماندا لێکۆڵینەوە لەسەر بڕیارەکەی وەزیری دادو داواکەی ئەوان بکەین».

لە مادەی (١) لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی یاسای پاشکۆی یاسای داواکاری گشتیی ژمارە (١٥٩) لە ساڵی (١٩٧٩)، کە بە بڕیاری ژمارە (٢٤) ساڵی (٢٠٠٧) لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە، تیایدا هاتووە: (ئەندامانی داواکاری گشتیی لە خزمەت بەردەوامن وەک (دادوەر) بەپێی پۆلێن‌و پلەو دەرەجەکانیان، هەموو ئەو حوکمانە دەیانگرێتەوە، کە دادوەران دەگرێتەوە)، هەر بڕیارێکیش پێچەوانەی ڕێنماییە یاساییەکان دەربچێت، نایاساییە.

کاردۆ باسی لەوەشکرد؛ ئەندامانی داواکاریی گشتیی پڕۆژەیاسایەکیان داوەتە پەرلەمان بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی داواکاری گشتیی، لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن خۆیەوە بەرزی کردووەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری.

جەودەت سەعید وتەبێژی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی، ئەو بڕیارەی وەزیری داد بە «پێچەوانەی دروشمی کابینەی شەشەم» دەزانێت کە یەکێک لە دروشمەکان ئەوە بوو «هەوڵدەدەین داواکاری گشتیی چالاکتر بکەین».

وتەبێژی داواکاریی گشتی، پێیوایە کە ئەو کارەی وەزیری داد «پێچەوانەی یاسایە»و ڕایگەیاند: لەو یاداشتەی ئەندامانی داواکاری گشتیی، کە ئاراستەی سەرۆکی حکومەتیان کردووە، داوا دەکەن سەرۆکی حکومەت «چارەسەرێک بۆ ئەو پێشێلکارییەی وەزیری داد بدۆزێتەوە، ئەگەر چارەسەرنەکرێت ناچاردەبین پەنا ببەینە بەر دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی وەزیری داد».

**ئاگاداری**

گۆڤاری (دۆز) گۆڤارێکی مانگانەیە، تایبەت بە کاروباری کەرکوک خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری (لەتیف فاتیح فەرەج)ە بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە، هەرکەسێک تێبینی هەیە پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٧٧٠١٥٣٠٣٥٧ .

# ـــاردەی تیرۆری سیاسیی بێدەنگە ؟

ئاراستەیەک بۆ کەسانی سەربەخۆو ڕۆشنبیر، ئاراستەیەکیش بۆ ئەوکەسانەی کە ئۆپۆزسیۆنن.

بوونی تیرۆری سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، (کە گەورەترین سەرمایەی ئەم هەرێمە ئاسایش‌و هێمنییە)، بە مەترسییەکی گەورە لێکدەدرێتەوە. کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دیموکراتی دادەنێت‌و لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد؛ دەسەڵات سەرەتا بە نانبڕینی خەڵک‌و دەرکردن‌و گواستنەوەی ئەو کەسانە دەستیانپێکرد کە گومانیان لێکرا دەنگیان نەدابێت بە حیزبی دەسەڵات، تا گەیشتە لێدان‌و تەقەکردن‌و تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان، هەروەک بەوەشەوە نەوەستان‌و کار گەیشتە ئەوەی کە نووسینگەی ئەندام پەرلەمانێک لە کۆیە بسووتێنن، ئەمەش گەورەترین (بێحورمەتییە) کە بە پەرلەمان کراوە. بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە ئەگەر لە هەر وڵاتێکی دیموکراسیدا ئەمە بکرایە هەموو بەرپرسانی ئەمنیی ئەو وڵاتە دەستیان لەکاردەکێشایەوە، «بەڵام بەداخەوە لە کوردستان ئەوجۆرە هەڵوێستانە نابینرێت».

بەرپرسانی حکومەت‌و دەزگاکانی ناوخۆو ئاسایش لەبەرئەوەی بەرپرسن لە پاراستنی ئەمنییەتی هاوڵاتییان، ناکرێت بەرامبەر بەم ڕووداوانەی ئەم دواییە بێدەنگ بن، چونکە وەک ئارام جەمال، چالاک لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی، دەڵێت: «بێدەنگبوونی دەسەڵات‌و حکومەت ئەو گومانە تۆختردەکاتەوە کە دەستی سیاسیی لە پشت ئەو ڕووداوانەوەیە، ئەگەر نا با دەسەڵات وەڵامی ئەو پرسیارانەی خەڵک بداتەوە، کە ئەگەر ئەوەی ئێستا دەبینرێت لە هەڕەشەو لێدان‌و تەقەکردن‌و تەنانەت کوشتنیش، بەرامبەر بە دەسەڵات بکرایە هەڵوێستی دەزگاکانی ئاسایش‌و حکومەت هەر بەمشێوەیە دەبوو؟ کە بێگومان نەخێر وا نەدەبوو».

لەبەر ئەوە بە بڕوای ئارام جەمال «پێویستە دەزگای ئاسایش دەزگای هەمووان بێت‌و حکومەت‌و وەزارەتەکانیشی بە چاوی هاوڵاتیبوونەوە تەماشای هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بکەن‌و بێ جیاوازیکردن لەنێوان گروپێکی سیاسیی‌و گروپێکی دیکەدا، چونکە دواتر خەڵک متمانەی داوە بە پەرلەمانێک تا ئەو حکومەتە هەڵبژێرێت».

لە بەرامبەردا فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، هەرچەندە ئیدانەی ئەو کارانەی کردو جەختی لەوەکردەوە، کە هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش لێکۆڵینەوەیان دەکەن، بەڵام ڕەتیکردەوە کە ئەو ڕووداوانەی ئەم دواییەی پارێزگای سلێمانی‌و دەوروبەری تیرۆری سیاسیی بن‌و ئاسایش‌و هێمنیی شارەکە تێکچووبێت بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە، پێیوابوو؛ «ڕووداوەکان زیاد لە قەبارەی خۆیان لە سلێمانی گەورەکراون‌و ڕووداوەکان لەو ئاستەدا نین‌و ڕووداوی هاوشێوە لە هەولێریش ڕوویداوە».

بریکاری وەزارەتی ناوخۆ لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە، ڕووداوەکانی بۆ کێشەی شەخسی گێڕایەوەو وتیشی: «ئەو کەسانەی لەم دواییەدا توندوتیژییان بەرامبەر کراوە یان کوژراون پێویستە سەیری باکگراوندیان بکرێت».

گەڕاندنەوەو بەستنەوەی ئەو توندوتیژییانەی ئەم دواییەی سلێمانی، کە بەشێکی زۆریان بەرامبەر بە لایەنگران‌و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامدراون، بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی، بە بۆچوونی کوێستان محەمەد قابیلی قبوڵ نییە، چونکە لە مانگی ئایاری (٢٠٠٩)وە ئەمجۆرە توندوتیژییانە سەریانهەڵداوە، وتیشی: «دەمەوێت بپرسم بۆ دەبێت هەڵسوڕاوان‌و هەوادارانی بزووتنەوەی گۆڕان کێشەی کۆمەڵایەتییان هەبێت‌و هیچ حیزب‌و لایەنێکی دیکە کێشەی نەبێت؟»، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان ئاماژەش بەوەدەکات؛ «ئەو کەسانەی کە ئەو قسانە دەکەن خۆشیان بڕوایان پێی نییە، چونکە هەموولایەک دەزانن کە ئەوجۆرە مامەڵانە بۆ ترساندن‌و تۆقاندنی خەڵکەو ترسێکە لە هەڵبژاردن‌و دەیانەوێت بەوهۆیەوە وا لە خەڵک بکەن دەنگ بۆ گۆڕان نەدەن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو حیزب‌و لایەنەی کە لەپشت ئەو ڕووداوانەوەیە وادەکات کە زیاتر خەڵک توڕەبن لە دەسەڵات‌و دەنگی زیاتر بۆ گۆڕان بدەن».

بۆچوونێکی دیکەش باس لەوەدەکات، کە ئەگەر ئەو ڕووداوانە کێشەی کۆمەڵایەتی بن‌و دووربن لە تیرۆری سیاسیی، هەر ناکرێت ڕێگەیان پێبدرێت، بە وتەی ئارام جەمال «ئەگەر ئەو تیرۆری سیاسییەی ئێستا ڕوودەدات ئەوان ناوی بنێن کێشەی کۆمەڵایەتی‌و هەڵدانەوەی دوژمنایەتی کۆن، ئەوا پێویستە حکومەت کە دەسەڵاتێکە لە سەروو گشت دەسەڵاتەکانەوەو خەڵک دەنگی بۆ داوە، بە زووترین کات ڕێوشوێنی ئەمنییان بگرتایەتەبەر، لەبەرئەوەی ڕێگەدان بەوجۆرە دوژمنایەتییەش لەکەدارکردن‌و شکاندنی دەسەڵاتی ئەمنییە، کە خۆی لە وەزارەتی ناوخۆو ئاسایشدا دەبینێتەوە».

ئەو چالاکەی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی داوای لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد، کە «کاتی ئەوە هاتووە هەڵوێستێک لە بەرامبەر ئەو تیرۆری سیاسییەی سەرەتاکانی بەرەو دەرکەوتن دەچێت بنوێنن‌و ڕێگەنەدەن هەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی دیموکرات بکەوێتە بەردەم مەترسییەکانی تیرۆری سیاسیی».

هەر بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخە ناهەموارو نائاساییەی ماوەیەکە لە شاری سلێمانی‌و دەوروبەری دروستبووەو بەمەبەستی پێشنیازکردن‌و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو هەرسێ فراکسیۆنی گۆڕان‌و یەکگرتوو و کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٣٠) یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کردووەو تێدا داوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمان کراوە تا پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئاراستەی لایەنە سیاسییەکان بکرێت، بەڵام تا ئێستا سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەڵامی ئەو یاداشتەی نەداوەتەوە.

بەرامبەر بە سەرهەڵدانی تیرۆری سیاسیی‌و چاوەڕوانیی خەڵک لە هەڵوێستی دەسەڵات، بە بۆچوونی کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە لە ئێستادا دەسەڵات لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە، کە ئایا دەتوانێت هێمنی‌و ئارامیی هەرێمی کوردستان بپارێزێت بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان لایەن‌و حیزبەکان‌و ئەو کەسانەش دەستگیربکات‌و بداتە دادگا یان نا، چونکە ئەو قسانەی کە بەرپرسانی حکومیی دەیکەن گوایە «ئەو کەسانەی توندوتیژییان بەرامبەر کراوە کێشەی کۆمەڵایەتییان لە پشتەوەیە، ئەوا خەڵک بڕوا بەو قسانە ناکات».


نمایشێکی هێزەکانی ئاسایش
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# ـــا (١٣) دانیشتنی ئەنجامدا

## ـــە پشووەوە بۆ پشوو

داخوازی هاوڵاتییان‌و خۆشماندا نییە».

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ تائێستاش لیستی کوردستانی خۆیان لە قۆناغی هەڵبژاردندا دەبیننەوە، بەتایبەت کە هەڵبژاردنی عێراق لە پێشەوەیە.

لەماوەی چوارمانگی ڕابردوودا چەندین پڕۆژەیاسا لەلایەن فراکسیۆنە جیاوازەکانەوە ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراون، بەڵام تائێستا هیچ کام لەو پڕۆژانە نەبوونەتە یاسا، ئەوە جگە لەوەی چەندین پڕۆژەیاسای خولی پێشووی پەرلەمان ماونەتەوەو چاوەڕێی پەسەندکردنن، کە زۆرێکیان بەهۆی ناکۆکیی فراکسیۆنەکانەوە دواکەوتوون.

دانا سەعید سۆفی ئاماژەی بۆئەوەکرد؛ بوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا ئیجابییەو ئەوەشی نەشاردەوە کە نەریتی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات لە ناو پەرلەماندا دیاردەیەکی تازەیە، هەربۆیە ئاساییە هەم ئۆپۆزسیۆن‌و هەم دەسەڵات نەتوانن بە باشی مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، بۆیە دەبێت هەردوولا بە سروشتیی کاری خۆیان بکەن‌و تەواوکەری یەکبن‌و ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان ڕاپەڕێنن. وتیشی: «بەداخەوە هەندێک تەشەنوجات هەیە لەنێوان هەردوولاداو هەندێک لە پەرلەمانتارەکان جۆرێک لە فشاریان لەسەرە بۆ ئەوەی بە شێوازێکی تایبەت مامەڵەبکەن، ئەوەش لەهەردوو فراکسیۆنی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆندا بەدیدەکرێت».

بەشێکی دیکە لە پەرلەمانتاران کەمیی ژمارەی دانیشتنەکان بە هۆکاری سستی ئەدای پەرلەمان دەزانن، هەروەک عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ کەمیی دانیشتنەکان یەکێکە لە ئاستەنگەکان، کە ئەوەش پەیوەندیی بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە هەیە، نەک پەرلەمانتاران، هەربۆیە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا پێشنیازیانکردووە کە پەرلەمان بە ئیلزام هەفتانە لانیکەم دوو کۆبوونەوە ئەنجامبدات، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمانی کوردستان لە ساڵێکدا دوو پشووی هەیە، یەکەمیان (١/١ – ٣/١)، دووەمیان (٧/١ – ٩/١) دەگرێتەوە، بەو پێیەش هەتا مانگی ئازاری داهاتوو پەرلەمان دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی دەستپێناکاتەوە.

دانا عەبدولکەریم، شارەزای بواری یاسای دەستووری‌و مامۆستای زانکۆ، دەربارەی یاسادانان، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی پەرلەمان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ تەنیا هەمواری پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمان کراوەو هیچ پڕۆژەیاسایەک خوێندنەوەی بۆ نەکراوەو هیچ یاسایەک دەرنەچووە، هۆکاری سەرەکیی ئەوەش بۆ کەمیی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەگەڕێنێتەوە، کە ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە دەسەڵاتی دانیشتنی پەرلەمان تەنیا بەدەست سەرۆکی پەرلەمانەو پەرلەمانتاران ئەو مافەیان نییە. وتیشی: «تائێستاش بودجەی ئەمساڵ نەگەیشتووەتە پەرلەمان، بۆیە هەتا بودجە پەسەندنەکرێت نەدەبوو پەرلەمان پشووی خۆی وەرگرێت».

بە بۆچوونی ئەو شارەزایەی بواری یاسای دەستووریی، چوارمانگ ماوەیەکی کەمە بۆ هەڵسەنگاندنی پەرلەمانێکی نوێ‌و سەرەتای کاری پەرلەمان بە بەراورد بە خولەکانی پێشوو بەباش دەزانێت، «لە خولەکانی پێشوودا ئیرادەی حکومەت‌و پەرلەمان یەک ئیرادەبووە، بەڵام ئێستا ئۆپۆزسیۆن ئیرادەی هەیە لە پەرلەمانداو پرسیارێکی زۆر ئاراستەی حکومەت کراوەو وەڵام نەدراونەتەوە».


دانا عەبدولکەریم وتیشی: «پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتیش هۆکارێکی دیکەی سستبوونی پەرلەمانە». بۆیە بەباشی زانی پەیوەندییەکی تەواوکارییان هەبێت‌و بە نەفەسی پێش هەڵبژاردن کارنەکەن.



## جەوهەر نامیق دەربارەی کاری هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن:

# دەسەڵات خۆی ڕێکخستووەتەوەو پێویستە ئۆپۆزسیۆنیش بەرنامەی هاوبەشی هەبێت

راپۆرتی، رۆژنامە



فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمانی کوردستان وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن‌و بە بڕوای سەرۆکی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستانیش، ئەوەی بۆ ئێستای ئۆپۆزسیۆن گرنگە، ئەوەیە کە پردێکی بەهێز لەنێوان خۆی‌و خەڵکدا دروست بکات‌و بەر لە هەموو شتێش (کار بۆ ئازادکردنی سەکۆی پەرلەمان بکات).

لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو) ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان راگەیاندو بەشداریکردنیان لە حکومەت رەتکردەوە تا چاودێر بن بەسەر کارەکانی حکومەتەوە، لە ئێستاشدا وەک کاردۆ محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژەی پێدا: لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە پەرلەماندا، ئەمە جگە لەوەی کە یەکگرتنی ئەو لایەنانەی کە وەک ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن لە پەرلەمان‌و هاوڕابوونیان لەسەر ئامانجە هاوبەشەکان‌و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت‌و ئەو خاڵانەی کە پێیانوایە، خزمەت بە پرۆسەی سیاسی‌و چاکسازیی دەکات لە کوردستان‌و ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لە بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆن‌و باشکردنی ئەدای پەرلەمان.

لە ئێستادا ئەو سێ فراکسیۆنە کە بوونەتە ئۆپۆزسیۆن‌و بە یەکگرتوویی کاردەکەن لە پەرلەماندا، کاریگەرییان بەسەر باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمان‌و حکومەتیشەوە هەیە، عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو سێ لایەنە کە بەشداریمان لە پێکهێنانی حکومەتدا نەکردووەو ئەوەمان هەڵبژاردووە کە وەک ئۆپۆزسیۆن بمێنینەوە، چاوەڕوانکراو بووە کە لە پەرلەمانیش هاوڕابین‌و وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەین»، بە بۆچوونی ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتوو، بوونی ئۆپۆزسیۆن جۆش‌و خرۆشی بە پەرلەمان‌و کاری لیژنەکان‌و تەنانەت حکومەتیش داوە، چونکە هەستدەکەن چاودێرێک هەیە بەسەر کارەکانیانەوە، ئەمەش خاڵێکی ئیجابییە.

ئۆپۆزسیۆن لە قۆناغی دوای هەڵبژاردنەوە بە هەموو باڵەکانیەوە پێویستی بە ڕێکخستنەوەو پلاتفۆرمێکی فراوان‌و کارکردن بە بەرنامە هەیە، چونکە بە بۆچوونی سیاسەتمەدار، جەوهەر نامیق لەم قۆناغەی ئێستادا، پێویستە ئۆپۆزسیۆن ئەوە لە بیر نەکات کە دەسەڵات خۆی ڕێکخستووەتەوەو خاوەن بەرنامەو ئیمکانیاتی مادییە، هەربۆیە پێویستەو کارێکی سروشتیشە کە ئۆپۆزسیۆنیش پلاتفۆرمی تایبەتیان هەبێت.

جەوهەر نامیق، کە سەرۆکی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان بووە، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە زۆر گرنگە بۆ ئەو سێ لایەنەی بوونەتە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان، پردێکی بەهێز لە نێوان خۆیان‌و خەڵکدا دروست بکەن، چونکە ناکرێت ئۆپۆزسیۆن تەنیا لەنێو هۆڵی پەرلەماندا بیروبۆچوونەکانی خۆی بخاتەڕووو داکۆکییان لێبکات، یان لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بۆچوونەکانی بخاتەڕوو، پێویستە ئێستا ئۆپۆزسیۆن ئەو قۆناغەی پتێپەڕاندبێت، ئەمە جگە لەوەی پێویستە سەکۆی پەرلەمان ئازاد بکرێت لە(٥٠ بە٥٠)ی بەر لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموز، ئەمە جگە لەوەی پێویستە سەکۆی پەرلەمان بگوێزرێتەوە بۆ خەڵک لە ڕێگەی پەخشکردنی دانیشتنەکانییەوە وەک خۆی لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە تا خەڵک ئاگاداری ئۆپۆزسیۆن بێت کە لە پەرلەمان چۆن داکۆکی لێدەکات.

لە بەرامبەردا، عومەر عەبدولعەزیز جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە بە گشتیی ئۆپۆزسیۆن کارایە لە پەرلەمان‌و ئەو لایەنانەشی کە بوونەتە ئۆپۆزسیۆن خشتەی دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ خەڵک داناوەو چەندین نووسینگەیان کردووەتەوەو پێشوازی لە هاوڵاتییان دەکەن تا لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکان بن.

هەرچەندە ژمارەی کورسیی فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە بەرامبەر کورسییەکانی لیستی دەسەڵات کەمترە، بەڵام پێگەی ئۆپۆزسیۆن هەر پارێزراوە، چونکە کاریگەریی لەسەر رای گشتیی دەبێت، کە دەتوانێت گوشارێکی گەورە بخاتە سەر دەسەڵات.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە هەرچەندە گۆڕان‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو زۆربەی کات هاوڕان‌و وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە پەرلەمان کاردەکەن، بەڵام بە هەرسێ لایەنەکە (٣٥)کورسییان هەیە وەک ئۆپۆزسیۆن‌و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش، بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەیاساکان پەسەنددەکرێن، ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵ ئومێدیشی خواست، لەو پرۆژانەی پێشکەشی دەکەن وەک ئۆپۆزسیۆن‌و لە بەرژەوەندیی خەڵکدان، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی دیکەش هاوڕابن لەگەڵیان‌و دەنگ بۆ پرۆژەکە بدەن، لە کاتێکیشدا پرۆژەکانیان رەتکرایەوەو دەنگیان بەدەستنەهێنا، ئەوا ئەوئەرکەی لەسەریانە وەک ئۆپۆزسیۆن کردویانەو خەڵک شایەتی ئەو راستییەن.

لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆن پرۆژەیاسایەکیان بۆ هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان‌و (٣)یاداشتیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە، بۆ درێژکردنەوەی ماوەی خولی یەکەمی گرێدانی پەرلەمان‌و بەستنی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ ئەو روداوو تەنگژە سیاسییانەی ئەم دواییەی پارێزگای سلێمانی‌و دەوروبەری، ئەمە جگە لە یاداشتێک کە بۆ بانگکردنی وەزیری دارایی بۆ بەردەم پەرلەمان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمانیان کرد لە بەرامبەر دواکەوتنی رەوانەکردنی بودجەی (٢٠١٠) بۆ پەرلەمان.

ئەو سێ لایەنەی لە پەرلەمان وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان راگەیاندووە، هەریەکەیان خاوەن بەرنامەو بیروباوەڕی تایبەتین، جەوهەر نامیقیش وەک چاودێرێکی سیاسی‌و پەرلەمانتارانیش هاوڕان لەسەر ئەو بۆچوونە کە ئەو لایەنانەی ئۆپۆزسیۆن کە هاوڕان لە پەرلەمان، پێویست ناکات کۆپی یەکتر بن، بەڵام زۆر گرنگە کە خاوەن بەرنامەیەکی روون‌و هاوئامانج بن، ئەمەش لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندێتیی لایەنەکان‌و بیروباوەڕو بەرنامەی تایبەتی حیزب‌و لایەنەکانیان.

# بۆ دەسەڵات لە دی...

راپۆرتی: رۆژنامە

رۆشنبیران‌و سیاسەتمەداران‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆکن لەسەر مەترسیی سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆری سیاسی لەهەرێمداو بێدەنگبوونی دەسەڵاتیش بە گومانێک لێکدەدەنەوە بۆئەوەی کە «خودی دەسەڵات لەپشت ئەو تیرۆری سیاسییەوە بێت، کە ئێستا لە کوردستان هەیە».

لەسەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، تائێستا ململانێی سیاسیی لە کوردستان دەستیپێکردووە، لە مانگی ئەیلولی (٢٠٠٩)ەوە تاوانی سیاسی دەرهەق بە دۆستان‌و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان شێوازی راستەوخۆی وەرگرت‌و گەیشتە ئاستی رفاندن‌و بریندارکردن‌و تەقەلێکردن‌و پاکتاوکردنی جەستەیی.

کەمال رەئوف، نووسەرو رۆشنبیر، پێیوابوو؛ ماوەیەکی زۆرە دیاردەی تیرۆری سیاسیی لە کوردستان نەمابوو، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا سەریهەڵداوەو وەک سەرەتایەک بەدیدەکرێت، کە بە دوو ئاراستە کاردەکات،



# لە خولی گرێدانیدا تەنیـ...

## پەرلەمانی کوردستان لـ...

راپۆرتی، بەرهەم خالید

پەرلەمانی کوردستان خولی گرێدانی خۆی کۆتاییپێهێناو پشووی زستانەی دەستپێکرد، بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەک دەربکات، تەنانەت بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمیش پەسەندنەکراوە، ئەوەش بە بۆچوونی چاودێران سستی پەرلەمانی کوردستان دەردەخات بەتایبەت کە ئەم خولە لەوانەی پێش خۆی جیاوازە، بە حوکمی بوونی ئۆپۆزسیۆن تێیدا، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنیش تەنیا لەسەر ئەوە کۆکن، کە پەرلەمان نەیتوانیوە بە ئەرکی خۆی هەستێت.

دوای دانیشتنی پرۆتۆکۆڵی سوێندخواردنی ئەندامانی نوێی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠)ی ئابی رابردوودا، پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩\٩\٨) یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی گرێدا، ئەوەش بە سەرەتای تەمەنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دادەنرێت، کە رۆژی (٢٥)ی تەمموزی رابردوو هەڵبژێردرا، هەفتەی رابردووش پەرلەمان کۆتا دانیشتنی خولی گرێدانی یەکەمی ئەنجامدا، کە (١٣)ەمین دانیشتنی بوو لە چوار مانگی تەمەنیدا، بەبێ ئەوەی هیچ پرۆژەیاسایەک پەسەند بکات.

دانا سەعید سۆفی، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کوردستانی، ناکۆک نییە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە پەرلەمان بە سست لە قەڵەم دەدەن‌و پێیوایە؛ «پەرلەمانی کوردستان لە خولی گرێدانیدا ئەکتیڤ نەبووەو ژمارەیەکی کەم دانیشتنی ئەنجامداوە»، بەڵام درەنگ پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بە هۆکار دەزانێت‌و دەڵێت: «لەبەرئەوەی لیژنەکانی پەرلەمان زۆر درەنگ پێکهێنران‌و کاروبارەکانیش پەیوەستە بەو لیژنانەوە، بۆیە کارەکانی پەرلەمان بەشێوەیەکی گشتیی دواکەوت‌و دەتوانم بڵێم نزیکەی دوو مانگە پەرلەمان بە فیعلیی کەوتووەتە کار».

لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بۆیەکەمجار ئۆپۆزسیۆن توانی بە قورساییەکی باشەوە بچێتە پەرلەمانی کوردستانەوەو لە کۆی (١١١) کورسی توانییان (٣٥) کورسی بەدەستبهێنن، ئەوەش بووە جێگای هیوای هاوڵاتییانی کوردستان بۆ ئەوەی فرە رەنگیی بکەوێتە پەرلەمانەوە، بەڵام تائێستا پەرلەمان بەگشتیی‌و ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی نەیانتوانیوە لە ئاست خواستی دەنگدەراندابن.

ڕێبین رەسوڵ، رۆژنامەنووس‌و چاودێری سیاسی، لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ رۆژنامە، سستی پەرلەمانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە لیستی دەسەڵات لە پەرلەماندا گەمەکە بەشێوەیەک بەڕێوەدەبات کە ئۆپۆزسیۆن سەری لێبشێوێت، بۆیە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە خۆی ڕێکبخاتەوەو خۆی لەو گەمە سیاسییانە دەربازبکات، بۆئەوەی هەیبەتی ئۆپۆزسیۆنبوون لە یەکەم ئەزموونیدا شکست نەهێنێت.

لەلایەکی دیکەوە نەریمان عەبدوڵڵا قادر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ پەرلەمان لەماوەی چوارمانگی تەمەنیدا سست بووەو نەیتوانیوە چالاک بێت، ئەگەرچی جیاوازیی هەیە لە خولەکانی پێش خۆی، هۆکاری سستییەکەش دەخاتە ئەستۆی لیستی کوردستانی، کە خاوەنی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانن، ئەویش لە ڕێگەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە، کە دەسەڵاتی تەواوی داوەتە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ بانگهێشتنی دانیشتنەکان‌و ڕێکخستنی بەرنامەی کارو لیژنەکان‌و دەڵێت: «سەرەڕای ئەوەش ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی ڕۆڵی هەبێت لە چاودێریکردنی حکومەت‌و کاربکات لە لیژنەکاندا، کە لە خولەکانی پێشتردا نەبووە، بەڵام لە ئاست



## ـــوەندییەکانی خۆیو لایەنە سیاسییەکان بخشێنێتــەوە»

# ـــەر چی لە ناوەوەی هەرێم؟

لەدەستدا، ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ هاوپەیمانییەتی کوردستان هەیە، بەوپێیەی ئەوان زیاتر ئەرک دەخەنە سەر بەرامبەریانو کەمتر گوێ بە مافی بەرامبەرەکەیان دەدەن.

عەبدولستار مەجید بەرۆژنامەی راگەیاند: «هەرشتێک پەیوەندیی بە چارەنووسی کوردو هاوڵاتییانی هەرێمەوە هەبێت، ئەوا بێگومان پێویستی بە هاوهەڵوێستییە، واتــە لیست جیایی کاریگەریی نابێت


**سامی ئەتروشی:**

**ناکرێت سازش لەو دەستکەوتانە بکەین، کە کورد لەماوەی رابردوودا بەدەستی هێناوە، بەڵام ئەوەش گرنگە ئەو یەکریزییەی بۆ بەغدا داوای دەکەین لەناوەوەی هەرێمیش رەنگبداتەوە**



**جەعفەر ئیبراهیم:**

**گۆڕان ئێستا هێزێکی سیاسیی پەرلەمانییو دیموکراسییە لە کوردستان ئەگەر ئەوان ژیانی سیاسییان لە مەترسیدایە، یان فشاریان لەسەرە دەتوانن داوای کۆبوونەوە لە پارتیو یەکێتی بکەنو پرۆژەیەک بۆ ئەو مەبەستە بخەنە بەردەستیان**



لەسەر هاوڕابوون بۆ کێشە هاوبەشەکانی نێوان لیستە کوردییەکان لە بەغدا، بەڵام دەبێت هاوپەیمانی ئەوە بزانێت ناکرێت چیتر لیستەکانی دەرەوەی خۆی لە مافە سەرەکییو سیاسییەکان بێبەش بکات، ناکرێت چیتر ئەو لیستانە لەژێر فشاری سیاسییو مەعنەویو مادیی ئەواندابن».

لــەوبــارەیــەوە، عەبدولستار مەجید رایــدەگــەیــەنــێــت: «پــێــویــســت دەکــات سەرکردایەتی ئێستای کوردستانو لیستی هاوپەیمانی چاو بە هەڵوێستەکانی خۆی بەرامبەر حیزبو لایەنەکانی نــاوەوەی هەرێم بخشێنێتەوە. ئەوەی بەخۆیانی رەوا دەبینن لەسەر ئاستی عێراق، لەسەر ئاستی هەرێمیش لە لایەنەکانی دیکەی هەرێمی زەوت نەکەن، بۆ نموونە یەکێتیو پارتی زۆر باسی تەوافوقی سیاسیی دەکەن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، ئەی بۆچی لەناوەوەی هەرێم رەچاوی ئەو مەبدەئە ناکەن لەگەڵ لایەنە کوردییەکان، یان ناکرێت لەپرسە گرنگو هەستیارەکاندا پرس بەلایەنەکانی دیکە نــەکــەن، کەچی بەرپرسیارێتی دۆخــەکــەش بخەنە ســەر شانی هەموو لایەنەکان».

### بەغدا، شوێنی تێپەڕاندنی ناکۆکیی ناوخۆیی

لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکانی لیستی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لەناوخۆی هەرێمدا دۆخێکی شلۆقو ئاڵۆزی وەرگرتووەو بەرەدوامبوونی حاڵەتەکە بە بڕوای بەشێک لە چــاودێــران مەترسیی لەسەر ئاستی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بەرپرسانی پارتیو یەکێتی ئەو حاڵەتە بە تەندروست دەزانن لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، پێشبینوایە دۆخی ناوخۆ بەهەر شێوەیەک بێت، دواجــار نوێنەرانی کورد لە بەغدا تەشەنوجاتی ناوخۆیی جێدەهێڵنو بە ناچاریی لێکنزیکدەبنەوە.

فــەریــد ئــەســەســەرد، ئــەنــدامــی سەرکردایەتیو بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، وتــی: «ئەو هەلومەرجەی لە هەرێمدا لە ئارادایە جیاوازە لەوەی بەغدا، ئەوەی هەرێم لەسەر پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن وەستاوە، کە پەیوەندییەکی ئاڵۆزەو لە هەموو دونــیــاش هــەروایــە، بۆ ئــەوەش نموونەی ئەو دوو بەرەمان هەیە لە ئێران، لە تورکیا، لە ئوردنو ئیسرائیل، کە هەمیشە پەیوەندییەکی نادۆستانەیە، واتــە ئەمە دیاردەیەکی گشتییەو بە کەس دەستکاریی ناکرێت، بــەڵام بێگومان ئــەوەی بەغدا بەرگێکی نەتەوەیی وەردەگرێتو دەچێتە خانەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، کە دواجار هەموویان لەسەری کۆک دەبن.

ئەسەسەرد بڕوای وایە؛ ئەو پەیوەندییەی ئێستا لەنێوان لیستی کوردستانیو گۆڕان لەناوخۆی هەرێمدا هەیە، زۆرجیاواز دەبێت لەو پەیوەندییەی لەسەر ئاستی بەغدا دروســت دەبێتو وتی: «نابێت کاتەکان تێکەڵاوی یەکتر بکرێت، لێرە کێبڕکێ لە ئارادایە، بەڵام لە بەغدا کوردەکان کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر ناکەن، بەغدا شوێنێکە هەموو گروپە کوردییەکان لێکنزیکدەکاتەوەو ئەوەی لە یەکتریان جیادەکاتەوە بارودۆخی هەرێم دەبێت.

ئەو تەشنوجەی نێوان ئەو دوو لایەنە رەنگە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن زیاتر بێت، بەڵام پاش هەڵبژاردنەکان کۆتایی دێت».

جەعفەر ئیبراهیم، سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، ئەوە ئاشکرا دەکات؛ کە توندوتیژیی هەبووە لەنێوان دەسەڵاتو لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام بەبڕوای ئەو، ئەو توندوتیژییو کێشە ناوخۆییانە تائێستا کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردو مەترسییان لەسەر ئاستی ناوخۆیی نەبووە.

سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی رایگەیاند: «یەکدەنگیی بەغدا، خزمەت بە هەموو لایەنەکان دەکات بە دەســەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش، هەڵوێستی هەموو لایەنەکانیش لەناوەوەی هەرێم بە کوردو تورکمانیو مەسیحیو پێکهاتەکانی دیکە دیــارە، کــەواتــە ئێستا ئــەرکی هەموو لایەنەکانە بە پارتیو یەکێتیو گۆڕانەوە چۆن بتوانن بەیەکەوە بەرنامەیەک دابنێن، کە توندوتیژییو ناکۆکییە ناوخۆییەکان تێپەڕێننو ئەم حاڵەتە نەبێتە سەنگەرێک دژی یەکتر لە بەغدا».

لەبارەی بارگرژییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانییو بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەری دەزگای هەڵبژاردنی پارتی وتی: «دەبێت خۆگونجاندن هەبێت، رای جیاواز لەناوخۆی هەرێم، خۆپیشاندان لە شارۆچکەیەک، رەخنەو هێزی جیاواز سیمای کلتوورێکی باشەو مەترسیی نین لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردی. گۆڕان ئێستا هێزێکی سیاسیی، پەرلەمانییو دیموکراسییە لە کوردستان، ئەگەر ئەوان پێیانوایە ژیانی سیاسییان لە مەترسیدایە، یان فشاریان لەسەرە دەتوانن داوای کۆبوونەوە لە پارتیو یەکێتی بکەنو پرۆژەیەک بۆ ئەو مەبەستە بخەنە بەردەستی ئەو دوو لایەنە».

# ـــادات؟

هەبێت لەریزی هێزە ئەمنییەکاندا، هــێــزەکــانــی پــاراســتــنــی سنوریش لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ناوەندا بێت.

### بودجەی پێشمەرگە

لە برگەی (٥) لە مــادەی (١٧)ی یاسای بودجەی گشتیی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٧)دا هاتووە، کە بودجەی پاسەوانی بە رێککەوتنی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراقو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاریدەکرێتو لە برگەی (٧)ی مادەی (١٧)ی یاسای بودجەی ساڵی (٢٠٠٨)و برگەی (٩) لە مــادەی (١٧)ی یاسای بودجەی (٢٠٠٩)و ئێستاش لەبرگەی (٩)ی مــادەی (١٦)ی پرۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)دا هاتووە، کە بودجەی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق دەدرێـت، ئەویش بەپێی رێککەوتنی نێوان سەرۆک وەزیرانی بەغداو ســەرۆک وەزیــرانــی هەرێمی کوردستانو بەپێی ئەو رێوشوێنانەی دەستوور دیاریکردووە.

بــەڵام لەسەرجەم برگەکانی ئەو یاسایەدا دیارینەکراوە، ئایا بودجەی پاسەوانی هەرێم بەشێک دەبێت لە کۆی گشتیی بودجەی عێراق یان لە بودجەی سیادی یــان لە بــودجــەی وەزارەتـــی بەرگریی عێراق، بەڵام لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا سەرەڕای پێکهێنانی چەندین لیژنەی هاوبەشو دواترینیشیان لیژنەی ئاسایشو بەرگریی لە چوارچێوەی پێنج لیژنە باڵاکەی نێوان هەرێمو بەغداو چەندجار سەردانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی پێشووو دوا سەردانی بەرهەم ساڵح، سەرۆک وەزیرانی نوێو ئیمزاکردنی یاداشتی لێکگەیشتنی نێوان هــەردوولا، تائێستا هیچ رێککەوتنێکی کۆتایی ئەنجامنەدراوە لەسەر دۆسیەی پــێــشــمــەرگــەو یــەکــلایــیــکــردنــەوەی بــودجــەکــەی سیستمی رێکخستنو فەرماندەکردنییەوە.

هەروەک بودجەی خەمڵێنراو بۆ ئەو هێزە چەکدارانەی هەرێم (١٠٠)ملیۆن دۆلارە، بەپێی سەرچاوەیەکی حکومەتی هەرێمیش لە ئێستادا (١٥٪)ی بودجەی هەرێم بۆ مووچەی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەو زێــرەڤــانــی دەڕوات، ژمــارەیــەکــیــش بــەنــاوی خانەنشنی ئەیلولو گوڵانو پێشمەرگە دێرینەکانو خانەنشینی پێشمەرگەو ژنانی شاخو خانەنشنیەکانی ســەر بە وەزارەتـــی دارایــی هەن، کە ئێستا هەندێکیان بە پلەی سەربازیی خانەشنین دەکرێن بەو هیوایەی دوای ئەوەی بودجەی پێشمەرگە خرایە سەر حکومەتی ناوەندیی ئەم ژمارەیش مووچەکانیان بگوازرێتەوە سەر حکومەتی ناوەند.

### کێ فەرماندەی پێشمەرگەیە؟

بەپێی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە، بەڵام تائێستا بە رەسمیی دوو فەرماندەیی گشتیو فەلەک هەنو هەیکەلی تەواوەتی وەزارەتــی پێشمەرگە دانەنراوە، سەرەڕای ئەوەی هەردوو هێزی ئاسایش تائێستا سەر بە حیزبنو لەگەڵ ئــەوەی مووچە لە حکومەت وەردەگــرنو دەزگــای دژە تیرۆرو پاراستنو زانیارییش بەشێک لە هێزە چەکدارەکانن، بەڵام راستەوخۆ سەر بە دوو حیزبەکەنو نە حکومەتو نە پەرلەمانی هەرێم ئاگاداری جموجوڵو کارەکانی ئەو هێزانە نین، وەزارەتـــی ناوخۆش تائێستا کار بە دوو سیستمی جیاواز دەکــات، ئەمەش خاڵی لاوازی هێزە چەکدارەکانی هەرێمە بەرامبەر حکومەتی ناوەندیی، کە سوپایەکی تا رادەیەک یەکگرتووی هەیە، لە هەموو گفتوگۆکانیشدا دەبێت وەفدی هەرێم نوێنەری هەموو ئەو بەشانەی هێزە چەکدارەکانی تێدابێت لە فەرماندەییو فەلەکو وەزارەت.

بەلێکدانەوەی هەموو ئەو زانیارییانەی ســـەرەوە دەردەکـــەوێـــت کێشەی خەرجنەکردنی بودجەی پێشمەرگە ساڵانە لەلایەن حکومەتی ناوندەوە پەیوەندیی بە فرە فەرماندەییو فەرماندەکردنی ئەو هێز چەکدارانە راستەوخۆ لەلایەن حزبەوەویەکنەگرتنەوەی هەموو هێزە چەکدارەکانی هەرێم لەژێر یەک سوپاو فەرماندەدا بەناوی (هێزەکانی پاراستنی هەرێم)و زۆری ژمارەی پێشمەرگە کە نزیکەی نیوەی هێزە چەکدارەکانی هەموو عێراق دەبێت هۆکاری ئەوەیە کە تائێستا هەولێرو بەغدا نەگەیشتونەتە رێکەوتنو ئــەو دۆسیەیە بەهەڵەپەسێردراوی ماوەتەوە.

# دەنگدانی عێراقییەکانی دەرەوە لە مەترسیدایە

راپۆرتی، پشتیوان سەعدوڵڵا

ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێیوایە؛ ئەو (١٥) وڵاتەی کە دیاریکراون بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن تێیاندا کەمنو پێناچێت سەرجەم عێراقییەکانی دەرەوە بتوانن بەشداریی پرۆسەکە بکەن، هاوکات تائێستا (٧) وڵات رەزامەندییان پیشانداوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن تێیاندا.

ســەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو وڵاتانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی عێراقییان تێدایە بەسوود وەرگرتن لە ژمــارەی ئەو عێراقییانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی رابــردوودا بەشدارییانکردووە، بۆمان دەرکەوت دەتوانرێت لە (١٥) وڵاتدا هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، ئەو (١٥) وڵاتەشی کە هەڵبژاردنیان تێدا دەکرێت کەمنو پێناچێت هەموو عێراقییەکان بتوانن دەنگبدەن، چونکە لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە خەڵکی عێراقیان تێدا نیشتەجێیە، قورسە ئۆفیس بکرێتەوە، بۆیە عێراقییەکانی وڵاتانی دیکە دەتوانن لەو وڵاتەی کە نزیکە لێیانەوە دەنگبدەن.

لەئێستادا نزیکەی (٢)ملیۆن دەنگدەری عێراقیی لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکاو ئێرانو وڵاتە عەرەبییەکاندا نیشتەجێن، ئەو وڵاتانەی کۆمسیۆن دیاریکردوون بۆئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان تێدا ئەنجامبدرێت، بریتیین لە (سوریا، ئەردەن، ئیمارات، لوبنان، میسر ، بەریتانیا، سوید، ئەڵمانیا، ئێران، ئەمریکا، دانیمارک، کەنەدا، هۆڵەندا).

بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی دەنگدانی عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق، نووسینگەیەکی لەهەولێر کردووەتەوەو نووسینگەکە (٣)ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆن بەڕێوەی دەبەن.

لەوبارەیەوە ســەردار عەبدولکەریم وتی: لیژنەیەکی (٣)کەسی لە ئەنجومەنی کۆمسیۆن پێکهێنراوەو بەرنامەیەکی تایبەت بۆ ئیدارەکردنی دەنگدانی عێراقییانی دەرەوە داڕێژراوەو لەسەر ئەو بنەمایە بــڕیــاردرا، ئۆفیسی بەڕێوەبردنی بەرنامەکە لە شــاری هەولێر بێت، لیژنەکەی هەولێر دەستبەکاربووەو لەئێستادا لە سەرەتای کارەکانیدایەو دوای ئــەوە بۆ ئەو (١٥)وڵاتــە ئۆفیس دادەنرێت، هەروەها لە رۆژانی داهاتوودا وۆرکشۆپێک بۆ ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە راسپێردراون بۆ سەرپەرشتیکردنی ئۆفیسی ئەو وڵاتانە.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن ئەوە دەخــاتــەڕوو، کە لە وڵاتانی دەرەوە قۆناغی تۆمارکردنی دەنگدەران نییەو ئەو هاوڵاتییانەی دەنــگــدەدەن، دەبێت بیسەلمێنن کە عێراقیینو زانیاریی ناویان لە کۆمسیۆن تۆماردەکرێت، دواتر تۆمارنامەیەکی تایبەت بۆ دەنگدەرانی دەرەوە دەکرێتەوەو هەریەک لەو دەنگدەرانە دەنگ بە پارێزگاکەی خۆی دەدات.

لەلایەکی دیکەوە فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بەوەکرد، لەو (١٥) وڵاتەی داوایانلێکراوە، تائێستا (٧) وڵاتیان رەزامەندییان پیشانداوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دەنگدەرە عێراقییەکان، ئەوانیش بریتین لە ( سوید، نەمسا، ئەڵمانیا، ئەردەن، ئەمریکا، دانیمارک، هۆڵەندا).

ئەوەیشی خستەڕوو، کۆمسیۆن رۆژی (١/١٠) وەکو دوا وادە بۆ بەدەستگەیشتنی رەزامەندیی ئەو وڵاتانە داناوە.

## «دەبێت سەرکردایەتی ئێستای کوردستان، چاو بە پەیــ

# یـەکـڕیـزیی بـەغدا، بەرامبــ

راپۆرتی، دلێر عەبدولخالق

**یەکهەڵوێستیی گروپە کوردییەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەدەرەوەی سنووری جوگرافیی هەرێمدا دروشمی هەرە دیاری سەرکردایەتی سیاسیی کوردە، لەناوەوەی هەرێمیش پەیوەندیی گروپە سیاسییەکان بەتایبەت دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لە دۆخێکی خراپ تا ئاستی پێکهەڵپڕژان، چاودێرانی سیاسیش بۆچوونی جیاواز لەمەڕ کاریگەریی ئەو دۆخەی هەرێمو ڕەنگدانەوەی لەسەر یەکڕیزیی بەغدا دەردەبڕن.**

### عەبدولستار مەجید:

### دەبێت هاوپەیمانی ئەوە بزانێت ناکرێت چیتر لیستەکانی دەرەوەی خۆی لە مافە سەرەکیی و سیاسییەکان بێبەش بکات، ناکرێت چیتر ئەو لیستانە لەژێر فشاری سیاسیی و مەعنەوی و مادی ئەواندابن



کۆی بەرپرسانی باڵای هەرێم، کە دواجار سەرکردە پلە یەکەکانی پارتیو یەکێتین، جەخت لەسەر یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی کورد دەکەنەوە لە بەغدا.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەفتەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی لەگەڵ دانیشتووانی ڕانیەو قەڵادزێ، گرنگیی یەکهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی لەمەڕ پرسە نەتەوەییەکان لەبەغدا ڕوونکردەوەو ئەو هاوهەڵوێستیەشی بە پاراستنو زیادکردنی دەستکەوتەکانی کورد لە عێراقی نوێدا گرێدا، هاوکات کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش ڕایگەیاند: «کورد قورسایی خۆی هەیەو یەکهەڵوێستیی لایەنە کوردییەکان لە بەغدا زامنی پاراستنی سەرجەم دەستکەوتە بەدەستهاتووەکانی کوردە لە عێراقدا».

### مەترسیی، دیوی ناوەوەی یەکدەنگیی

پێگەو قورسایی کورد لە عێراقدا، هاوتەریب لەگەڵ نفوسو دەنگی لیستە جیاوازەکانی کورد دەڕوات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕیارە لە (٧)ی ئازاری ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، چوار لیستە جیاوازە کوردییەکە (هاوپەیمانی کوردستان، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی) کێبڕکێ لەسەر دەنگەکانی کورد لە پارێزگاکانی هەرێمو چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق دەکەن، ئاماژە سەرەتاییەکان دەریدەخەن لیستی هاوپەیمانی کوردستانی (پارتیو یەکێتی) لەگەڵ لیستی گۆڕانی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی هەرێم، هەر لەئێستاوە لەململانێدان.

پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە، ململانێ ناوخۆییەکان، ناکۆکیی نێوان گروپە سیاسییەکان،فشاری دەسەڵاتی هەرێم لەسەر ئۆپۆزسیۆن، جەنگە جەستەییو سیاسییو سایکۆلۆژییەکانی نێوانیان کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو یەکهەڵوێستییەی کورد لە بەغدا پێویستییەتی؟ بەدیوێکی دیکەدا ئەو یەکدەنگییەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد جەختی لێ دەکاتەوەو بەگوێی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیدا دەچرپێنێت، بەرامبەر چ لێکتێگەیشتنێکی ژیانی سیاسییو دانوستانی ناوخۆییە؟

فەرید ئەسەسەرد، بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، هۆکاری جەختکردنەوەی هاوهەڵوێستیی سەرکردایەتی کوردستان بۆ لایەنە سیاسییەکان بەرامبەر بەغدا بۆ هەبوونی ئەو مەترسییە دەگەڕێنێتەوە، کە وەک بەرەیەک لە بەرامبەر نوێنەرانی کوردو دەسەڵاتی کوردی لە عێراقدا دروستبووەو وتی: «سەرکردایەتی کورد هەست بەو بەرەیە دەکات، کە لەبەردەمیەتیو زۆرجار دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ ئەو دەستکەوتانەی کورد لەو هەلومەرجەی ئێستا بەدەستی هێناوە، ئەم دۆخە وادەکات هەموو گروپە کوردییەکان یەکهەڵوێست بن، یان هەوڵبدەن چەترێکی نەتەوەیی بە ئامانجی لاوازنەبوونی پێگەی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەراندا هەڵبدەن».

بە بڕوای سامی ئەتروشی، ئەندامی لیستی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان یەکهەڵوێستی لایەنەکان پێویستەو ئەم باسەش هیچ قسەی دیکە هەڵناگرێت، چونکە وەک ئەو وتی: «ناکرێت سازش لەو دەستکەوتانە بکەین، کە کورد لەماوەی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە، بەڵام ئەوەش گرنگە ئەو یەکڕیزییەی بۆ بەغدا داوای دەکەین لەناوەوەی هەرێمیش ڕەنگبداتەوە».

ئەو پەرلەمانتارەی عێراق ئاماژە بەوەشدەکات؛ هەرێم نەیتوانیوە نموونەیەکی جوانی دیموکراسیی نیشانی عێراق بداتو دەریبخات فرەحیزبی بوونی هەیە، هەر بۆ رووکەش نییە، بەڵکو لەبنەڕەتدا فۆرمێکی دروستی ژیانی سیاسیی بوونی هەیە، کە بۆ یەکلاییکردنەوەی بڕیارە سیاسییەکان پرسو ڕاوێژ بەهەموو لایەنەکان دەکرێتو وتی: «زۆرجار عەرەبەکان پێمان دەڵێن؛ ئەو دیموکراسییەتەی بۆ عێراقی داوا دەکەن، تائێستا لە هەرێمدا نییە، کەی توانیتان ئەو دیموکراسییەتە لە هەرێمدا پەیڕەو بکەن، ئەوکات بۆ عێراقیشی داوابکەن».

### سیاسەتی دووفاقیی

لێکۆڵەرێکی سیاسیی کورد پێیوایە؛ ئەو یەکدەنگییەی پارتیو یەکێتی بۆ بەغدا داوای دەکەن لەسەر ئەو خاڵە وەستاوە، کە ئەو دوو حیزبە دەستبەرداری سیاسەتی دووفاقی خۆیان بن لەناوەوەی هەرێم، واتە لە هەرێم بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ لایەنەکان بکەنو لە عێراقیش بەشێوەیەکی دیکە.

د.بورهان یاسین، لێکۆڵەری سیاسیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «مافی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانە داوا بکەن ئەو یەکڕیزییەی لە بەغدا داوایان لێدەکرێت، لەسەر سیاسەتی دووفاقی بەرهەم نەهێنرێت، ناکرێت لەناوەوەی هەرێم مامەڵە لەگەڵ گۆڕان نەکەن، یان تەنگیان پێ هەڵبچنن، نانیان ببڕنو فشاریان بخرێتە سەر، کەچی بۆ بەغدا بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ بکەنو داوای هاوکارییو یەکڕیزییان لێبکرێت».

لە بەرامبەردا، جەعفەر ئیبراهیم، سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە سیاسەتی حیزبەکەی ئەوان دژی هیچ گروپێکی سیاسیی ناوخۆی هەرێم بێتو دەڵێت: «بۆچوونی پارتی دیارە، کە ڕێز لە هەموو لایەنە سیاسییەکانو فرەحیزبیی وەک ئەزموونی دیموکراسیی دەگرین، ئەم بڕوایەش فەزایەک دەستەبەر دەکات، کە هەموو لایەنەکان چ دەسەڵات، یان ئۆپۆزسیۆن بە ئازادیی ئیشوکارەکانی خۆیان بکەن، ئەگەر هەر گرفتێکیش دروستبێت، ئەوا پێویستە دەسەڵاتی دادوەرییو پەرلەمانی کوردستان، یان مەرجعیەتی دەسەڵات وەک سەرۆکایەتیی هەرێم تەداخول بکاتو ڕێگە لە هەر پێشێلکارییەک بگرن، کە لایەنێک بەرامبەر لایەنێکی دیکە دەیکات».

### ئەزموونی تاڵ، هاوپەیمانیی کوردستان

کارگێڕێکی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کە حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی عێراقدا بە هاوبەشیی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان (پارتیو یەکێتی) دابەزینو دوو کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا، یەکێک لە پەرلەمانتارانیشیان، کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکە بوو بە ناوی (ئەحمەد ڕەزا) لە تەقینەوەیەکدا لە پەرلەمانی عێراق گیانی

## لـە پـەراوێـزی گـفتوگـۆی بـودجـەی (٢٠١٠)ی عێراقدا

# بـۆچـی، سێ سـاڵە بەغـدا بـودجـەی پێشـمـەرگـە نـ

راپۆرتی، بەهادین یوسف

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، بەشی پێشمەرگە لە بودجەی گشتیی عێراق دەستنیشانکراوەو خەرجکردنیشی بەستراوە بە ڕێککەوتنی نێوان سەرۆکی حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمەوە، بەڵام خەرجنەکراوە، ئەویش بەهۆی ڕێکنەکەوتنی هەردوولا لەسەر ژمارەی پێشمەرگەو جۆری چەکەکانیو بەرپرسیارێتیی ئەو هێزە، سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی ناوەندی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت ئەو هێزانە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکومەتدا بن، نەک دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمو جۆرو ئەرکی ئەو هێزە وەکو پاسەوانی هەرێمی کوردستان بێت.

لەرابردوودا چەندین کۆبوونەوە لەنێوان بەرپرسانی سەربازیی هەرێم لەگەڵ بەرپرسانی سەربازیی حکومەتی ناوەندا ئەنجامدراوە لەسەر گواستنەوەی ئەرکی هێزی پێشمەرگە بۆ پاسەوانی هەرێم، سەرەڕای ئەوەی لە یاسای بودجەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨-٢٠٠٩) بودجەو میزانییەی پێشمەرگە خراوەتە ناو بودجەوەو ڕێککەوتن لەسەر ئەو پرسە سپێردرا بە ڕێککەوتنو گفتوگۆی نێوان سەرۆک وەزیرانی عێراقو سەرۆک وەزیرانی هەرێم، بەڵام تائێستا هیچ ڕێککەوتنێکی کۆتایی لەنێوان هەردوولادا ئەنجام نەدراوەو کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولاش، سەرباری پێکهێنانی لیژنەی باڵاش لەسەر ئاستی ناوەندو هەرێم، مەسەلەی پێشمەرگە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

بەپێی ئەو دۆکیومێنتانەی بەردەستی ڕۆژنامە کەوتوونو تایبەتن بە گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا، کێشەی گەورە ژمارەی پێشمەرگە بووە، کە لە سەرەتاوە ژمارەی بە هێندەی هەموو هێزی بەرگریی عێراق بووە، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە (٧٠)هەزار پێشمەرگەی یەدەگ هەبووە بێئەوەی ئەرکو فەرمانیان دیاریکرابێت، بەو پێیەش نوێنەرانی کورد داوایانکردووە میلاکی (١٩٠)هەزار پێشمەرگە جێگیربکرێت، لە کاتێکدا بەرپرسانی بەغدا کاریان لەسەر ئەوە کردووە شتێک نەبێت بەناوی پێشمەرگەو تەشکیلاتیان وەک هێزی پۆلیس وابێتو هیچ هێزێک بەناوی سوپاوە لە کوردستاندا نەبێت، جووڵانەوەو کاری هێزە سەربازییەکانیش لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا بن.

### ژمارەی پێشمەرگە

کێشەی سەرەکیی نێوان حکومەتی ناوەندیو هەرێم لەسەر ژمارەی پێشمەرگەیە، کە لەئێستادا پارتیو یەکێتی هەریەکەیان (١٠٠)هەزار پێشمەرگەیان لەژێردەستدایە، سوپای عێراق لەئێستادا تەنیا (٢٦٠)هەزارە، بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی زانیاریی نێودەوڵەتی (ستراتفۆر)، کە ئاژانسێکە زانیاریی شیکارییو پێشبینیو ئاگادارکردنەوە پێشکەشدەکات، ئاماژەی بەوەکردووە؛ ئێستا کوردەکان (٧,٢٪)ی سوپای عێراق پێکدەهێنن، کەمتر لەو (١٨-٢٠٪)ی دەستووری وڵات داوایکردووە. هێشتا (٢٠٠)هەزار پێشمەرگە ماون کە دەبێت لەگەڵ سوپای عێراقدا یەکبخرێن.

لەهەموو گفتوگۆو دانوستانەکاندا وەفدی کوردی کاریان لەسەر ئەوە کردووە، کە دوای جێگیرکردنی ناوی پاسەوانی هەرێم، دەسەڵاتی ئەمنیی لە هێزە فرەڕەگەزەکانەوە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، یان سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم بگوازرێتەوە، نەک بۆ پارێزگاکان، بەوپێیەی دەسەڵاتی ئەمنیی زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق ڕادەستی پارێزگاکان کراوەتەوە.

هەروەک نوێنەرانی هەرێمی کوردستان داوایانکردووە، ژمارەی فیعلیی پێشمەرگە بکرێت بە (١١٠) هەزارو (٥٠) هەزار یەدەگو (٣٠) هەزار بۆ خانەنشینو پێشمەرگەش هەموو جۆرە چەکێکی هەبێت، لەبەرامبەردا وەفدی بەغدا سووربوون لەسەر ئەوەی کە نابێت پاسەوانی هەرێم ئەو هەموو جۆرە چەکەی هەبێت وەک هەر هێزێکی دیکەی عێراقو تەنیا هێزێکی ئەمنیی ناوخۆیی بێت.

بۆیە دواجار حکومەتی ناوەندی ڕازی بووە لەسەر ئەوەی لەکۆی ئەو (١٩٠) هەزار پێشمەرگەیەی هەرێم (٩٠) هەزاری خانەنشین بکرێتو (١٠٠) هەزار هێزی فیعلیی بهێڵرێتەوەو لەو ژمارەیەش (٣٠) هەزار لە دوو فیرقەی سەربازی سەر بە سوپای عێراقدا ڕێکبخرێنەوەو (٧٠) هەزاریان لە چوارچێوەی هێزەکانی پاراستنی هەرێمدا بمێننەوەو لەگەڵ باشبوونی بارودۆخی ئەمنیشدا ئەو ژمارەیە کەمتربکرێتەوە، بەڵام تائێستا ئەو دوو فیرقەیە پێکنەهێنراوەو ئەو ژمارەیەش خانەنشین نەکراون، بۆیە ژمارەی پێشمەرگە کێشەی بەردەم خەرجکردنی بودجەکەیەتی.

بەپێی تازەترین زانیارییش، عێراق ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی سەربازیی ئیمزاکردووە، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەش دەبێت ژمارەی هێزە چەکدارەکان گونجاو بێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوواندا و هەر پارێزگایەک بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی ژمارەی هێزی چەکداری هەبێت، بۆیە ئێستا نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران، کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، کە هەرێم (٣٠-٣٥) هەزار چەکداری



نمایشی ژمارەیەک پێشمەرگەی یەکێتی
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# د. کامەران مەنتک، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان:

# دەسەڵاتی کوردی تائێستا شکست بە سەرکەوتن دەفرۆشێتەوە

**بەیانەکەی کۆشکی سپی بەیانێکی گشتگیر بوو بۆ هەموو عێراق، دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لە خۆی گەورەتری کرد بۆ ئەوەی شکستەکەی خۆی پێ بشارێتەوە، بۆ ئەوەی ئاوی رووی دەسەڵات نەڕژێت، ئەگەرنا چۆن لە هەستیارترین قۆناغدا ئامادەی بە تەنیا بەیانێک دەستبەرداری گەورەترین شت بێت!**

سازدانی: رۆژنامە- هەولێر:

**د.کامەران مەنتک مامۆستا لە کۆلێژی یاساو زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە تێپەراندنی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق شکستێکی گەورە بوو بۆ کوردو دەسەڵاتی سیاسیش ئەو شکستە بە سەرکەوتن دەفرۆشێتەوە.**

**هەروەک باسی بەیاننامەکەی کۆشکی سپی دەکاتو پێیوایە؛ دەرکردنی ئەو بەیانە تەنیا بۆ رازیکردنی رای گشتیی کوردیو دەرهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی کوردە لەو ئیحراجییەی تێیکەوتوون».**

**رۆژنامە: ئەگەر لە پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە دەستپێبکەین، دوو خوێندنەوە بۆ ئەو یاسایە کرا، یەکێک پێیوایە؛ یاساکە دەستکەوتە بۆ کوردو یەکێکیش پێیوایە، کە یاساکە شکستە بۆ کورد، کام بۆچوونیان راستە؟**

* لە هەرێمێکی وەکو کوردستان، کە لە فەوزایەکی سیاسیدا دەژی، زۆر ئاساییە دوو بیرکردنەوە هەبێت، بیرکردنەوەیەک بۆ دەقی یاساکەو بیرکردنەوەیەکیش خوێندنەوەیە بۆ یاساکە، ئەو کەسانەی رەخنە لە یاساکە دەگرن، ئەوانەن کە مامەڵە لەگەڵ دەقی یاساکەدا دەکەن، نەک مامەڵە لەگەڵ ئەو خوێندنەوە سیاسییانە بکەن، کە بۆ دەقەکان دەکرێن. پێموایە؛ یەکێک لە ئامرازەکانی هەڵخەڵەتاندنی رای گشتیی ئەوەیە، کە تۆ ژێرکەوتنەکان بە سەرکەوتن نیشان بدەیت، خوێندنەوەی یەکەم کە هەوڵدەدات یاسای هەڵبژاردن بە سەرکەوتن نیشان بدات ئەو هەوڵە نەزۆکانەیە، کە دەیەوێت ئەو شکستە پشتشکێنەی لە بەغدا روویـدا وەک سەرکەوتن بە خەڵکی بفرۆشێتەوە.

لـە یـاسـاکـەدا هـەشـت مـادە هەموارکراوەتەوە، هەر هەشت مادەکە لە بەرژەوەندی کورددا نییە، بۆ نموونە لە مادەی چواردا بڕگەیەک هەیە باس لە راگوێزراو دەکات، دەڵێت: راگوێزراو ئەو کەسانەن کە لە (٢٠٠٣/٤/٩) بۆ شارەکانی دیکە راگوێزراون، کەواتە لەو یاسایەدا راگوێزراو ئەو بەعسییانەن لە ئەنجامی رووخانی رژێمی بەعسدا لە ترسی تۆڵەی خەڵک هـەڵاتـوون، چونکە ئەوانەی لە دوای (٢٠٠٣)وە هەڵاتن زۆرینەیان ئەو بەعسییانەن، کە ئەوەندە خەڵکیان ئازارداوە لەوە دەترسن خەڵک تۆڵەیان لێبکاتەوە، لەبەرئەوە شارەکەی خۆیان جێهێشتووە، ئێستا تەنیا ئەوانە بە راگوێزراو دانراون، بەڵام خۆدەزانین لەوەتەی هاتنی رژێمی بەعسەوە کورد راگوێزراوە، بە هەزاران لەوانە تائێستا نەگەڕاونەتەوە، ئەی بۆ باسی ئەو کوردانە ناکرێت؟ ئەی ئەوە تەنازولکردن نییە بۆ بەعسییەکان! لەیەکێک لە بڕگەکانی مادەی هەشتدا دان بەوەدا نراوە، کە کورد لە کەرکوک گۆڕانکاریی دیمۆگرافی کـردووە، رەنگە تائێستا هەزاران کەرکوکی لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی دانیشتوونو ناتوانن بگەڕێنەوە کەرکوک، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاوانەیان بخەیە پاڵ، کە گۆڕانکاریی دیمۆگرافیان کردووە، پێموایە؛ ئەوە شکستێکی تا بڵێی گەورەیە.

دەسەڵاتی سیاسیی بۆ ئەوەی خۆی لە شکستەکانی بدزێتەوە بە ناچار ئەو شکستە بە سەرکەوتن دەفرۆشێتەوە، ئەوان لە سەرەتا وایان نیشانی خەڵکدا کە لە بەغدا شەڕێکی پەرلەمانی دەکەنو سەرکەوتوون، بەڵام دواتر بە شکستێکی گەورەوە هاتنەوە، ئێستا چۆن فێڵ لەو خەڵکە بکەن، کە پێشتر ئامادەیان کردوون بۆ سەرکەوتن، زۆر رێگە هەیە، یەکێک لەو رێگەیانە پاساوهێنانەوەیە، سەرکردەیەک لە شەڕ دەدۆڕێـت، دەڵێت: لەبەرئەوە دۆڕام، چونکە هێزەکەی دیکە لە ئێمە بەهێزتر بوو، لای ئێمەش کە دۆڕایـن، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: فێڵی سیاسییان لێکردین، تێناگەم سەرۆکی گەورەترین دەزگا لە کوردستان بڵێ فێڵیان لێکردین، ئەسڵەن ئەوە زمانی سیاسیی نییە، زمانی کەسێکە لە رووداوەکـان تێناگات. لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لە بەغدا پیرۆزبایی لە خەڵک دەکـات بە بۆنەی سەرکەوتنەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سیستمی سیاسیی لە کوردستان سیستمێکی ناکاملو نارێکەو وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو کارناکات.


لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێن؛ ئێمە فێڵمان لێکرا، لە بەغدا پیرۆزبایی دەکەن، سەرۆکی هەرێم هەڕەشە دەکاتو دەڵێت: ئێمە بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەین، دواتریش بایکۆتی ناکاتو بەشداریی دەکاتو لە ئێستاشەوە سەردانی ناوچەکان دەکات وەک بەشێک لـە پڕوپاگەندەکردنی سیاسیی.

**رۆژنامە: ئەگەر قسە لەسەر مادەو بڕگەکانی یاساکە بکەین، چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر پرسی کورد جێدەهێڵن؟**

* کێشەی کـورد لە عێراق خەریکە بچووک دەکرێتەوە لە کێشەی (مواتەنەیەکی ناقس)، ئەوەندەی بایەخ بەوە دەدرێت شەڕ لەسەر کورسییەک بکرێت، ئەوەندە بایەخ بەوە نادرێت باری ناوخۆ چاک بکرێت. کوردستان بە زۆر بە عێراقەوە لێکنرا کە رەئی گشتیی خەڵک لەگەڵ ئەوە نەبوو، لە (٢٠٠٥)یش کاتێک راپرسی کرا زۆرینەی هـەر زۆری کـورد بەیەکەوەبوونیان لەگەڵ عێراق رەتکردەوە، پێموایە؛ تەنیا بڕیاردان لەسەر مانەوە لەگەڵ عێراق زیانێکی زۆر بە کورد دەگەیەنێت، نەک یاسایەکی هەڵبژاردن کە نەک ئامادە نییە مافەکانی کورد بدات، بەڵکو هەوڵدەدات ئینتقاسی مافەکانی کوردیش بکات وەکو مواتەنەیەک لە عێراق.

ئێستا ژمارەی کورد لە یاساکە کەم کـراوەتـەوە، بە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم چەند کورسییەک لە پارێزگای موسڵ زیـاتـرە، هـەر سـێ پارێزگاکە ناگەن بە ژمارەی کورسییەکانی بەغدا، کەواتە تۆ چ لافێک بە سەرکەوتنو هێزی خۆتەوە لـێـدەدەیـت؟ کەواتە قەزیەی کوردی لە قەزیەیەکی نێودەوڵەتییەوە بچووک دەکرێتەوە بۆ مەسەلەیەکی زۆر بچووک، ئەو بچووککردنەوەیە لە راپەڕینەوە تائێستا کاری لەسەر دەکرێت، هەر لە دروستکردنی ناوچەی ئارامەوە کە بچووککردنەوەی قەزیەی کورد بوو لە سنوورێکی بچووکی کوردستاندا، کە باشووری کوردستانە. لەوکاتەوە تائێستا وردە وردە دەسەڵاتی سیاسیی کورد بووەتە ئەو هێزەی دەیەوێت قەپاغێک بۆ ئەو بورکانە بدۆزێتەوە، کە لە بورکانەکەی راپەڕینی (١٩٩١)ەوە کەوتووەتەوە، واتە دەسەڵاتی کوردی بەداخەوە لەگەڵ هێزە هەرێمیو ناوچەییەکان بووەتە بەشێک لە هەوڵەکانی سەرنگومکردنەوەی ئەو بورکانەی لە راپەڕینەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەوەتا لە راپەڕینەوە تائێستا رۆژ بەڕۆژ قەزیەی کورد بچووک دەکرێتەوە،



مەترسیداترین کێشەش لـە یاسای هەڵبژاردندا بچووککردنەوەیەکی زۆر خەتەرناکی قەزیەی کوردە لەعێراق.

**رۆژنامە: گوتاری سەرکردایەتی سیاسیی کورد وەک دوو گوتاری جیاواز تەماشا دەکرێت، گوتارێک کە تاڵەبانی خاوەنیەتی نەرمونیانەو گوتارێک، کە بارزانی ئیشی لەسەر دەکات توندە، ئەو خوێندنەوەیە راستە؟**

* یەکەمیان موجامەلەکردنێکی بێ تام، ناکاتە نەرمیی نواندن لە سیاسەت، کاتێک تۆ وەکو نوێنەری نەتەوەیەک بە جۆرێک قسە دەکەیت کە ئەندامانی ئەو نەتەوەیە شەرم لە خۆیان دەکـەن کە ئەندامێکن لەو نەتەوەیە، ئەوە نەرمی نواندن نییە لە سیاسەت، ئەوە گاڵتەکردنە بە سیاسەت.

ئێمە دەبێت تەماشای خەتی سیاسیی کـورد بکەین، مـام جـەلال لـە بەغدا وەک کورد کار ناکات، چونکە ئەو بۆ نوێنەرایەتی عێراق هەڵبژێردراوە، لە چوار ساڵی رابردووشدا ئەوەندەی هەوڵیدا بیسەلمێنێت کابرایەکی عێراقییە، ئەوەندە هەوڵی سەلماندنی کوردبوونی خۆی نەداوە، ئێمە هەمووممان دەڵێین؛ زمانی کـوردی زمانی رەسمییە لەپاڵ زمانی عەرەبی لەعێراق، ئەوانە کەی زمانی کوردییان بەکارهێنا، جارێک لە پەرلەمان بەکاریانهێنا ئەویش چەند رستەیەک بۆ دیعایەی شەخسی. دووەمیان: سیاسەتی سەرۆکی هەرێم ئەو سیاسەتە توندە نییە، کە باس دەکرێت، لەبەرئەوەی سیاسەتی توند ئەوە نییە بێیتە سەر شاشەکانو هەڕەشە بکەیت، سیاسەتی توند ئەوەیە لەسەر هەڵوێستەکانی خۆت تەنازول نەکەی، من پێموایە؛ ئەو زمانە لەڕووی ئیعلامییەوە کارکردنە لەسەر رای گشتیی کوردی پێموایە؛ سیاسەتێکی ملکەچکردن بۆ فشارەکان هەیە چ لە بـەغـداو لە کوردستاندا.

رەنگە زمانەکان جیاوازبن، بەڵام سیاسەتەکە یەک سیاسەتە، بۆ نموونە لە یاسای هەڵبژاردنەکان نە مام جەلال ڤیتۆی بەکارهێناو نە کاک مەسعودیش هەڕەشەکەی جێبەجێکرد.

کـەواتـە سیاسەتەکەیان بە دوو شێوەی جیاوازە، بەڵام یەک سیاسەتە، ئەویش قبوڵکردنی فشاری دەرەکییو تەنازولکردن بۆ زۆر شت، کە شەقامی کوردی ئامادەیی ئەو تەنازولەی تێدا نییە.

**رۆژنامە: ئەو فشارە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

* بۆ وەڵامـدانـەوەی ئەو پرسیارە دەبێت لەوێوە دەستپێبکەین، کە ئایا لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی کوردی سیاسەتێکی کـردووە؟، پێموایە سیاسەتێکی نییە، چونکە ئەگەر سیاسەتت هەبوو ناکەویتە ژێر فشاری لەو شێوەیە.

بزوێنەری سیاسەتی کـورد هێزە هەرێمیو ناوچەییەکانە، سیاسەتی کورد بەرپەچدانەوەیە بۆ سیاسەتی ئەوان. کاتێک خۆت سیاسەتت نەبوو دەکەویتە ژێر فشاری تەواوی لایەنەکانی دیکە.

بۆ نموونە دەسەڵاتی کوردی سیاسەتی ئەمریکا لە کوردستان پیادە دەکـات، ئەگەر ئەو سیاسەتە لە بەرژەوەندی کـورد بێت، یان لە زیانی کـورد بێت، ئەوەیە وا دەکات لە کوردستان کورد لە خەڵکی دیکە زیاتر بکەوێتە ژێر فشارەوە، چونکە ئەجێندایەکی تایبەت بەخۆی نییە، ئەگەرچی بە قسە دەڵێن ئێمە ئەجێندامان هەیەو ئەگەر بوار بڕەخسێتو عاملی نێودەوڵەتیو هەرێمی لەباربێت ئێمە سبەی دەوڵەتی کوردی رادەگەیەنین، بەڵام ئەوانە قسەی سواون، ئەجێندایەکی کوردی دیار نییە، ئەگەر ئەو ئەجێندایە هەبوایە دەبوو کۆمەڵێک هێڵی سوور هەبێت نەبەزێنرێن، بۆ نموونە ئەجێندای سوننەکان ئاشکرایە، ئەوان کاردەکەن بۆ ئەوەی ببن بە گەورترین هێز لە عێراقو دەسەڵات بۆ خۆیان بگەڕێننەوە.

**رۆژنامە: لە تەنازولکردنی کورد لە پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکاندا کـاریـگـەریـیـە هـەرێـمـیـیـەکـان، یان نێودەوڵەتییەکان زاڵبوون؟**

• هـــەردوو کاریگەرییەکە هـەنو کاریگەرییەکانیش بـەردەوام دەمێنن. مەسەلەی دەوڵەتی عێراقو کوردستان مەسەلەیەکی زۆر هەستیارو ئاڵۆزە، دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسیی لە کوردستان نەخشەی سیاسیی هەموو رۆژهەڵات دەگۆڕێت، ئەمەش وا دەکات هەم کاریگەری دەوڵەتانی دراوسـێو هەمیش کاریگەریی نێودەوڵەتی هەبێت. بۆیە ئـەگـەر چـــاوەڕوان بکەیت، کە کاریگەریی نەبێت، ئەوە لە سیاسەت تێناگەین، بەردەوام فشار دەبێت، بەڵام ئەگەر نەخشەی سیاسیی ئێمە داڕێژراو بێت، ئەوکات بۆ هەموو فشارەکان وەڵامی خۆمان دەبێت، بەڵام وەک دەبینین وەڵامی ئێمە بە دوای فشاری ئەواندا دروست دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە سیاسەتمان نییە. مەترسییەکە لەوێوەیە کە ئێمە نە سیاسەتمان هەیەو نە پێشبینی فشارەکانیش دەکەین، کاتێکیش فشارەکان دروست دەبن، ئێمە تەنازول دەکەین.

**رۆژنامە: بەیانەکەی کۆشکی سپی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

• بەیانەکەی کۆشکی سپی بەیانێکی گشتگیر بوو بۆ هەموو عێراق، دەسەڵاتی سیاسیی کـوردی لە خۆی گەورەتری کرد بۆ ئـەوەی شکستەکەی خۆی پێ بشارێتەوە، بۆ ئـەوەی ئـاوی رووی دەسـەڵات نـەڕژێـت، ئەگەرنا چۆن لە هەستیارترین قۆناغدا ئامادەی بە تەنیا بەیانێک دەستبەرداری گەورەترین شت بێت.

ئێمە دەزانین ئەمریکا هێزێکە بە بەردەوامیی فشار لەسەر کورد دروست دەکـات، کاتێک بە بەیانێک دەیەوێت تۆ هەڵخەڵەتێنێت ئەوە مانای وایە تۆ لە سیاسەت نەگەیشتوویت، لە ساڵی (١٩٣٢) کۆمەڵەی گەلان بەیانێکی دەرکرد مەرج لە سەر عێراق دانرا، ئەگەر ئەو مەرجانە بخوێنیتەوە هەر باس لەوە دەکـات حاکمیەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان دابمەزرێت، ئەو مەرجانە زۆر دەستکەوتێکی لەوەی ئێستا زیاتربوون، بەڵام جێبەجێکرا؟، بێگومان نەکرا.

ئەمڕۆ ئەمریکا قسەیەک دەکـات، بەڵام جێبەجێی دەکات ئەوە قەزیەکەیە. لەبەرئەوە بـاوەڕکـردن بە بەڵێنێک تێنەگەیشتنە لە سیاسەت، ئەو بەیانە تەنیا وەسیلەیەکی ئیعلامیی بوو بۆ رازیکردنی رای گشتیی کوردی، یان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لەو ئیحراجییە دەربهێنێت کە تێیکەوتوون.

## حەمەسەعید حەمەعەلی پەرلەمانتاری یەکگرتوو:

# ئێستا حکومەت ئیفلیجە، چونکە نە بەرنامەی کاری هەیەو نە بودجە



**حکومەت لەسەر دوو پایە دەڕوات، یەکێکیان بەرنامەو نەخشەی کاریەتی، ئەویدیکە بودجەیە، ئێستا هیچیانی نییە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین حکومەت ئیفلیجە**

سازدانی، بەهادین یوسف

**حەمەسەعید حەمەعەلی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان، پشووی دوومانگەی پەرلەمانی کوردستان بە زیادە دەزانێتو پێیوایە، ئەوە بەرنامەو بەرژەوەندیی حیزبی بووە ڕێگربوو لە پێشنیازی گرووپی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمان بۆ درێژکردنەوەی خولی دانیشتنەکانی پەرلەمانو کەمکردنەوەی ئەو پشووە، هەروەک ئاماژە بەوەشدەکات، لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا پەرلەمان لە جۆرێک لەپشوودا بووەو ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووەو ئەوەش بە دەستی دەسەڵات دەزانێت بۆ دەرنەکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا.**

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە کە پەرلەمان لە چوارمانگی ڕابردوودا تاڕادەیەک لەپشوودا بووەو پێویست نەبوو ئەم دوومانگە پشوو بداتو دەبوو لە پشووەکەی ببوورێتو قەرەبووی سستیی پێشووی بکاتەوە؟**

* ڕاستە پەرلەمان لە چوارمانگی ڕابردوودا لە جۆرێک لە پشوودا ژیاوە، کۆبوونەوەکانی وەکو پێویست نەبووە، دەبوو هەفتانە لانیکەم سێ کۆبوونەوەی بکردایە، بەڵام بەداخەوە (١٣)کۆبوونەوەکراوە کە هەفتەی کۆبوونەوەیەکی بەردەکەوێت، زۆربەی کۆبوونەوەکان کارە سەرکییەکەی پەرلەمان نەبووە، بە کاری دیکەوە خەریک بووین، پێویست بوو دوای سوێندخواردنی پەرلەمان زووتر لیژنەکان پێکبهێنرانایە، چونکە کارابوونی پەرلەمان بەستراوە بە کارابوونی لیژنەکانەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر مەسەلەی سیاسییو حیزبی، هەم پێکهێنانی لیژنەکان دواکەوت هەم پێکهێنانی کابینەی وزاریو متمانەدان بە حکومەت دواکەوت، دەتوانم بڵێم، کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەساردو سڕی دەڕۆیشت بەڕێوەو کەمتەرخەمی تێدابوو، لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا هەبوو، ئۆپۆزسیۆن بەرنامەی هەبوو پەرلەمان کارابکاتو ڕۆڵ ببینێت، بەڵام بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەرنەکەوێت، بەهۆی هەژموونی حیزبی لەسەر پەرلەمانو بەرنامەیەکی دیکەی دەسەڵات کە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دایانابوو بۆ ئەوەی دەنگە نارازییەکانی خەڵکی کوردستان نەچێت بۆ ئۆپۆزسیۆن، دەسەڵات موماتەڵەیان بە کارەکانی پەرلەمان دەکرد، دوایاندەخستو بە شتی ساناو سادەوە پەرلەمانیان سەرقاڵکرد.

**ڕۆژنامە: ئەم دوومانگەی ئێوە لە پشوودان، دوو مانگی هەستیارن، هەڵبژاردنێک لەپێشەوەیە کە بە (٧)ڕۆژ دوای کۆتاییهاتنی پشووی پەرلەمان ئەنجامدەدرێت، بە ڕای تۆ بڕیارەکە لە دەرەوەی پەرلەمان بووە کە پشووەکەی دەستپێبکات، بەرامبەر داواکەی ئێوە وەکو ئۆپۆزسیۆن کە داواتانکرد پشووەکە کەمبکرێتەوە؟**

*ئێمە وەکو سێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، داوایەکی لائیحەییمان پێشکەشکرد، چونکە بەپێی مادەی(٥) بڕگەی(٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەتوانرێت ماوەی خولی پەرلەمان درێژبکرێتەو هەروەها مادەی(٦) بڕگەی(١) دەڵێت، سەرۆک یان چوار یەکی پەرلەمانتاران دەتوانن داوای درێژکردنەوەی ماوەی خولەکە بکەن، ئەویش بە(٢)لەسەر(٣)ی دەنگەکان، پێویست بوو ئەو ماوەیەی ڕابردوو پەرلەمان کارابوایەو کاری سەرەکی پەرلەمان ئامادەکردنو پەسەندکردنی یاسایە، حکومەتەکە لە (٤٢)وەزیرەوە بووە بە (١٩)وەزیر، کۆمەڵێک وەزارەت بوون بە دەزگاو دەستە کە ئەوانە پڕۆژەیاسایان دەوێت، پێش جەژنی قوربان (٩)پڕۆژەیاسا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، کۆمەڵێک پڕۆژەی دیکە لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو خوێندنەوەی یەکەمیان بۆکرا، ژمارەیەکی دیکە لای لیژنەو فراکسیۆنەکانە، کۆمەڵێک پڕۆژەیاسای دیکە لای حکومەتەوە دێت، کۆمەڵێک پڕۆژەیاسا لای سەرۆکایەتی پەرلەمان کەڵکە بووەو بۆ هەموو ئەوانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە دەبوو لیژنەکان ڕاپۆرتی خۆیان ئامادەبکردایەو لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرایە، ئەو پڕۆژەیاسایانەی کە ئامادەن چ لەلای حکومەتن یان لای لیژنەکانن، یان لای سەرۆکایەتین دەبوو خوێندنەوەیان بۆ بکرایەو ئێمە لەماوەی ئەو چوار مانگەدا چەند پڕۆژەیەکمان پەسەندبکردایە، ئەگەر مانگی دوو پڕۆژەمان پەسەندبکردایە دەیکردە (٨)یاسا، بەڵام هیچ یاسایەکمان دەرنەکردووە، ئەوەیش مایەی نیگەرانییە، پێموایەو سەڵاحیەتیشمان هەبوو، دەبوو لایەنیکەم یەک مانگی خولەکە درێژبکەینەوە لەو دوومانگی پشووەو مانگێکی بخەینە سەر بۆ چەند شتێکی گرنگ، لەوانە کارنامەی حکومەت گفتوگۆی لەسەر نەکراوەو کاتی خۆی لەپێکهێنانی حکومەتدا بە هەڵپڕوزکاوی کارنامەکەیان هێنا بە نیوەناچڵیو ناتەواوی، دواتر لە سەرۆکایەتی حکومەتو پەرلەمان بەڵێن بە پەرلەمانتاران درا کە ئەو کارنامەیە گفتوگۆی لەسەربکەین، بۆ مەسەلەی بودجەش هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی دوابخرێت، بەپێی مادەی (٧٩)ی پەیڕەو دەبێت سەرەتای مانگی (١٠)ی هەموو ساڵێک بودجە بگاتە پەرلەمانو پەسەندبکرێت.

لە ڕاستیدا حکومەت لەسەر دووپایە دەڕوات، یەکێکیان بەرنامەو نەخشەی کاریەتی، ئەویدیکە بودجەیە، ئێستا هیچیانی نییە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین حکومەت ئیفلیجە، دەبوو کارنامەو بودجە پەسەندبکرایە، ئەگەر پاساو ئەوەیە بودجەی حکومەتی ناوەندی دواکەوتووە، ئەوە پاساویکی مەنتیقیو یاساییو بەهێز نییە، (١٧٪)ی هەرێم دیارەو لیژنەی دارایی بەغداش ئیعلانی کردووەو کەمترین ڕێژەی پشکی هەرێم (٨)ملیارو (٥٠٠)ملیۆن دۆلارو بەرزترین ڕێژەش (١٠)ملیار دۆلارە، دەتوانیت بودجەکە بەسەقفی ئەدنا ڕێکبخەیتو ئەگەر کەمو زیادی هەبوو بە بودجەی تەکمیلی ئەوە ڕێکبخەینەوە، خاڵێکی دیکە ئەوەیە، کە زۆربەی فراکسیۆنەکان داوایانکردووە، پەیڕەوی ناوخۆ هەمواربکرێتەوە، چونکە ساڵی (١٩٩٢)دەرچووە، هەندێک مادە هەموارکراوە، بەڵام کەمن، لەوکاتەوە تائێستا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسیی ئیداریو ڕۆشنبیرییو فیکریی ڕوویانداوە، لەبەرئەوە پەیڕەوەکە بەکەڵکی ئێستا نایەتو دەبوو هەموار بکرایەتەوە، لەبەرئەوە ئێمە داوامانکرد پشووەکە کەمبکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی ئەزموونو دەسەڵاتو جەماوەرەی خۆمان بکەین، پێموایە کاری پەرلەمانتاریی ئەوەندە قورس نییە کە ئەو هەموو پشووەی بوێت، ئەو چوارمانگەی دیکەیش لە پشوودا بووین، ئەگەر هەردوو مانگەکەشمان بکردایەتە دەوام هیچ گرنگ نەبوو.

**ڕۆژنامە: پەرلەمان سێ ئەرکی گرنگی هەیە، دانانی یاساو چاودێریکردنی حکومەتو پەسەندکردنی بودجە، لە خولی یەکەمیدا کە تەواوبوو، پەرلەمانی کوردستان ئەو سێ ئەرکەی بەجێنەگەیاند، ئەی چیکرد؟**

* ئەو کۆبوونەوانەی کە پێشتر لەم خولەدا کردوومانن (٤-٥) کۆبوونەوەی جدیی بووە، ئەوانی دیکە کۆبوونەوەی سیاسیی بوون، بە نموونە کۆبوونەوەکرا بۆ هەڵبژاردنی بەغداو هەڵوێستی پەرلەمانو نوێنەری گەلی کوردستان دیاریکرا، لە ئەنجامیشدا یاساکە وەکو ئەو هەڵوێستو داواکارییەی پەرلەمان نەبوو، ئەو کارانەی کە سەرەکینو وەستاون، پڕۆژەیاسا کەڵەکەبوون، بودجە نەهاتووە، کارنامەی حکومەت گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، لائیحەی پەرلەمان هەموار نەکراوە، پرسی دیکەی هەنووکەیی گرنگو لێپێچینەوەو بەدواداچوونی دامودەزگاکانی حکومەتو وەزارەتەکان، ئەوانەمان نەکردووە، ڕاپۆرتی لیژنەکانو هەڵسەنگاندنی لیژنەکان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، چاودێریی کاری حکومەت. دەکرا ئەم دوومانگە خزمەتی پەرلەمانو ئەزمونی دەسەڵاتو سیستمی سیاسییو ئابووریمان بکردایە، مەیدانیەن لێپێچینەوەو بەدواداچوونمان بۆ ئەو پڕۆژانە بکرادایە کە چەندەها ساڵە وەستاون، هەیە بەردی بناغەی دانراوە کاری تێدانەکراوە، هەیە کەموکووڕیی تێدایە، هەیە گەندەڵیی تێدایە، ئەوانەمان بکردایە باش بوو، بەداخەوە داواکەی ئێمە کە ڕەتکرایەوە لەبەر چەند خاڵێک بوو، یەکەم لیستی دەسەڵات زۆربەیان، ئەگەر نەڵێم هەموویان حەساسیەتیان هەبوو بەو داواکارییە، لەبەرئەوەی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بوو، کاردانەوەیان هەبوو، هەروەها بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا دیارنەبێت لەگفتوگۆکاندا، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکانی بەغدا لەبەردەممانداییە، بۆئەوەی ڕای جەماوەر بەلای ئۆپۆزسیۆندا نەڕواتو دەنگ بە دەسەڵات بدەنەوە، لەبەرئەوە پێموایە بەرنامەی سیاسیی دیکەی هەبوو بۆ ئەوەی بودجە دوابخرێت، کە بودجە دواکەوت، بودجەی ئەحزابیش دوادەکەوێت، ئەگەر حیزبەکان بودجەکەیان وەرگرت ئەو بودجەیە خەرجدەکات بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنو دەنگ کۆدەکاتەوە، ئەوانەش هۆکاری حیزبیو سیاسیین، بەداخەوە لیستی دەسەڵات لەبەر ئەو هۆکارو بەرژەوەندییانەی خۆیان، ڕازی نەبوون بە کەمکردنەوەی پشووەکە.

**ڕۆژنامە: لەم حاڵەتەوە بۆچوونێک درووست بووە، مادام لیستی دەسەڵات زۆرینەیە، ئۆپۆزسیۆن بەدەنگ کەمینەیە، کەواتە دەسەڵات چی ویست تێیدەپەڕێنێت، جیاوازی چییە لە خولەکانی پێشوو؟ ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو، ئێوە بەدیلتان چییە، ئێوە یاسایەک یان هەر شتێکی دیکەتان ویست چۆن تێیدەپەڕێنن؟**

* مەرج نییە هەرشتێک لەلایەن ئۆپۆزسێنەوە بێت ئەوان ڕەتیبکەنەوە.

**ڕۆژنامە: بۆ مەرج نییە، ئەو حاڵەتەمان بینیوە؟**

* مەرج نییە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە پڕۆژەیاسایەک بەشێوەیەکی زانستی بەرزبکەینەوە لە ڕووی مەنتیقیو یاساییو ئابووریيو کۆمەڵایەتییەوە بەهێزبوو، ئەوان ناتوانن ڕەتیبکەنەوە، بەڵام لەمەسەلەی سیاسییو موزایەداتو حیزبییەکاندا زۆر بەرەنگارمان دەبنەوە، لە پڕۆژەیاساکانی دیکەدا ناتوانن، چونکە واقیعەو مەنتقە، ئەگەر کردیان ڕێو شوێنی سیاسیی دەگرینەبەر لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانو دوو حیزبی دەسەڵاتداردا قسە دەکەینو ئاگاداریان دەکەینەوە، ئەگەر وا بڕوات ئێمە ڕێگەی یاساییو سیاسییو مەدەنی دیکە دەگرینەبەر، شەفافانە موساڵەحەیان دەکەین ئەگەر هەر سوور بوون لەسەر هەڵوێستیانو ڕەتی کارە زانستیو بەرژەوەندییەکانی میللەت بدەنەوە، هەوڵدەدەین بەدانوستان قەناعەتیان پێبکەین، ئەگەرنا ڕێوشوێنی یاسایی دەگرینەبەرو دادگای فیدراڵی هەیە، خەباتی مەدەنی هەیە، ئێمە لە میدیاکانەوە ڕاستییەکان بۆ خەڵک ڕووندەکەینەوە، بۆ گرووپەکانی فشارو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو وادەکەین ڕێپێوانو خۆپیشاندانو یاداشتو خەباتی مەدەنی بگیرێتەبەر، ئەوکاتەش لەژێر فشاری ڕای گشتییو ڕێکخراوەکانو خەباتی مەدەنیدا، لەژێر فشاری سیاسیی ئێمەدا مل دەدەن، ئەگەرنا ئەوکاتە ڕاستییەکان بۆ جەماوەر ئاشکرا دەکەینو لەئەنجامدا بە زیانی دەسەڵات دەشکێتەوە کە جەماوەر جارێکی دیکە چەواشە نابێت، جەماوەر ڕێژەیەکی زیاتری هۆشیار دەبێتەوەو دەنگیان پێ نادات.

**ڕۆژنامە: کەواتە بەدیلتان هەیە؟**

* بەڵێ بەدیلی سیاسییو یاساییو جەماوەرییو خەباتی مەدەنیو ئەگەر لەم قۆناغەشدا نەبێت، لە قۆناغی ئایندەدا ڕاستییەکان بۆ خەڵک ڕووندەبنەوەو دەنگیان کەمدەکات، هیوادارم جەماوەر هۆشیار بێت بۆ ئەوەی لیستی دەسەڵات زۆرینە نەبێتو بتوانێت هەرچی شتە تێیپەڕێنێت لە بەرژەوەندیی حیزبی خۆیدا.

**بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەرنەکەوێت، بەهۆی هەژموونی حیزبی لەسەر پەرلەمانو بەرنامەیەکی دیکەی دەسەڵات کە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دایانابوو تاوەکو دەنگە نارازییەکانی خەڵکی کوردستان نەچێت بۆ ئۆپۆزسیۆن، دەسەڵات موماتەڵەیان بە کارەکانی پەرلەمان دەکرد، دوایاندەخستو بە شتی ساناو سادەوە پەرلەمانیان سەرقاڵکرد**

---

**پرۆفایل**

حەمەسەعید حەمەعەلی ئەوڕەحمان.

– بەکالۆریۆس لە ئەندازیاریی شارستانی.


– خوێندکاری ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی.

– ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.


– سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنو هاوچەرخکردنی لادێو ئەندامی لیژنەی نەزاهەیە لە پەرلەمانی کوردستان.

# گرنگترین لیستە رکەبەرەکانی عێراق


# ململانێکانی هەڵبژاردن پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە











راپۆرتی، رۆژنامە

هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق لیستی جیاواز بە تێڕوانینی نوێوە بە خۆیەوە دەبینێت‌و لەبری رکەبەری سێکوچکەی سوننەو شیعەو کورد رووبەری رکەبەرییەکان فراوانتر دەبن بۆ ناو خودی هەریەک لەم سێ پێکهاتەیە.

## مالیکی
## لیستە کۆنە نوێکەی:

نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق‌و سەرۆکی حیزبی دەعوە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٨/١/٣١)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بە لیستێکی جیا لە لیستی ئیئتیلاف دابەزی‌و ناوی نا لیستی دەوڵەتی یاساو

*بوونی حسێن شەهرستانی‌وەزیری نەوت وەک نوێنەری سەربەخۆکان لە لیستی دەوڵەتی یاسادا، کە پێشتر کورد بە گرێی هاوکێشەی نەوتی نێوان هەولێرو بەغدای لە قەڵەم دەدا، توند هەڵوێستی ئەم لیستەی لێ دەخوێنرێتەوە بەرامبەر بە هەرێم‌و کەرتی نەوتەکەی*

توانی لە کۆی ئەو (١٤) پارێزگایەی هەڵبژاردنی تیا ئەنجامدرا لە (٩) پارێزگا پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت، تێڕوانینەکان بۆ ئەوە دەڕۆیشت کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا بچێتەوە ناو لیستی ئیئتیلاف، بەڵام سەرەڕای دانووستان‌و گفتوگۆکان مالیکی درێژەی بە جیالیستی خۆی داو لە کۆمسیۆنی باڵاش ژمارە (٣٣٨)ی پێدرا، پێکهاتەی ئەم لیستە کە (٣٦) لیست‌و لایەنی سیاسیی جیاجیا لەخۆدەگرێت تێکەڵەیەکە لە حیزبی سیاسیی‌و سەربەخۆکان‌و کەسانی ئەکادیمی‌و لایەنی تورکمانی‌و جێی بەشێک لە سوننەکانیشی تیا کردووەتەوە، زۆربەی سنووری کارکردنی لیستی دەوڵەتی یاسا لە شارەکانی باشووری عێراقەو لە رێگەی سوننەکانی نێو لیستەکەشیەوە کار بۆ مسۆگەرکردنی دەنگی ناوچە سوننییەکانی خۆرئاوای عێراق دەکات‌و لە رێگەی لیستی ئاوەدانکردنەوەی نەینەواشەوە، کە (عەلی بابان)ی وەزیری پلاندانان سەرۆکایەتی دەکات دەیەوێت لەگەڵ کوردو سوننەکان بچێتە هاوکێشەی هەڵبژاردنی ئەو پارێزگایەوەو هەمان سیاسەتیش بۆ کەرکوک لە رێگەی حاچم حەسەنی سەرۆکی لیستی نیشتمانییەوە پەیڕەو بکات، بە خوێندنەوەی بەشداربووانی نێو لیستی دەوڵەتی یاسا دەتوانرێت تێڕوانینی ئایندەی ئەم لیستە بۆ دۆسیەی کوردو هەرێمی کوردستان بخەمڵێنرێت، بوونی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت وەک نوێنەری سەربەخۆکان لە لیستی دەوڵەتی یاسادا، کە پێشتر کورد بە گرێی هاوکێشەی نەوتی نێوان هەولێرو بەغدای لە قەڵەم دەدا، توند هەڵوێستی ئەم لیستەی لێ دەخوێنرێتەوە بەرامبەر بە هەرێم‌و کەرتی نەوتەکەی ئەمە جگە لە بوونی هەریەک لە عەباس بەیاتی سەرۆکی یەکێتی ئیسلامیی تورکمانی عێراق‌و فاروق عەبدوڵڵا سەرۆکی حیزبی قەراری تورکمانی، کە لە لێدوانە رۆژنامەوانییەکان‌و هەڵوێستەکانیاندا جۆرێک لە تێڕوانینی بەرپەرچداریی بەرامبەر بە کوردی لێ دەخوێنرایەوە، لەپاڵ ئەمەشدا تروسکەیەکی هیوا کە لە سیاسەتی ئەو لیستەدا بەرامبەر بە کورد بەدی بکرێت، ئەو رێکەوتنە ستراتیژییەیە، کە لەگەڵ هەریەک لە یەکێتی‌و پارتی‌و حیزبی دەعوەدا هەیەتی، لەپاڵ ئەوەشدا کە لە رووی ئەزموونی عەمەلییەوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا دەرکەوت، کە ئەو رێکەوتنە هیچ بەهایەکی سیاسیی نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی کورد لەگەڵ بەغدا.

## ئیئتیلاف
## دوا تروسکەی شیعەکان

دەرچوونی مالیکی‌و حیزبەکەی لە لیستی ئیئتیلاف‌و پێکهێنانی لیستێک‌و دوورکەوتنەوە لە لیستی تایفی، کاریگەریی لە تێڕوانینی حیزبە شیعەکانی دیکە نەکرد لە دەستبەرداربوون لە لیستی مەزهەبی، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقی کە رابەرایەتی بزووتنەوەی سیاسیی شیعەگەرایی پەیوەست بە مەرجەعییەتەوە دەکات سوور بوو لەسەر بوونی لیستێکی تایبەت بە شیعەکان بە کاریگەریی مەترسیی سوننەکان بۆ سەریان‌و بەوهۆیەشەوە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانییان پێکهێنا، کە ژمارە (٣١٦)ی پێدراو (٣٠) لایەن لەخۆدەگرێت، پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم لیستە لەو حیزب‌و لایەنانەن کە پێشینەیەکی قووڵتری شیعە مەزهەبیان هەیە لە حیزبە سیاسییەکانی دیکەی شیعەی وەک حیزبی دەعوە لەوانە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی‌و رەوتی سەدرو حیزبی فەزیلەو رێکخراوی بەدرو رەوتی چاکسازیی نیشتمانی، کە لەلایەن ئیبراهیم جەعفەرییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی رەوتە شیعەگەراییەکە بەسەر لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقیدا زاڵە لە رووی ژمارەی پێکهێنەرەکانی لیستەکەوە، بەڵام بەهەمان شێوەی لیستەکەی مالیکی هەوڵی شەرمنانەیان داوە بۆ جێکردنەوەی لایەنی سوننی لە رێگەی ئەنجومەنی رزگاری ئەنبارەوەو لە رێگەی بەشدارپێکردنی حیزبی تورکمان ئیلیشەوە هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگی تورکمانی کەرکوک دەدەن.

هەرچەندە ئەنجومەنی باڵا بە بوونی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ هێزە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان ناسراوەو ستراتیژی لەگەڵ یەکێتی‌و پارتیدا هەیە، بەڵام پێکهاتە سەرەکییەکانی دیکەی نێو ئەو لیستە کە رەوتی سەدرو حیزبی فەزیلەن هەمیشە لە گەمەیەکی بەردەوامی سیاسیی‌و هەڵوێستدابوون لەگەڵ کورداو لە زۆر باردا گۆشەی هەڵوێستەکانیان لە بەرژەوەندی سوننەکان‌و لە دژی کورد شکاندووەتەوە بەتایبەت لەو دۆسیيانەی کە پەیوەندی بە کەرکوک‌و دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە هەبێت.

یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانەی، کە کورد لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی رابەری ئەم لیستەدا دەبینێت، ویستی لیستەکەیە بۆ بە فیدراڵیکردنی عێراق‌و لەگەڵ ئەوەی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆر پەرۆشی بە فیدراڵیکردنی ناوەڕاست‌و باشووری عێراق نەبوون، بەڵام بوونی حیزبی دەوڵەت لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقیدا، کە لەلایەن وائیل عەبدوڵلەتیفەوە سەرکردایەتی دەکرێت، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی هێشتا ئەو هێزە پشتی نەکردووەتە بیرۆکەی بە فیدراڵیکردنی عێراق بۆ چەند هەرێمێک بەوپێیەی حیزبی دەوڵەت یەکێکە لە سەرسەختترین پشتگیریکەرەکانی بە فیدراڵیکردنی عێراق بەگشتیی‌و پارێزگای بەسرە بەتایبەتی.

## هاشمی
## لیستە گومانلێکراوەکە

لیستی بەرەی تەوافوق، کە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)ی پەرلەمانی عێراقدا وەک نوێنەری سەرەکی سوننەکان دەرکەوت‌و (٤٠) کورسییان بەدەستهێنا بەهەمان ئەزموونی لیستی ئیئتیلافدا چووەوەو لێکهەڵوەشا، بەجۆرێک کێشەکان پەلی کوتا بۆ ناو حیزبی ئیسلامیی عێراقیش، کە گەورەترین حیزبی

*گوتاری سیاسیی ئەو لیستە بەرامبەر بە کورد لە پێکهاتەکانییەوە بە پشت بەستن بە ئەزموونی پێشووی کەسایەتییەکانی لە پەرلەمان‌و حکومەتدا ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، کە ببێتە یەکێک لە سەرسەختترین لیستە ئەنتییەکانی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقداو مەترسییەکان لەوەش گەورەتر دەبن*

سوننە مەزهەبی عێراقەو بەهۆیەوە تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار لە پۆستی سکرتێری حیزبەکەی کشایەوەو دواتر لیستێکی نوێی بەناوی نوێگەرییەوە پێکهێنا، یەکێک لەو لیستانەی کە چاوەڕواندەکرێت وەک جۆرێک لە تێکەڵەی سوننەو شیعەی دژە ویلایەتی فەقیهـ لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا دەنگێکی زۆر بەدەستبهێنن، لیستی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقییە کە ژمارە (٣٣٣)ی لەلایەن کۆمسیۆنەوە پێدراوەو (٢٠) حیزب‌و لایەنی سوننی‌و شیعەو میانڕەو لەخۆدەگرێت‌و هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم لیستەوە بە لیستە گومانلێکراوەکە، یان لیستی بەعسییەکان لەلایەن کوردو شیعەوە ناوبراوەو چاوەڕوانیش دەکرێت ببێتە یەکێک لە لیستە ناسیۆنالیستە توندەکان بەرامبەر بە هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی دوای (٢٠٠٣) بەوپێیەی چەندین کەسایەتی دیاری بەرهەڵستکاری شێوازی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق‌و حوکمی تایفی لەم لیستەدان لەوانە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقییەو تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمارو ساڵح موتڵەگ سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی‌و ئوسامە نجێفی سەرۆکی گردبوونەوەی ئایندەی نیشتمانیی‌و سەعدەدین ئەرکیچ سەرۆکی بەرەی تورکمانی، گوتاری سیاسیی ئەو لیستە بەرامبەر بە کورد لە پێکهاتەکانیەوە بەپشتبەستن بە ئەزموونی پێشووی کەسایەتییەکانی لە پەرلەمان‌و حکومەتدا ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، کە ببێتە یەکێک لە سەرسەختترین لیستە ئەنتییەکانی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقداو مەترسییەکان لەوەش گەورەتر دەبن، گەر ئەم لیستە ببنە دووەم یان سێیەمین لیست‌و بە هاوبەشی لەگەڵ شیعەکان حکومەت پێکبهێنن‌و بۆ یەکەمین جار کورد بخەنە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنەوە لە بەغدا.

## یەکێتی‌و پارتی
## کۆتایی هاوپەیمانێتی

لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کە یەکێتی‌و پارتی سەرکردایەتی دەکەن لە هەردوو هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا لایەنە ئیسلامییەکان هاوپەیمانیان بوون، لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٤)دا یەکگرتووی ئیسلامی‌و لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)یشدا کۆمەڵی ئیسلامیی هاوپەیمانیان بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا ئەو دوو هێزە ئیسلامییەی کوردستان بەجیا بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا دەکەن‌و بەمەش لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە وەک نوێنەری سەرەکی کورد لە بەغدا مامەڵەی دەکردو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، ئەگەر هەیە هەمان رۆڵ نەداتەوە بەخۆی بەوپێیەی بەشدارینەکردنی ئەو دوو لایەنە ئیسلامییەو دروستبوونی لیستی گۆڕان بەشێوەیەکی بەرچاو دەنگەکانیان کەمدەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای پەیڕەوکردنی لیستی نیمچەکراوە لەم هەڵبژاردنەدا پێشبینی دەکرێت ململانێی یەکێتی‌و پارتی بۆ دەرچوون یان دەرچوواندنی پاڵێوراوەکانیان لە بازنەی پارێزگاکاندا رێژەی دەنگی لیستەکەیان کەمبکاتەوەو بەو هۆیەشەوە پاڵێوراوی حیزبە هاوپەیمانەکانیان دەنگی ئەوتۆ بەدەستنەهێنن، کە کورسی پەرلەمان ببنەوە کە خۆیان لە حیزبەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی‌و حیزبی سۆسیالیست‌و هەردوو باڵی قادر عەزیزو مەکتەبی سیاسیی زەحمەتکێشان‌و شیوعی‌و چەند لایەنێکی تورکمانیدا دەبینێتەوە.

*گرێ کوێرەی ئەو تەحەدایەی گۆڕان دەیکات بە قووڵی لە کەرکوکدا رەنگدەداتەوە بە سوودوەرگرتن لەو گوتارە سیاسییەی کە لەماوەی رابردوودا بە رووی کێشەی کەرکوک‌و سیاسەتی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی ئەو شارە هەیبووە*

## گۆڕان
## گۆڕینی هاوکێشەکە

لیستی گۆڕان، کە یەکێکە لەو لیستە نوێیانەی بۆ یەکەمینجار لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا بەشداریی دەکات‌و لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە ژمارە (٣٢٩)ی پێدراوەو بە پشتبەستن بە ئەنجامی بەدەستهێنانی (٢٥) کورسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا چاوەڕواندەکرێت لەم هەڵبژاردنەدا دەنگێکی وا بەدەستبهێنێت، کە لە ئاستی لیستە براوە بەهێزەکاندا بێت‌و بەوپێیەش پشکی لە ئیدارەی سیاسیی عێراقدا بەربکەوێت‌و ببێتە یەکێک لەو لیستانەی کە دەنگی ئەندامەکانی یەکلاییکەرەوەی زۆر گێرمەو کێشەی یاسایی نێو پەرلەمان بێت، لیستی گۆڕان لە هەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی‌و دهۆک‌و موسڵ‌و کەرکوک‌و دیالەو سەلاحەدین‌و بەغدا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن‌و گرێکوێرەی ئەو تەحەدایەی گۆڕان دەیکات بە قووڵی لە کەرکوکدا رەنگدەداتەوە بە سوودوەرگرتن لەو گوتارە سیاسییەی کە لەماوەی رابردوودا بە رووی کێشەی کەرکوک‌و سیاسەتی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی ئەو شارە هەیبووەو هەر بەوهۆیەشەوە چاوەڕواندەکرێت قورساییەکی راگەیاندن بخاتە کەرکوکەوەو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی چارەسەری گونجاوو بنچینەیی بۆ ئەو شارەو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان بخاتەڕوو، کە یەکێتی‌و پارتی لەماوەی دەسەڵاتی زۆری چوارساڵەی خۆیاندا نەیانتوانی لە بەغدا چارەسەری بکەن.

## (٢٨) لیست لەسەر (١٢) کورسیی ململانێ دەکەن

# کەرکوک رۆژووی هەڵبژاردن دەشکێنێت

راپۆرتی: هەستیار قادر

(٢٨) لیستو قەوارەی سیاسیی بۆ بەدەستهێنانی (١٢) کورسی کەرکوک رکابەری یەکترن‌و چاوەڕوانیش دەکرێت ململانێکانی هەڵبژاردن، جگەلە کوردو عەرب‌و تورکمانەکان نێو لیستەکانی یەک نەتەوەش بگرێتەوە، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش ئەم هەڵبژاردنە بە گەرمترین هەڵبژاردنی عێراق لە قەڵەم دەداتو دەڵێت: «موفاجەئات لەم هەڵبژاردنەدا روودەدەن‌و ئیرادەی خەڵکیش سەردەکەوێت.

### لیستو ژمارەکانی کەرکوک

بۆ بەدەستهێنانی ئەو (١٢) کورسییەی، کە بەپێی نوێترین ئاماری وەزارەتی بازرگانیی عێراق بۆ کەرکوک دانراوە (٢٨) لیستو قەوارەی سیاسیی ناوی خۆیان لە لقی ئەو پارێزگایەی کۆمسیۆنی باڵای ئەو شارە تۆمار کردووە، کە دوانیان لیستی تاکەکەسیو سەبارەت بە سروشتی ئەو لیستانەش فەرهاد تاڵەبانی بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرجەم لیستەکان کەسایەتی جیاجیای لە نەتەوەکانی کەرکوک تێدایە»،

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی لەکۆی تێیکرای ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک، کە (١) ملیۆن‌و (٤٠٠) هەزار کەسن، (٧٦٤) هەزارو (١٧٩) کەس بۆیان هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا لەو شارە دەنگ بدەن، کە بڕیارە لە (٢٠١٠/٣/٧)دا ئەنجامبدرێتو بۆ ئەو مەبەستەش (١٨٤) بنکە لە ناوشاری کەرکوک‌و (١١٥) بنکەی دیکەیش بە مەبەستی دەنگدان لە قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوک دانراون.


ئاوارەکانی کەرکوک

### شکاندنی رۆژووی هەڵبژاردن

ئەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کەرکوک کۆتایی بەو (٥) ساڵە دێنێت، کە هاوڵاتیان لە (٢٠٠٥)ەوە تیای دەژین، کە ئەویش بێبەشبوون بووە لە مافی دیموکراسییانەی دەنگدان‌و هەڵبژاردن، بەوپێیەی لەدوای هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە لە ساڵی (٢٠٠٥) هیچ هەڵبژاردنێک لە کەرکوک نەکراوەو کێشە سیاسییەکانی نێوان لیستەکانی ئەو شارەو هاوتاکانیان لە بەغداو هەرێمی کوردستان هاوڵاتیانی ئەو شارەی لە دیموکراسییەت بێبەش کرد، بەشێوازێک کە لە یەکێک لە گرنگترین هەڵبژاردنەکانی عێراق بێبەش بوون، کە ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوو لە (٢٠٠٩/١/٣١)دا، کە تیایدا سەرجەم پارێزگاکانی عێراق، جگەلە هەرێمی کوردستان‌و کەرکوک لە مافی دیاریکردنی ئیدارەیەکی نوێ بۆ شارەکەیان بێبەشکران بەو دەسەڵاتەشەوە، کە بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بە ئیدارەی نوێی پارێزگاکان دەدرێت،

### ململانێ لەنێوان کێدا؟

ئەگەرچی لە یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا جۆرێک لە باری تایبەت دراوە بە شاری کەرکوک‌و پەسەندکردنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکەی پەیوەستە بە وردبینیکردنی تۆماری دەنگدەرانی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە، بەڵام چاودێران پێشبینیی ململانێیەکی توندو قورس دەکەن لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا،

لەوبارەیەوە جەمال شان، سەرۆکی حیزبی نیشتمانی تورکمانی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی کەرکوکدا ململانێکان لەنێوان لیستەکانی کوردو تورکمان‌و عەربدا زۆر توند دەبێت‌و ململانێی لیبراڵ‌و ئیسلامییەکان‌و رکابەری نێوان لیستەکانی یەک نەتەوەش دێتە پاڵی،

جەمال شان مەترسیی خۆشیی لە پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن نەشاردەوەو پێشبینی ئەوەی کرد، کە بە پشتبەستن بە گەرموگوڕی هەڵبژاردنەکەی کەرکوک لادان‌و پێشێلکاریی یاسایی‌و زیادەڕەویی لەو هەڵبژاردنەدا روو بدات

هاوکات ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی کوردی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک هەڵبژاردنی داهاتووی کەرکوکی بە گەرمترین هەڵبژاردنی عێراق لە قەڵەمداو وتی: «ململانێکان تەنیا لەنێوان لیستەکاندا نابێت، بەڵکو لەنێوان پاڵێوراوەکانی نێو لیستەکانیشدا دەبێت»

ئەحمەد عەسکەری پێشبینی رووداني موفاجەئاتیشی کرد لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا بە ئەندازەیەک، کە خودی سەرۆکی لیستەکان دەرنەچن‌و وتیشی: «ئەم هەڵبژاردنە سەرکەوتنی کو ئیرادەی دەنگی خەڵکی کەرکوک دەبێت»

## «رەوانەکردنی ئەو هێزانە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەگۆڕێت»

# سوپای عێراقی رەوانەی ناوچە جێناکۆکەکان دەکرێت

راپۆرتی، پشتیوان سەعدوڵڵا

سەرچاوە ئەمنییەکان باس لەوە دەکەن، حکومەتی عێراق بەنیازە چەند هێزێک رەوانەی کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکان بکات، بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٧)ی ئازار، هاوکات چاودێرانیی ئەمنی پێیانوایە: رەوانەکردنی هێز بۆ ئەو ناوچانە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو گۆڕانکاریی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

بەپێی وتەی چەند سەرچاوەیەکی ئەمنیی وەزارەتی بەرگری عێراق بەنیازە بە مەبەستی پاراستنی بارودۆخی ئەمنیی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە وا بڕیارە (٧)ی ئازار ئەنجامبدرێت، فیرقەی (١٠) کە ئێستا لە شاری بەسرە جێگیرە رەوانەی پارێزگای کەرکوک بکات، هەروەها فیرقەی (٦)، کە لە بەغدا جێگیرە رەوانەی موسڵ بکات بۆ ماوەیەکی کاتیی.

سەرچاوەیەک لە فیرقەی (١٢) لە کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: وەزارەتی بەرگریی بەنیازە فیرقەیەکی سەربازیی رەوانەی کەرکوک بکات، بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی هەڵبژاردن‌و تەداخولنەکردنی سوپا لە هەڵبژاردنەکاندا، بەبۆچوونی ئەو سەرچاوەیە «بەڵام ئەو هەنگاوەی بەغدا کێشە دروستدەکات».

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی رەوانەکردنی هێزی سەربازیی بۆ کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکان، بەرپرسانی ئەمنیی ئەو ناوچانە ئەوە دەخەنەڕوو، کە لەئێستادا هیچ پێویستییەکیان بە هێزی دیکە نییەو خۆیان دەتوانن ئەمنییەتی هەڵبژاردن بپارێزن.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەوەمان بیستووە، کە فیرقەیەک رەوانەی کەرکوک دەکرێت، بەڵام تائێستا بە رەسمیی هیچ بڕیارێکمان بۆ نەهاتووە، هەموو سندوقەکانی دەنگدان لە سنووری پارێزگای کەرکوک لەلایەن پۆلیسەوە ئەمنییەتی دەپارێزرێت، بەڵام هەندێک لە ناوچە گەرمەکان سوپای عێراق ئەمنییەتیان دەپارێزێت.

لە سنووری پارێزگای کەرکوک نزیکەی (٤٠) هەزار پۆلیس‌و سەربازو چەکداری سەحوە، هەن‌و ئەمنیەتی کەرکوک دەپارێزن.

عەمید سەرحەد قادر وتیشی: «لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا نزیکەی (١٢) هەزار پۆلیس‌و (١١) هەزار چەکداری سەحوە هەیە، جگە لە فیرقەی (١٢)، بۆیە کەرکوک پێویستیی بە هیچ هێزێکی ئەمنیی نییە.

هاوکات لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک ئاماژەی بەوەکرد، «کەرکوک پێویستیی بە هێزی ئەمنیی دیکە نییەو هێزەکانی پۆلیس دەتوانن ئەمنییەتی شارەکە بپارێزن، بۆیە ئەگەر ئەوە راست بێت، ئەوا بە گومانەوە تەماشای دەکرێت».


مەشقی ژمارەیەک سەربازی عێراقی

دوای ئەوەی لە ماوەی رابردوودا ژەنەراڵ رایمۆند ئۆدێرنۆ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی فرەڕەگەز لە عێراق، پێشنیازی پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی لەنێوان (هێزی پێشمەرگە، سووپای عێراق، سووپای فرەڕەگەز) کرد، چەند مانگێک لەمەوبەر بەرپرسانی کوردو عێراق‌و هێزەکانی فرەڕگەز رێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە کەرکوک‌و دواتریش لیژنەیەک لەنێوان سەرۆکایەتیی هەرێم‌و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق‌و هێزەکانی فرەڕەگەز پێکهێنرا.

هاوکات بە وتەی چاودێرانی ئەمنیی نابێت حکومەتی عێراق تاکلایەنە هێز رەوانەی ناوچەجێناکۆکەکان بکات.

پەرلەمانتار عادل بەرواری، ئەندامی لیژنەی بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی رێکەوتنی نێوان حکومەتی عێراق‌و هەرێم‌و ئەمریکا، ئەگەر هەر هێزێک رەوانەی ناوچەجێناکۆکەکان بکرێت دەبێت ئەو هێزە هاوبەش بێت، بۆئەوەی بتوانن کۆنترۆڵی وەزعی ئەمنیی بکەن‌و هەڵبژاردنێکی خاوێن بەڕێوە ببرێت، بەڵام ئەگەر ئەو هێزە هاوبەش نەبێت، دەبێتە کێشەو لەوانەیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بگۆڕێت.

عادل بەرواری ئەوەیشی خستەڕوو؛ ئەگەر حکومەتی عێراق ئەو هێزانە رەوانەی کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکان بکات، ئەوکاتە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە قبوڵناکات.

هەروەک خەسرەو گۆران، سەرۆکی برایەتی نەینەوا باسی لەوەکرد، «رەوانەکردنی هێزی سەربازیی بۆ ناوچەجێناکۆکەکان جێی گومانەو دەبێتەهۆی دروستبوونی کێشە لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراقدا».

سەرەڕای رێکەوتنی سێ لایەنەی عێراقیی‌و کوردیی‌و ئەمریکیی بۆ پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە ناوچەجێناکۆکەکان، بەڵام تائێستا ئیدارەی موسڵ دژی ئەو بڕیارەن.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (حەیات) لە چەند رۆژی رابردوودا رافع عیساوی، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و شیروان وائیلی، وەزیری ئەمنی نیشتمانیی عێراق بە مەبەستی رازیبوونی ئیدارەی موسڵ سەردانی شاری موسڵیان کردووەو لەگەڵ بەرپرسانی لیستی حەدبا کۆبوونەتەوەو عیساوی پێی راگەیاندوون؛ کە بڵاوکردنەوەی هێزی هاوبەشی (پێشمەرگە، سوپای عێراق، سوپای فرەڕەگەز) لە ناوچەجێناکۆکەکان هەنگاوی یەکەمە بۆ کشانەوەی پێشمەرگە، بەڵام بەپێی هەمان رۆژنامە هەتا ئێستاش لیستی حەدبا دژی پێکهێنانی هێزی هاوبەشە لە پارێزگای موسڵ.

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق بەنیازە فیرقەی (٦) رەوانەی موسڵ بکات، بەرپرسانی کورد لە پارێزگای موسڵ رەوانەکردنی هێزی سەربازی ئەو هەنگاوە بە مەترسیی وەسفدەکەن‌و پێیانوایە؛ کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.

دەرمان خەتاری، وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا بە رۆژنامەی راگەیاند: رەوانەکردنی هێزی سەربازیی عێراقیی لە خوارووی عێراقەوە کارێکی زۆر خراپەو کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو زیاتریان دەکات.

وتیشی: «مەبەست لە رەوانەکردنی هێزی سەربازیی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەو رەنگە لە داهاتوودا ئەو هێزە بە تەوجیهاتی حەدبا دەنگی کورد کەمبکاتەوەو کاریگەریی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دروست بکات.

بە بڕوای خەتاری باشترین ئالییەت بۆ پاراستنی ئەمنییەت پێکهێنانی هێزی هاوبەشە، چونکە لیستی حەدبا هێزە ئەمنییەکان لە بەرژوەندی خۆی بەکاردەهێنێت.

# (٢٠١٠) چی چارەسەر دەكات؟

ئا: شاڵاو فەتاح




كاتێک جیهان پێدەنێتە ساڵێكی نوێوە، دەكرێت پێشبینی كێشە بەرچاوەكانی داهاتوو بكەین بە روانین لە كێشە هەڵواسراوەكانی هەنووكە، كە دەشێت پێشڕەویی ئاراستەی گەشەكردنی جیهان بێت بۆ ساڵی (٢٠١٠).

## ڕۆڵی گروپی (G 20)

لە حوزەیرانو تشرینی دووەمی (٢٠١٠)دا، گروپی (G 20) كۆبوونەوەی لوتكە دەكەن لە تۆرێنتۆی كەنەداو سیئۆلی كۆریای باشوور.

پرسیار لەسەر ئەوەیە، كە ئایا ئامادەن كە نفوزی خۆیان فراوانبكەن بە ڕووماڵكردنی بواری سیاسەتو ئاسایشی نێودەوڵەتی؟ گروپی (G 20)، (٩٠٪)ی تێكڕای داهاتی خۆماڵی جیهانو (٨٠٪)ی بازرگانی نێودەوڵەتیو دوو لەسەر سێی دانیشتوانی جیهانیش پێكدێنن.

ڕۆڵی سەرەكی بۆچارەسەركردنی كێشە ئابوورییەكانی جیهان بوو وەک لە لوتكەی پیتسبۆرگ لە ئەیلولی (٢٠٠٩)دا دووپاتكرایەوە. (لی میونگ باگ)ی سەرۆكی كۆریای باشوور ڕایگەیاند: «پێویستە نەک تەنیا كێشەی ئابووری بەڵكو كێشەكانی وزە، سەرچاوەكان، گۆڕانی كەشوهەوا، خواردنو هەژاریی لە كۆبوونەوەكانی داهاتوودا باسبكرێن».

ئەو باوەڕی وابوو، كە (G 20) بووە بە سەنتەری سیستمی نێودەوڵەتی لەدوای ساختەنگی داراییەوەو گیانی باڵای هاوكارییشە بۆ گەشەكردنێكی بەردەوامو باڵانسكراو.

## ئاكامەكانی وتووێژی گۆڕانی كەشوهەوا

كۆنفرانسی گۆڕانی كەشوهەوای نەتەوەیەكگرتووەكان لە كانوونی یەكەمی (٢٠١٠)دا لەمەكسیكۆسیتی پایەتەختی مەكسیک دەبەسترێت، بەڵام ئایا ئەو ئەركانە تەواودەكات كە نەتوانرا لە كۆپنهاگن تەواوبكرێن؟

دوای دوو هەفتە لە ماراسۆنی پڕ شەكەتیی گفتوگۆ، سەركردەی دەوڵەتان پەیماننامەی كۆپنهاگنیان ئیمزا كرد، كە دۆكیومێنتێكی ناسیاسییەو گوزارشت لە گشت ڕایەكانی گفتوگۆی گۆڕانی كەش دەكات.

بەپێی پرۆتۆكۆڵی كیۆتۆ، كۆبوونەوەی (٢٠١٠) دەبێت یاسای ناچاركردنی دەوڵەتە پێشكەوتووەكان بۆ قۆناغی دووەمی كەمكردنەوەی بەكارهێنانی گازیی بسەپێنێت.

جیا لەمەش، كۆبوونەوەی (٢٠١٠) دەخوازێت لە وڵاتە پێشكەوتووەكان، كە یارمەتیدانی وڵاتە تازەگەشەكردووەكان لەبواری گۆڕانی كەشوهەوادا بە یاسایی بكەن.

## پلانی كشانەوەی ئەمریكا لە عێراق

ویلایەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا پلانی داناوە بۆ كشانەوەی تەواوی هێزەكانی لە ئابی (٢٠١٠)دا، بەڵام بارودۆخی هەنووكەی ئاسایشی عێراقو ناجێگیریی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پلانەكە دەخەنە گرەوەوە، هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی (٧)ی ئازار بڕیار لەسەر بارودۆخی عێراق دەدات، بەڵام ململانێی نێوان شیعەو سوننەو كورد لەسەر دابەشكردنی دەسەڵات، ڕەگەزێكی پێشبینینەكراوە لەبەردەم كۆنترۆڵی ئەمریكادا.

## ستراتیژی نوێی ئەمریكا لە ئەفغانستان

ساڵی (٢٠١٠) ساڵێكی گرنگ دەبێت بۆ هەوڵە بەردەوامەكانی ئەمریكا بۆ سەركەوتن لە ئەفغانستان، باراک ئۆبامای سەرۆكی ئەمریكا ستراتیژی خۆی دوای پێداچوونەوە ڕاگەیاند: بەپێی ئەو ستراتیژە نوێیە، (٣٠) هەزار سەربازی نوێ ڕەوانەی ئەفغانستان دەكرێن لەنیوەی یەكەمی (٢٠١٠)داو لە دژی تاڵیبانو بارودۆخی مۆڵەقی ئەفغانستان، بەڵام هێزە بیانییەكان ڕووبەڕووی دۆخێكی گومانبار دەبنەوە لەو وڵاتە، بەهۆی ئەو هێرشە سەربازییانەوە، كە هەندێجار هاوڵاتییانی مەدەنی دەبنە قوربانی، هەستی دژەبیانیو ناڕازیبوون لە حكومەت لەنێو جەماوەری ئەفغاندا لەوپەڕیدایەو گەیشتووەتە لوتكە لەدوای كەوتنی تاڵیبانەوە لە (٢٠٠١)دا.

## كێشەی ئەتۆمیی ئێران

ئایا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ساڵی نوێدا حیكمەتو تاكتیكی خۆی بەكاردێنێت بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئەتۆمیی ئێران؟

لە تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٩)دا، ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی داوای لە ئێران كرد، كە دروستكردنی چەند وێستگەیەكی ئەتۆمی نوێ بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت، كە پێشتر بڕیاری دروستكردنی دابوو، بەڵام ئەم داوایە لەلایەن ئێرانەوە ڕەتكرایەوە.

لە پرۆپۆزەڵێكی نوێی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمدا داوا لە ئێران كرا، كە زۆرێک لە پیتاندنی نزمی یۆرانیۆمەكەی بگوێزێتەوە بۆ ڕووسیاو فەرەنسا، لەمەشیاندا ئێران هەڵوێستێكی نادیاری پیشاندا، بەمدواییانەش مەنوچەهر موتەكی، وەزیری دەرەوەی ئێران، ڕایگەیاند: «ئێران دژایەتی گۆڕینەوەی وزەی ئەتۆمی لەگەڵ وڵاتە خۆرئاواییەكان بە مەرجێک لەتوركیا ئەنجامدرابێت، بەڵام ئەم هەڵوێستە هێوركەرەوەیەش وەڵامی داواكەی ئاژانسی وزەی ئەتۆم نەبوو.

عەلی خامنەئی، ڕابەری باڵای ئێران، ڕایگەیاند: «وڵاتەكەی هەرگیز لە مافی خۆی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم سازشناكاتو هیچ شتێكی دیكەش ناكات دوژمنانی پێ شاد ببن».

پێدەچێت كاركردنی ئەمریكا ڕێگەلێنەگیراو بێت، بەتایبەت كە پەیمانی سەپاندنی گەمارۆی دیكەی بەسەر ئێراندا داوە، گەر لەكۆتایی (٢٠٠٩)دا، ئێران قبووڵی گۆڕینەوەی وزە نەكات.

## كێشەی ئەتۆمیی كۆریا

هێشتا نادیارە كە گفتوگۆی شەش قۆڵیی بۆ چارەسەری كێشەی ئەتۆمیی كۆریای باكوور بەردەوامدەبێت لە ساڵی (٢٠١٠)، یان نا؟ بەربەستی سەرەكیی لەنێوان ئەمریكاو كۆماری دیموكراتیی خەڵكی كۆریادایە، بەوەی كامیان یەكەم هەنگاو بنێت، كۆریا سوورە لەسەر ئەوەی پەیوەندیی ئاشتییانەی نێوان ئەمریكاو كۆریا دروستببێت لەپێشدا، بەڵام ئەمریكا دەڵێت؛ دەبێت كۆریا سەرەتا پرۆگرامی ئەتۆمیی خۆی كۆتایی پێبێنێت، بەڵام هەردوولا خواستی گفتوگۆو هاوكارییان نیشانداوە بەمدواییە، لەجیاتی ڕووبەڕووبوونەوە.

بێگومان گفتوگۆی شەش قۆڵیی باشترین بژاردەیە بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئەتۆمیی، هەر شەش وڵاتەكەش خوازیاری دەستپێكردنەوەی گفتوگۆكانن.

شیكاروانان پێیانوایە؛ دەبێت گشت لایەنەكان تەركیز بخەنە سەر بیناكردنی میكانیزمێک، كە ئاشتییەكی هەمیشەیی لە نیمچە دوورگەی كۆریا دابینبكات، لەكاتی دەستپێكردنەوەی گفتوگۆكاندا.

## كێشە ناوخۆییەكانی فەلەستین

لە حوزەیرانی (٢٠١٠)دا هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیو پەرلەمانی لە فەلەستیندا ئەنجامدەدرێت، هیوای زۆر هەیە كە هەڵبژاردن ببێتە هۆی ئاشتكردنەوەی لایەنە ناكۆكەكانی فەلەستینو دەستپێكردنەوەی گفتوگۆی فەلەستین-ئیسرائیل، پێشتر بڕیاربوو هەڵبژاردن لە (٢٤)ی كانوونی دووەم ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی ناكۆكییە ناوخۆییەكانەوە دواخرا بۆ حوزەیران.

حەماس كە غەزە بەڕێوەدەبات ڕووبەڕووی هەڕەشەی فەتح دەبێتەوە، كە پشتگیریی خۆی لە پلاتفۆرمی دژەگەندەڵییو سیاسەتە ریفۆرمخوازییەكانی دیكەوە بەدەستدێنێت.

دوو دڵیی مەحمود عەباسی سەرۆكی فەتح گومان لەسەر حیزبەكەی دروستدەكات، لەماوەی كورتخایەندا، كێشە نابێت چ لایەک هەڵبژاردن دەباتەوە، چونكە هەڵبژاردنەكە یاریدەی یەكخستنی لایەنە ناكۆكەكانی فەلەستین دەدات، لەماوەی درێژخایەندا، هەتا لایەنە ناكۆكەكان كێشەكانیان چارەسەر نەكەن، گفتوگۆكان دەستپێناكەنەوە.

## هەڵبژاردنی نیوەیی ئەمریكا

لە كانوونی یەكەمی ئەمساڵدا، ئەمریكا هەڵبژاردن بۆ دیاریكردنی سێ یەكی سیناتۆرەكانو پارێزگارو نوێنەری ویلایەتەكان ئەنجامدەدات، هەڵبژاردنەكان تاقیكردنەوەیەكی مزر دەبن بۆ ئیدارەی ئۆباماو پارتی دیموكراتی دەسەڵاتدار، ئەگەر پارتی دیموكرات ئەركەكانی باش جێبەجێ بكات، ئەوە یارمەتی ئۆباما دەدات كە سیاسەتی ڕیفۆرمی پێشبخات، جیا لەمە ئیدارەی ئۆباما هەندێک ناوەندی لەدەستدەچێت.

## هەڵبژاردنی گشتیی بەریتانیا

پێش حوزەیرانی (٢٠١٠)، بەریتانیا هەڵبژاردنی گشتیی دەكاتو پارتی كاریش بە پارتی كۆنەپارێز (كۆنزەرڤاتیڤ) دەدۆڕێت. پارتی كار لەدوای (١٩٩٧)وە حوكمی بەریتانیا دەكاتو بەریتانییەكان زیاترو زیاتر دەیانەوێت گۆڕان لە نەخشەی سیاسیی وڵاتەكەیاندا ببینن.

فەزیحەكانی پەرلەمانتاران، شەڕی عێراقو ئەفغانستان وێنەی پارتی كاری شێواندووە. ڕاپرسییەكان دەریدەخەن، كە پارتی كۆنزەرڤاتیڤ دوو ئەوەندەی پارتی كار پشتگیریی هەیە.

نگێڵ ئینكستەر لە پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژیی دەڵێت: حكومەتی كۆنزەرڤاتیڤ سیاسەتی دەرەوە واقیعییانەتر دادەڕێژێت، شیكاروانەكان پێیانوایە؛ هەردوولا تەركیز دەخەنە سەر كێشە ناوخۆییەكان، كێشەی كورتهێنانی بودجەوو بێكاریی.

## بارودۆخی سیاسیی ژاپۆن

ژاپۆن لە هاوینی ئەمساڵدا هەڵبژاردن بۆ دیاریكردنی ئەندامانی پەرلەمان دەكات، ئەدای پارتی دیموكراتی دەسەڵاتدار كاریگەریی دەبێت بۆ سەر جێگیریی دۆخی سیاسیی ئەو وڵاتە. پارتی دیموكرات توانی زۆرینە لە (كۆشكی خواروو پەرلەمان) بەدەستبێنێت، كە یەكەمین گۆڕانی كاریگەر بوو لەدوای جەنگی دووهەمی جیهانی. دەنگی ڕازیبوون بەرامبەر كابینەكەی هاتۆیاما كەمبووەتەوە، بەڵام چاودێران پێیانوایە؛ ئەمە كاریگەریی لەماوەی كورتخایەندا نابێت.

لە ئاژانسی شینخوای چینییەوە وەرگیراوە




# واقیعی پەیوەندیی كوردو ئەمریكا

لە ڕۆژی (٢٦)ی كانونی یەكەمی (٢٠٠٩)، سەتەلایتی (كوردستان تیڤی)ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە بەرنامەیەكی سیاسیدا، باسی لە وتەیەكی سەرۆک، مەسعود بارزانی دەكرد كە دەڵێت «ئەمریكا پابەندە بە پشتگیریكردنی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە.» ئەمە لە كاتێكدایە كە سەركردە كوردەكان باش دەزانن كە ئەمریكا پشتگیریی هیچ پارتێكی عێراق ناكات، بەڵام ئەم قسانەیان تەنها بۆ موزایەدەی ناوخۆیە.

كورد سازشێكی گەورەی كرد لە پەسەندكردنی هەڵبژاردنەكانی عێراقو كێرڤی هێزی سیاسیی كوردیش لە دوای هەڵبژاردنەكانی مانگی ئازاری داهاتووەوە بەرەو خوارەوە دێت.

دەبێت سەركردە كوردەكان ڕاستگۆبن لەگەڵ دەنگدەرانیان، بۆ گەیاندنی مەبەستەكەشم لێرەدا نمونەیەكی مێژوویی لەبارەی پەیوەندییەكانی كوردو ئەمریكاوە دەهێنمەوە. لە سەرەتای ساڵانی (١٩٧٠)ەوە، سەركردە كوردەكان بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە ئەمریكا پاڵشتی داواكارییەكانیان دەكات لەبەرامبەر حكومەتی عێراقدا، دواتر لە ساڵی (١٩٧٥)وەزیری دەرەوەی ئەو كاتەی ئەمریكا، هێنری كیسنجەریان تۆمەتباركرد بە شكستی كورد لە جەنگدا لە دژی حكومەتی بەغدا، بەڵام حەقیقەتی كێشەكە جیاوازە. كیسنجەر لە كتێبەكەی «ساڵەكانی نوێبوونەوە»دا ئاماژەی بەوە كردووە كە پاڵپشتی واشنتۆن بۆ یاخیبووە كوردەكان لە ڕێگەی شای ئێرانەوە بووە، ئەوە شای ئێران بووە كە پارەی داوە بە جەنگی كورد لە دژی بەغدا، بەهۆی پێدانی پارەشەوە شای ئێران خاوەنی بڕیاربووە لە پاڵپشتیكردنی كورددا و ئەوكات ئەمریكا هیچ پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی نەبوو لەگەڵ كورداو گشت پەیوەندییەكانیان لەگەڵ كورد لە ڕێگەی ئێرانەوە بووە. كاتێک سەدامو شا گەیشتنە ڕێككەوتنێک لەسەر شەتولعەرەب، شا بە كوردی وت، ئازادن لە بەردەوامبوونتان لەجەنگ، بەڵام ئێران چیدی ڕێگە نادات بە هاتوچۆی جەنگاوەرە كوردەكانو سنوورەكانی دادەخات، لە ئەنجامیشدا جەنگی كورد كۆتاییهاتو كوردیش كەوتنە هەڵەی خۆیانو ئەمریكاو بەتایبەتی كیسنجەریان بۆ شكستەكەیان تۆمەتباركرد.

ئەوەی لە كوردستان تیڤی بنیمان، هەمان ئەو هەڵە تێگەیشتنەی كوردە لە ئەمریكا، سیاسەتی ئەمریكا ڕوونو ئاشكراو دیموكراتییە، ئیدارەی ئۆباما پێویستی بە هەڵبژاردنە لەكاتی خۆیدا بۆ ئەوەی ببێتە ئاسانكاریی بۆ خشتەی كشانەوەی گشت هێزەكانی لە عێراق لە كۆتایی (٢٠١١)داو چەندینجار لێپرسراوانی ئەمریكی لە وەزارەتی دەرەوەو پەنتاگۆن بە شەخسی پێیان وتووم كە واشنتۆن هیچكات پشتگیریی هیچ لایەنێكی عێراقی ناكات، ئەوان دەیانوت، ئەمریكا مامەڵە لەگەڵ حكومەتو پارتی هەڵبژێرراو دەكاتو هیچكات پاڵپشتی كەس ناكات، بەڵام بەداخەوە سەركردایەتیی كورد دان بەم حەقیقەتەدا نانێت.

سەرچاوەكانم لە واشنتۆن پێیان وتم كە كاتی دوای هەڵبژاردن بۆ كوردستان زۆر قورسە، ئیدارەی ئۆباما ڕێز لە مادەی (١٤٠) دەگرێت هەروەک چۆن پشتگیریی مادەی (١٤٢) دەكات كە داوای گۆڕینی دەستوور دەكات. ئەوەی ئەمریكا دەیەوێت بریتییە لە نزیككردنەوەی بەغداو كورد هێزی خۆی لەم پێناوەدا بەكاردەهێنێت، بەغداش هیچكات لەگەڵ جێبەجێكردنی مادەی (١٤٠) نییەو واشنتۆنیش گوشاری خۆی بۆ گەیشتنی بە ڕێككەوتنی هەولێرو بەغدا بەكاردەهێنێتو لەئەنجامدا هیچكات لە قازانجی (١٤٠)دا نییە.

با خۆمان فریو نەدەین، ئەمریكا لە (٢٠١١)دا دەكشێتەوە، سەركردایەتیی كوردیش بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ بەغدا كردووە كە ئەمریكا هەمیشە لە عێراقدا دەمێنێتەوە. كورد سازشی گەورەی كرد لە یاسای هەڵبژاردنەكانو هێزی لە بەرامبەر عەرەب كەمدەبێتەوە.

پێویستە كورد زیرەكانە مامەڵە لەگەڵ بەغدا بكاتو سیاسەتێكی ژیرانە لەگەڵ بەغدا بەكاربهێنێت، بۆ ئەوەی لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا، داهاتوویەكی ئارامی بۆ بێتەدی.

# پەهلەوی دەگەڕێتەوە یان حسێن؟

ئا: شالاو فەتاح

کەیسی ئەتۆمیی ئێرانیش هێندەی خۆپیشاندانە سەوزەکەی تاران سەرنجی میدیای جیهان راناکێشێت، تێڕوانین دەربارەی خۆپیشاندانەکان لەناوەوەو دەرەوەی ئێران‌و تەنانەت لەنێوان فارسەکانی ناو ئێران‌و دەرەوەی ئێرانیشدا جیاوازییەکی زۆری هەیە.

هەندێک خۆپیشاندانەکان بە شۆڕشی لەقەڵەم دەدەن‌و پێیانوایە؛ ئێران دەگۆڕێت بۆ سیستمێکی عەلمانی دیموکراتیی، هەندێکیش پێیانوایە خۆپیشاندانەکان ئامانجیان گۆڕینی دەسەڵات‌و ریفۆرمکردنیەتی لەلایەن موسەوییەوە.

## گەڕانەوە بۆ ژێر ئاڵای حسێنی یەکەم:

پرسەی دە رۆژی سەرەتای موحەرەم‌و «شینی حسێن» ئەمساڵ لەئێران جیا لە ساڵانی دیکە بەڕێوەچوو، لەکاتێکدا ئێرانییەکان تەواو شەیدای گۆڕینی دەسەڵاتن، بەڵام زۆر بەتوندی بە کلتوورو مەزهەبی خۆیانەوە پابەندبوون‌و سیناریۆکانیش بەدووبارەبوونەوەی مێژوو لەقەڵەم دەدەن، ئاسایی بووە شۆڕشگێڕان لە دەرەوەی وڵاتی خۆیاندا سۆزێکی زۆر بۆ نیشتمان‌و مێژوو و کلتوورو تەواوی رەگەزەکانی شوناسی خۆیان هەبێت، بەڵام ئەم سۆزە لای ئێرانییەکان بەپێچەوانەوەیەو سۆز بۆ مێژوو لەناوخۆشدا زۆر بەهێزە، ئەمەش لەنێو نەوەی جیاوازەکانی ئەمدواییەی ئێراندا هاوبەشەو لەنێوان گوتارەکانی شۆڕشی خومەینی‌و تەنانەت «شۆڕشی سەوز»ی ئەم دواییەدا دەردەکەوێت، خومەینی، کە ئایینی گەڕاندەوە سەنتەری دەسەڵات‌و تەواوی دروشمە سەرەکییەکانیشی کرد بە دروشمی رابردووخواز.

هەفتەی رابردوو، کاتێک خۆپیشاندەرانی تاران لەسەر شەقامەکان تورەیی خۆیان بەیاندەکرد، هاواریاندەکرد، «ئەم مانگە مانگی خوێنە، یەزید شکستدێنێت»، (یەزید کە دوژمنایەتی حسێنی کوڕی عەلی دەکرد)، درامایەکی دی، کە ئێرانییەکان لە خۆپیشاندانەکانی خۆیاندا خستیانەڕوو بەیەکچوواندنی میرحسێن موسەوی‌و ئیمام حسێن بوو، ئیمام حسێن رەمزی سەنترالی شیعەی دوانزە ئیمامییەو دوای عەلی کوڕی ئەبوتالیب فیگەری یەکەمی ناو شیعەیە، لە خۆپیشاندانەکاندا خۆپیشاندەران هاواریاندەکرد: «یاحسێن، میرحسێن»، کە تێکەڵکردنی هەردوو کەسایەتییەکەبوو، ئەمەش لێکچوواندنی نێوان حسێنی کوڕی عەلی بوو کاتێ دەسەڵاتی بەناڕەوا لێسەنرایەوە، گوایە دەربارەی ئێستا میرحسێنیش بەهەمانشێوەیە، ئاڵا سەوزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەمان رەنگی ئاڵای حسێنی کوڕی عەلی بوو کاتێک، کە «یەزید شەڕی پێدەفرۆشت»و بەیعەتی نەدەدایە، لەم نێوانەدا کاتێک ئەحمەدی نەژادیش ئاڵا سوورەکەی دەدرێتە دەست‌و دەکرێتە یەزید، بەڵام ئەفسووسی ئێرانییەکان ئەوەیە، کە خەڵکی کەربەلا نەهاتن بەدەم حسێنەوەو بەجێیانهێشت تا شەهید بوو، وەک چۆن خەڵکی توورەش بانگی هێزەکانی ئاسایشی ئێستای ئێران دەکەن لەدژی رژێم هاوکارییان بکەن‌و نایەن بەدەنگیانەوە!






## حسێنێکی رابەر دەمرێت:

ئایەتوڵڵا حسێن عەلی مونتەزەری کە رابەری رۆحی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بوو لە پڕ کۆچی دوایی کرد، ئەوانەی کە بەنیازبوون بەڕابەرایەتی‌و فتوای ئەو بچنە سەر شەقامەکان، بەدوای جەستەی بێگیان‌و بێدەنگی ئەو چوونە دەرەوە، بەڵام خۆیان بێدەنگ نەبوون، زۆرێکیان دروشمی دژەحکومییان دەوتەوەو هەندێکیشیان ئاڵای سەوزی ئۆپۆزسیۆنیان بەرزکردەوە. هێزەکانی ئاسایش بوونیان هەبوو، هەربۆیە دەوترێت، کە پێکدادان لەنێوان هێزەکانی ئاسایش‌و تازیەباراندا روویداوە.

دەسەڵاتدارانی ئێران یاساغی رووماڵکردنی هاتنی هەزاران کەسیان بۆ پرسەی ئایەتوڵڵا کرد لە میدیای بیانی، بەڵام رووداوەکان لەڕێگەی وێبسایتەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و بە سیحری مۆبایل گوێزرانەوە، هەردوو سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن، میرحسێن موسەوی‌و مەهدی کەڕوبی رۆژێک پرسەیان راگەیاندو پشتگیریی خۆیان بۆ گێڕانی تازیەباری دەربڕی، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران ویستیان لە لەگرنگی ئەو مەسەلەیە کەمبکەنەوەو تەنیا مەنوچەهر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران دڵتەنگی دەربڕی‌و ستایشی کەسایەتی مونتەزەری کرد.

ئەمە لەکاتێکدا مونتەزەری یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و کەسی دووەمی ناو شۆڕش بوو دوای خومەینی، بەڵام بەهۆی هەڵوێستی رەخنەگرانەی خۆیەوەو تۆمەتبارکردنی حکومەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ‌و ئۆتۆریتاری، یاساغی کاری سیاسیی کرابوو.

## حسێنێکی دی ئامادەی شەهادەتە:

میرحسێن موسەوی لە یەکەم لێدوانی خۆیدا دوای هەفتەی خوێناوی خۆپیشاندانی ئێرانی مانگی پێشوو، لە ساتی ریفۆرمیستەکانداو پاش کوژرانی حەبیب موسەوی خوشکەزای دەڵێت: کە هەڕەشە لە ژیانی بەربەستی بۆ دانانێت، «ناترسم لەوەی ببمە شەهیدێکی دوای هەڵبژاردن، یەکێک لەوانەی لەپێناو مافە رەواکانی خۆیاندا گیان لەدەستدەدەن». دواتر دەنووسێت: «خوێنم لە شەهیدەکانی دیکە سوورتر نییە». بەمانای ئەویش هەمان ئاستی خەڵکی مەدەنی هەیەو ئامادەی قبوڵکردنی گشت شتێکە لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیاندا. ئەم لێدوانە جگە لە بەدەستهێنانی پشتیوانی زیاتر بۆخۆی، دەکرێت بە تەواوکردنی سیناریۆیەکی دیکەش دابنرێت، کە لە پرسەی عاشووراداا بۆ موسەوی دروستکرا، ئەویش وێکچوواندنی حسێن‌و میرحسێن بوو، ئەم ئامادەگییەی موسەوی دووبارەکردنەوەیەکی مۆدێرنی رەزامەندی حسێنی کوڕی عەلییە، کاتێ ئامادەی شەهادەت بوو لەپێناو بەدوانەکەوتنی دوژمنانیدا، دیارە ئەمەش «رووە سیاسییەکەی» بەدەستهێنانێکی زیرەکانەی سۆزی خەڵکی شیعەی ئێرانە.

## پەهلەویی دەگەڕێتەوە یان حسێن؟

دروستبوونی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بووە هۆی لادانی رژێمی پاشایەتی‌و لەجێدانانی کۆمارێکی ئیسلامیی، خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە چەندێک توندوتیژن، بەڵام لەوە کەمناکەنەوە کە خۆپیشاندەران پابەندن بە شیعەگەرایی ئێران‌و کۆمارە ئیسلامییەکەیەوە، هێندە نەبێت داوای مافی مرۆڤ‌و حوکمێکی دیموکراتی شیاو بۆ گەلانی ئێران دەکرێت، بەڵام ئەوەی دوای هەفتەی خوێناوی دەبینرێت، دەرکەوتنی رەزا پەهلەوی وەلی عەهدی سەردەمی پاشایەتی بوو، کە ئێستای ئێرانی بە سەردەمی شۆڕش چوواندو ململانێکانیش بە ململانێی نێوان لایەنی دیموکراتیی عەلمانی‌و لایەنی ئیسلامیی شیعی چواند.

پەهلەوی وەک رابەری ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات دەرکەوت‌و داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان‌و وڵاتانی بەهێز کرد، کە یارمەتی خەڵکی ئێران بدەن بۆ لادانی رژێمی ئیسلامیی.

ئەم دەرکەوتنەی پەهلەوی ناڕەزایی خەڵکی ئێران دەکات بە دوو کەرتەوە، یەکەمیان ئەوانەی تائێستاش میرحسێن موسەوی بە کوڕی حسێن سەیر دەکەن‌و گەڕانەوەی ئەو بە گەڕانەوەی حسێن لەقەڵەم دەدەن، ئەوانەشی کە دەیانەوێت سیستمێکی نوێی عەلمانی دابڕێژن، دیارە دوورنییە پەهلەوی ببێتەوە رەمز لەم ئێرانەی دواییاندا.

## دەسەڵات چیتر بێدەنگ نابێت:

وەزیری ئیتلاعاتی ئێران، کە وەزارەتێکی موخابەراتییە رایگەیاند: دەسەڵات چیتر بێدەنگ نابێت لەئاست ئەو خۆپیشاندانانەی کە دەستی دەرەکی‌و دوژمنیان لەپشتە، «کۆماری ئیسلامیی پاڵپشتی تەواوی لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە بەدەستهێناوەو ئارەزووی دوژمنان بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەخمەڵی‌و لادانی نەرمی حکومەتی ئێران نایەتەدی».

لەم لێدوانە ئاماژەیەکی ترسناک هەیە بەناوهێنانی خۆپیشاندەران بە بەکرێگیراوانی دوژمنان، ئەمەش لەلایەن وەزیرەوە دووبارەکرایەوە بە وتنی: «بەداخەوە هەندێک دوای ئامانجە بەدەکانی دوژمنان کەوتوون»، هەرچەندە لەم لێدوانەدا ئاماژە بەوە نەکراوە، کە دوژمنان کێن.

**بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە سوود لە سایتەکانی (لۆس ئەنجلس تایمزو شینخواو فیلادەلفیا ئینکویرەر، شەرقولئەوسەت) وەرگیراوە**

# لەکارخستنی کرانەوەی کوردی شەڕی، ناوخۆ هەڵدەگیرسێنێت

ئا: رۆژنامە

ئەنوەر سەڤگین، بیریارو رۆشنبیرو سیاسەتوانی ناسراوی تورکیا، لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ رۆژنامەی رۆژانەی تورکی-ئینگلیزی باس لە کرانەوەی کوردی‌و پێشهاتەکانی بەردەم حکومەتی تورکیا دەکات. سەڤگین لە چاوپێکەوتنەکەیدا بە وردیی باس لە باڵەکانی نێو پارتی لەکارخراوی دەتەپە دەکات‌و پێیوایە؛ ئەندامە لەکارخراوە میانڕەوەکانی ئەو پارتە، وەک ئەحمەد تورک کاریگەریی خۆیان هەردەمێنێت لەسەر بارودۆخی سیاسیی. لەوڕوووە دەڵێت: هەرچەندە بلۆککراون لە کاری سیاسیی، بەڵام هێشتا دەنگە میانڕەوەکان کاریگەریی خۆیان لەسەر دۆخی سیاسی هەیە، زۆرکەسی دیکەش هەن کە ئاشتییان دەوێت لەنێوان ئەوانەی کە لە بواری سیاسیدا ماون، بارودۆخەکە دژایەتیکردنی هەڵۆکان‌و کۆترەکان نییە، لەوانەیە دەنگو عەقڵیەتی جیاواز هەبێت، ئەوە روونە، کە ئەحمەد تورک‌و ئامینە ئاینە دوو عەقڵیەتی جیاوازیان هەیە.


ئەنوەر سەڤگین

## بەدەپە لەسەر هەمان هێڵی سیاسیی دەڕوات

دواتر سەڤگین باس لەوە دەکات، کە هێڵی سیاسیی بەدەپەش ناگۆڕێت‌و لەژێر هەژموونی هەمان ئەو هێزانەدا دەمێنێتەوە کە دەتەپە ئەزموونی کرد، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئەو هێڵە سیاسییە چییە کە بەدەپە لەسەری دەڕوات، سەڤگین دەڵێت: ئەوە هێڵی سیاسیی عەبدوڵا ئۆجالان‌و پەکەکەیە، کە بزووتنەوەی کوردی بۆ چەند ساڵێک بەڕێوەبرد، ئەم هێڵە لەماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، بەڵام هەر لەوێ بووە، ناشگۆڕێت بەوەی کە کێ لە دەتەپەو کێ لەوێدا نییە، بەڵکو وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەمە راستییەکە کە ناگۆڕێت.

## لێدوانی توندوتیژ یارمەتیدەر نابێت

بەڵام وەک بینیمان شەقامی سیاسیی تورکیا ئەو هێڵە سیاسییە قبووڵناکات‌و کاردانەوەیەکی گەورەی دروستکرد، هەرئەمەش بووە هۆی داخستنی دەتەپە، سەڤگین رای وایە؛ دەبێت ئەو پەیوەندییە قبووڵبکرێت‌و دانووستان لەگەڵ پارتە کوردییەکان‌و حکومەتی تورکیا دروستببێت، بەڵام ئەو هۆشداریش دەداتە بەدەپە، کە دەبێت لە سیاسەتەکانیدا وریابێت‌و هەڵەکانی رابردوو لەگێڕانی ئاهەنگە گەورەکاندا دووبارەنەکاتەوە، کە بووە هۆی ئاکامی وێرانکەر. لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەیدا سەڤگین دەڵێت: ئەندامانی پارتی نوێی بەدەپە دەبێت وریا بن‌و دەرس لە هەڵەکانی رابردوو وەربگرن، لێدوانی وەک «کرانەوە کۆتاییهات» هیچ یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نادات، پێویستە حکومەت چەند هەنگاوێک بنێت‌و بەدەپەش حساب بۆ هەنگاوەکان بکات، ئەوان دەتوانن رەخنە لە حکومەت بگرن، پێشنیازی زیاتر بکەن‌و چارەسەری دی پێشکەش بکەن، بەڵام وتنی ئەوەی کە کرانەوە بوونی نییە بەهیچ شێوەیەک یارمەتیدەر نییە، ئەندامانی پارتی نوێ پێویستە بکەونە دیالۆگ لەگەڵ حکومەت‌و خۆیان لە هەڵوێستی یان هەموو شتێک یان هیچ بەدووربگرن.

لەبارەی ئەگەری وەستانی کرانەوەی کوردیی، سەڤگین پێیوایە؛ کرانەوەی کوردی ناوەستێت، بەڵکو بە وەستانی کارەسات روودەدات، «گەڕانەوە لە کرانەوەی کوردیدا نییە، حکومەت دەبێت هەنگاوی زیاتر بنێت، یاخود شەڕی ناوخۆ یان دەستتێوەردانی سوپایی روودەدات، لەبەرئەوەی کە دۆخی شەڕی ناوخۆو دەستتێوەردانی سوپاییش لە تورکیاو جیهانیشدا باوی نەماوە، ئەوان دوولایەنی دژبەیەک نین‌و ئەگەری شەڕی ناوخۆش زۆر کێشەدارە، تورکیا پێویستە کێشەکە چارەسەربکات بە ئەولەویەت بەخشین بەو کێشەیە. سەڤگین باس لەوە دەکات، کە گەڕانەوەی پەکەکە لە چیاکانەوە یەکسان نییە بە چارەسەری کێشەی کورد، بەڵکو دوو کەیسی جیاوازن‌و پێویستە بە جیاوازیش حسابیان بۆ بکرێت.

# سپیکردنەوەی دراو لە هەرێمی کوردستان پەرەدەسێنێت

راپۆرتی، محەمەد ساڵح حەمەلاو



ڕۆژانە دەیان حاڵەتی وەک بردنەدەرەوەی نەوت بەشێوەی نایاسایی‌و بەتاڵانبردنی سەروەت‌و سامانی وڵات‌و بازرگانیکردن بە چەکو بە مادە هۆشبەرەکان‌و مرۆڤ‌و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ‌و چەندین جۆر بازرگانیی نایاسایی لە عێراق‌و هەرێمی کوردستان بوونی هەیەو مامۆستایەکی کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابووریی زانکۆی سلێمانیش ئاماژە بەوە دەکات؛ سەرباری بوونی دەیان جۆر بازرگانی‌و کاری ژێربەژێر، بەڵام تائێستا یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی ئەو دیاردە ترسناکە لە عێراق‌و کوردستان بوونی نییە، ئەوە لەکاتێکدایە کەسانێک هەن کە سامان‌و پارەکانی خۆیان دەبەنە دەرەوەی وڵات بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەکیان لێبکرێت.

سپیکردنەوەی دراو یان بەدەستهێنانی سامان بەشێوەی نایاسایی ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لە گرفتە دارایی‌و ئابوورییەکانی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دنیاو زۆرجار بە گرێکوێرەی دارایی ناودەبرێت، بەجۆرێک وێڕای قەدەغەکردن‌و دانانی دەیان کۆت‌و بەند بۆ بنبڕکردنی سپیکردنەوەی دراو، بەڵام پێناچێت هەروا بە ئاسانیی لە سیستمی دارایی دابماڵرێت.

## سپیکردنەوەی دراو چییە؟

سپیکردنەوەی دراو ئەو پرۆسەیە کە بۆ داهاتێک یان پارەو سەرمایەیەک ئەنجامدەدرێت، کە لەبنچینەدا پارەکە بەشێوەی نایاسایی‌و ناشەرعیی بەدەستهاتووەو جارێکی دیکە خاوەنەکەی هەمان دەستکەوت‌و سەرمایە لە چالاکییەکی یاسایی‌و ڕێگە پێدراودا بەکاردەهێنێتەوە، بۆئەوەی بنەمای پارەکە بسڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی نایاسایی بەدەستیهێناوە، بە نموونە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پارەکە دەگۆڕنەوە بەشێوازی دیکە، وەک (سهم) پشکو موستەنەدات، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا لە بانکەکاندا دادەنرێت یان لە بواری نیشتەجێکردن‌و کڕینی زەویوزاردا جارێکی دیکە بەگەڕدەخرێتەوە.

## بوارەکانی سپیکردنەوەی دراو

سپیکردنەوەی دراو زیاتر خۆی لەو کارو مامەڵە بازرگانیانەدا دەبینێتەوە، کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان یاساغکراون، وەک بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان، مرۆڤ‌و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، چەکو چەندین بواری دیکە.

لەپێناو دەستکەوتی دارایی خۆیاندا بەشێک لە بانکەکان لە جیهاندا بێ هیچ لێکۆڵینەوەو بەشوێنداچوونێک بۆ سەرچاوەی داهاتەکان پێشوازی لە هەر بڕە پارەیەک دەکەن کە ڕوویان تێدەکات.

د.محەمەد ڕەئوف، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابووریی لە زانکۆی سلێمانی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «تا ئامرازەکانی پێشکەوتن وەک زانستی کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت لە دنیادا زیاتر بێت، پرۆسەی سپیکردنەوەی دراویش ڕوو لە زیادبوون دەکات».

بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەپێی یاسا ڕێ لە سپیکردنەوەی دراو گیراوەو یاساکەش وا لە بانکەکان دەکات کە ئاگاداری بڕی ئەو سەرمایانە بن کە داخڵی بانکەکانیان دەبێت، بەتایبەت ئەو بانکانەی کە مامەڵەکانیان زیاتر لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدایە، بۆئەوەی بە تۆمەتی سپیکردنەوەی دراو تۆمەتبارنەکرێن، هەربۆیە پێویستە لەسەر بانکەکانیش لێکۆڵینەوە لەو کەسانە بکەن کە سەرمایە لە بانکەکانیاندا دادەنێن.

## ئابووریی ژێربەژێر

سپیکردنەوەی دراو تەنیا خۆی لەو کارو مامەڵانەدا نابینێتەوە کە نایاسایی‌و قەدەغەکراون، بەڵکو زۆرجار جۆرێک لە مامەڵەیەش دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەی پێدراوە، بەڵام هاوڵاتییان‌و بازرگانەکان پەنا دەبەنە بەر شێوازی نایاسایی، هەربۆیە ئەو مامەڵەیە کە خۆی لە بنەڕەتدا ڕێگەپێدراوە دەچێتە خانەی ئابووریی ژێربەژێرەوە.

د.نەرمین مەعروف، مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابووریی لە زانکۆی سلێمانی، ئەوەی بە نموونە هێنایەوە، کاتێک کەسێک لەدوای تەواوبوونی دەوامی خۆی دوکانێک دابنێت، بەڵام مۆڵەت بۆ دووکانەکە وەرنەگرێت یان زۆرجار بازرگانێک کاڵایەک یان جۆرێک خۆراک دەهێنێت کە لە بنەڕەتدا قەدەغە نییە، بەڵام بۆئەوەی باجو گومرگ نەدات هەوڵدەدات کاڵاکەی بە ڕێگەی قاچاغ بهێنێت، هەربۆیە ئەوجۆرە مامەڵانە دەچنە چوارچێوەی ئابووریی ژێربەژێرەوە.

## قۆناغەکانی سپیکردنەوەی دراو

* قۆناغی بەگەڕخستنی دراو: وەک دانانی پارە لە بانکو دامەزراوە داراییەکاندا.

* قۆناغی ڕووپۆشکردن: بۆشاردنەوەی ڕاستیی مەسەلەکە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک کاری ئاڵۆز ئەنجامدەدرێت، وەک خیتاب، زەمانی ساختە، کڕین‌و فرۆشتنی خانوو و موڵک‌و زەوی‌و (تحفیات) شتی گرانبەها، کڕینی پشکی وەبەرهێنان.

* قۆناغی تێکهەڵکێشکردن: لەم قۆناغەدا ئەو سەروەت‌و سامانەی بەشێوەی نایاسایی دەستکەتووە، جارێکی دیکە لە چەندین بواردا بەگەڕدەخرێتەوە، وەک:

- دانانی پارە لە بانکو دامەزراوە داراییەکاندا.
- ئەنجامدانی کارو پرۆژەی وەبەرهێنان.
- کڕینی تحوفیات.
- ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی سەرمایەداریی.

## ئاستەنگەکان هۆکارن بۆ سپیکردنەوەی دراو

زۆرجار دانانی ئاستەنگ لەبەردەم بەڕێوەچوونی ئیشوکاری هاوڵاتییاندا هۆکارێکە بۆ پەنابردنە بەر سپیکردنەوەی دراو، هەربۆیە هاوڵاتی یان بازرگان هەوڵدەدات چەندین ڕێگەی دیکە بۆ بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانی خۆی بدۆزێتەوە.

د.محەمەد ڕەئوف، ئاماژەی بەوەکرد؛ لە وڵاتێکدا ئەگەر گەندەڵیی هەبێت ئیشوکارەکان بەباشی بەڕێوەناچن‌و خەڵکانێک ناچاردەبن بەشێک لە مامەڵەو ئیشوکارەکانیان بەشێوەی شاراوە یان ژێربەژێر ئەنجام بدەن، چونکە دادپەروەریی لە بەڕێوەچوونی ئیشوکاری ئیداریدا بوونی نییە، یاخود زۆرجار هاوڵاتییان خۆیان نایانەوێت سەروەت‌و سامانی خۆیان بخەنەڕوو بۆئەوەی باجی زیاتریان لێ وەرنەگیرێت.

## یاساغکردن‌و گەندەڵیی

زۆرجار یاساغکردنی کارێک یان چالاکییەکی ئابووریی هۆکارێکی دیکەیە بۆ پەنابردنە بەر سپیکردنەوەی دراو. د.محەمەد ڕەئوف ئەوەی بە نموونە هێنایەوە، کە یاساغکردنی خواردنەوە ڕۆحییەکان لە وڵاتێکی وەک سعودیەدا وادەکات کە هەندێک هاوڵاتی لە هەندێک لە یانەکاندا بەشێوەی نهێنیی بیفرۆشن، هەرئەوەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی بازاڕی ڕەش لە وڵاتدا.

لەلایەکی دیکەوە پابەندنەبوون بە سەروەریی یاساو نەبوونی چاودێریی لەسەر خەڵکانی بازرگان‌و سەرمایەداران، کە ئاخۆ سەروەت‌و سامانەکانیان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە یان نەبوونی لێکۆڵینەوەو بەشوێنداچوون بۆ ئەو سامانە داراییانەی کە دێنە ناوخۆی وڵات دەیان هەوڵی سپیکردنەوەی دراوو بەدەستهێنانی سامانی ناشەرعیی لێدەکەوێتەوە.

د.نەرمین باسی لەوەکرد، لێرەدا گەندەڵیی بە دوو ئاراستەدا کاردەکات، یەکێکیان ئەوەیە کە خودی گەندەڵیی هۆکارێک بێت بۆ ڕێگەپێدانی پرۆسەی سپیکردنەوەی دراو، وەک ئەوەی چاوپۆشیی بکرێت لە بازرگانێک کە بەشێوەی قاچاغ کاڵا بێنێت یان ڕێگە بدرێت بە (اختلاس) بەتاڵانبردنی سەروەت‌و سامانی دەوڵەت، یان ڕەخساندنی هەل بۆ خەڵکانێک کە بیانەوێت بە ڕێگەی نایاسایی سەروەت‌و سامان پێکەوەبنێن.

وتیشی: «هۆکاری دووەم ئەوەیە کە زۆرجار بوونی گەندەڵیی ڕێگەخۆشکەرە بۆ سپیکردنەوەی ئەو سەروەت‌و سامانەی کە بەشێوەی نایاسایی لە دەرەوەی وڵات بەدەستهاتووە، بەڵام بارودۆخی کارگێڕی‌و سیاسیی وڵاتێک کە گەندەڵیی تێیدا پەیڕەودەکرێت ڕێگەی دەدات ئەو پارەیە بهێنرێتە ناو وڵاتەکەو جارێکی دیکە سپیبکرێتەوە.

د.محەمەد باسی لەوەکرد، لە وڵاتێکدا ئەگەر ڕێگە بدرێت تۆڕێک مامەڵەی نایاسایی ئەنجام بدەن، ئەوا هەوڵی سپیکردنەوەی دراو لەو وڵاتەدا زیاتر دەبێت‌و زۆرجاریش لەنێوان بانکەکان‌و گروپە مافیاکاندا تۆڕێک دروستدەکرێت بۆ ئەنجامدانی کاری نایاسایی، بەجۆرێک ئێستا لە هەندێک وڵاتدا کە گروپە مافیاکان تێیدا باڵادەستن ئەو گروپانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دانانی سەرۆکی ئەو وڵاتەو لەزۆر حاڵەتدا ئەگەر گروپە مافیاکان پشتگیریی لەو کەسە نەکەن کە خۆی دەپاڵێوێت، ئەوا ناتوانێت پۆستەکە بەدەستبهێنێت.

## وڵاتە گوماناویەکانی سپیکردنەوەی دراو

- ئەو وڵاتانەی هاوکاریی بەرهەمهێنانی مادە هۆشبەرەکان دەکەن، بریتین لە وڵاتانی بۆرما، کۆڵۆمبیا، پیرۆ، لاوس، کەمبۆدیا.
- ئەو وڵاتانەی بەشدارن لە گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکاندا، وەک:
تورکیا، نەیجیریا، هۆڵەندا، ئیسپانیا، مەکسیک.
- ئەو وڵاتانەی بوونەتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان، پێکدێن لە ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا.

## سپیکردنەوەی دراو لە عێراق‌و کوردستاندا

سەرباری ئەنجامدانی سەدان کاری نایاسایی‌و ژێربەژێر لە عێراق‌و کوردستاندا، بەڵام ڕۆژانە دەیان کاری وەک بردنەدەرەوەی نەوت بەشێوەی نایاسایی‌و بازرگانیکردن بە چەکو مادە هۆشبەرەکان‌و تەنانەت بە مرۆڤ‌و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ‌و بەهەدەربردنی سەروەت‌و سامانی وڵات‌و ئاودیوکردنی شوێنەوارە دێرینەکان‌و دەوڵەمەندبوونی بەشێک لە بازرگانان‌و بەرپرسانی وڵات بە ئاشکرا هەستپێدەکرێت.

د.محەمەد ئەوەی ڕوونکردەوە؛ سپیکردنەوەی دراو لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا بوونی هەیە، بەڵام پێشیوابوو تا وڵات هەژارتربێت پرۆسەی سپیکردنەوەی دراو تێیدا کەمتردەبێت.

وتیشی: «هەرچەندە سپیکردنەوەی دراو لە عێراق‌و کوردستانیش بوونی هەیە، بەڵام تائێستا یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی ئەو دیاردە ترسناکە بوونی نییە، ئەوە لەکاتێکدایە کەسانێک هەن کە سامان‌و پارەکانی خۆیان دەبەنە دەرەوەی وڵات بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەکیان لێبکرێت».

## دەرئەنجامەکانی سپیکردنەوەی دراو

هەرچەندە سپیکردنەوەی دراو لە ناوخۆی وڵاتێکدا لەچەند ڕوویەکەوە سوود بە وڵاتەکە دەگەیەنێت، وەک ئەوەی دەیان پرۆژەو کاری وەبەرهێنان ئەنجامدەدرێت‌و ئەوەش وادەکات کە ڕێژەی بێکاریی کەمبکاتەوەو ئاستی بێکاریی دابەزێنێت، بەڵام ناکرێت دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەو پرۆسەیەش لەبەرچاونەگیرێت.

د.نەرمین باسی لەوەکرد، «لە ئەنجامی سپیکردنەوەی دراودا دەبینین لە پڕێکدا خەڵکانێکی زۆر لەسەر حسابی چینێکی دیکە دەوڵەمەند دەبن‌و ئەوەش ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی لێدەوکەوێتەوەو جارێکی دیکە کێشەی چینایەتی سەرهەڵدەداتەوە». ئەوە سەرباری ئەوەی کە لاسەنگی بازرگانیی دروستدەبێت‌و جاری واش هەیە ئەو سەرمایەی کە دروستدەبێت لە سامانی گشتییەوە سەرچاوەی گرتووەو بردنەدەرەوەشی زیانێکی گەورە بە ئابووریی‌و دارایی وڵات دەگەیەنێت.

ئەو مامۆستایەی کۆلێژی کارگێڕی‌و ئابووریی پێشیوابوو؛ «ڕەنگە لەماوەیەکی کورتدا زیانەکانی سپیکردنەوەی دراو دەرنەکەوێت، بەڵام دوای ماوەیەک کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتەو دواتر وادەکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی بازرگانیی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا ڕابگرێت‌و بەشێوەیەک لە شێوەکان متمانەی نێودەوڵەتیی لەدەستبدات.

## ئەو چالاکیانەی سپیکردنەوەی دراو تێیاندا ڕوودەدات

- کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار.
- کۆمپانیاکانی بواری هاوردەکردن‌و ناردنەدەرەوەی کاڵا.
- بازرگانیکردن بە زێڕو کانزا بەنرخەکانەوە.
- بانکەکانی دەرەوەی وڵات.
- بریکاری کۆمپانیاکانی ئۆتومبێل، بەلەم، بواری فڕۆکەوانی.
- نووسینگەکانی کڕین‌و فرۆشتنی خانوو و زەوی.
- کارگەی دروستکردنی ئۆتومبێل.

## نەبوونی یاسای ڕێگریی لە سپیکردنەوەی دراو

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا وێڕای ئەوەی بەپێی یاسا سپیکردنەوەی دراو قەدەغەکراوەو دەیان دەزگاو دامەزراوەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆسەی سپیکردنەوەی دراو دامەزراوە، بەڵام تائێستا لە عێراق‌و کوردستاندا یاسایەک بۆ بنبڕکردنی سپیکردنەوەی دراو بوونی نییە،

سەیوان عەلی، بەڕێوەبەری بانکی وەرکا لە سلێمانی‌و شارەزا لە بواری بانکدا، بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد؛ لەدوای دامەزراندنی بانکە ئەهلییەکان لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکاندا، بەمەرجێک مۆڵەت بەو بانکانە دراوە، کە دەبێت پابەندبن بە یاسای بانکی مەرکەزییەوە، کە تێیدا ڕێنمایی ئەوە کراوە دەبێت بانکەکان ڕێگریی بکەن لە هەرجۆرە هەوڵێک بۆسپیکردنەوەی دراو،

بەڕێوەبەری بانکی وەرکا ئەوەشی بە نموونە هێنایەوە، بەپێی ڕێنماییەکان سەقفێکی دارایی دانراوە بۆ حەواڵەکردن‌و بردنەدەرەی دراو کە (١٠) هەزار دۆلارەو لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر پارەکە لەوە زیاتربێت، ئەوا دەبێت خاوەنەکەی هۆکاری ناردنەدەرەوەی پارەکە بۆ ئیدارەی بانکەکە ڕوونبکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر بازرگان بێت دەبێت مەنەفێستی ئەو کاڵایەی کە دەیکڕێت پێی بێت‌و مەنەفێستەکەش بەناوی خۆیەوە بێت یان گرێبەستی کڕینی کاڵاکەی هەبێت.

سەیوان پێیوایە؛ پابەندبوون بە یاساکانی بانکی مەرکەزییەوە باشترین ڕێگەیە بۆ ڕێگریکردن لە پرۆسەی سپیکردنەوەی دراو، ئەوە جگەلەوەی پێویستە چاودێریی بخرێتە سەر زۆرێک لەو بوارانەی کە گومانی سپیکردنەوەی دراو تێیاندا بەهێزە، هەروەک دەزگای چاودێریی لەسەر بازرگانی مادە هۆشبەرەکان‌و قومارخانەکان دابنرێت.

## ئەو لایەنانەی بە سپیکردنەوەی دراو تۆمەتبارکراون

- ڕێژەی ئەو پارەیەی کە لە ئەمریکا ڕووبەڕووی سپیکردنەوە بووەتەوە (٢٢) ملیاردۆلارە.
- سەرۆکی فلیپین‌و هاوسەرەکەی زیاتر لە (١٠) ملیۆن دۆلاریان بەشێوەی ناشەرعیی بەدەستهێنا.
- ساڵی (١٩٩٧) گەورەترین کارەساتی دارایی لە کۆریای باشوور ئاشکرابوو، کە بڕەکەی بە (٦) ملیار دۆلار مەزندەکرا.
- ساڵی (١٩٨٨) سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن‌و هەریەک لە وەزیری دادو دارایی‌و پلاندانان بەهۆی بوونی دەستیان لە کارەساتێکی داراییدا دەستیان پێ لەکارکێشرایەوە.
- سەرۆکی ڕۆمانیا بەهۆی بەهەدەربردنی یەک ملیار دۆلارو دەرکەوتنی گەندەڵیی لە سێدارە درا.
- لە میسر بەهۆی تێوەگلانی بە ڕووداوێکی داراییەوە بازرگانێک (٢٥) ملیۆن دۆلاری بەشێوەی نایاسایی بەدەستهێنا.
- لە ئیمارات بەڕێوەبەری بانکێکی ئیسلامیی بە تۆمەتی بردنی (٥٠٠) ملیۆن درهەم تۆمەتبارکرا.
- لە ئێرانیش محەمەد ڕەزاشا (٢٠) ملیار دۆلاری ئەو سەردەمە، کە پارەی زیادەی فرۆشتنی نەوت بوو ڕەوانەی بانکەکانی ئەمریکاو ئەوروپا کرد، کە تائێستاش دەستیان بەسەرداگیراوە.

# حکومەتی هەرێم بە دواخستنی بودجە دەناسرێتەوە

**راپۆرتی، شارا عەبدولڕەحمان**





تائێستا بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان ئامادەنەکراوە تاکو بنێردرێتە پەرلەمان بۆ تاووتوێکردنی‌و پێدەچێت دووبارە وەک ساڵانی رابردوو پەسەندکردنی بودجە دوابکەوێت بۆ مانگەکانی نزیک ناوەڕاستی ساڵ، بەو هۆیەشەوە چاودێرانی ئابووریی هەرێم پێیانوایە؛ دواخستنی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە «بووەتە عورفێک کە دەسەلات خووی پێوەگرتووە».

لە رۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٢)ەوە بودجەی گشتیی عێراق نێردراوەتە ئەنجومەنی نوێنەران‌و راگەیەنراوە، کە بودجەی هەرێمی کوردستان بەپێی سیستمی (١٧٪)ی بودجەی عێراقە، بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠) بریتییە لە (١٠) تریلیۆن‌و (٢٣٣) ملیارو (٧٢٢) ملیۆن‌و (٥٩٣) هەزار دیناری عێراقی، لەکاتی راگەیاندنی ئەو بودجەیەشەوە حکومەتی هەرێم دەیتوانی بە تەخمینی بودجەی پێویستی وەزارەتەکانی خۆی ئامادەبکات‌و بینێرێتە پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن‌و پەسەندکردنی، بۆئەوەی لە سەرەتای ساڵەوە دەستبکرێت بە ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتەکان پێشکەشیان کردووە، بەڵام تائێستا ئەو بودجەیە نەنێردراوەتە پەرلەمان‌و پێدەچێت وەک ساڵی پار، کە بودجەی ساڵەکەی لەمانگی ئایاردا پەسەندکرا، بودجە پەسەندبکرێت.

فەیسەڵ عەلی، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی ئابووریناسانی کوردستان، پێیوابوو؛ دواکەوتنی بودجە کاریگەریی خراپی لەسەر باری دارایی هەرێمی کوردستان بەگشتیی‌و بواری پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەتایبەتی دەبێت.

فەیسەڵ عەلی بە رۆژنامەی راگەیاند: پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە دوادەکەون، ئەمەش کێشە لە بوارە خزمەتگوزارییەکانی خەڵکدا دروستدەکات، وتیشی: «دەبوو حکومەتی هەرێم بۆ سەرەتای ساڵی (٢٠١٠) بودجەکەی خۆی رەوانە بکردایە، بۆ ئەوەی دەستکراوە بوایە لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتەکان پێویستیانە، چونکە هەرچەندێک بودجە دوابکەوێت ئەو پرۆژانەش دوادەکەوێت، دواکەوتنی ئەو پرۆژانەش وادەکات کە نەتوانرێت بودجەکە وەک پێویست خەرج بکرێت».

بە بڕوای فەیسەڵ عەلی هۆکاری دواکەوتن یان نەناردنی بودجە بۆ پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە وەزارەتەکان توانای ئەوەیان نییە کە لەماوەی دوو مانگی پێش کۆتایی ساڵ بتوانن بودجەکەیان ئامادەبکەن، هەروەک وتی: «بەهۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی پشتی بەو (١٧٪)ەی بودجەی عێراق بەستووە، کە ساڵانە بۆی دێت، رەنگە حکومەتی هەرێم دواکەوتنی بودجەی خۆی بۆ دواکەوتی پەسەندکردنی بودجەی گشتیی عێراق بگێڕێتەوە، بەڵام پێموایە کە خودی حکومەتی هەرێم‌و وەزارەتەکانی توانای ئەوەیان نییە کە لەماوەی دوو مانگی پێش کۆتایی ساڵدا بتوانن مەزەندەی بودجەی ساڵی داهاتوو بکەن».

پـرۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە ئامادەدەکرێت، بەڵام هیچ کام لەو ساڵانە بودجە لەکاتی خۆیدا نەنێردراوەتە پەرلەمان تاکو پەسەندبکرێت‌و وەزارەتەکان هـەر لە سـەرەتـای ساڵدا دەستبکەن بەو پرۆژانەی کە پێویستیانە، بەو هۆیەشەوە گومانی ئەوە لای چاودێران‌و هاوڵاتییانی هەرێم دروست بووە، کە ئامادەنەکردنی بودجە لەکاتی خۆیدا پلانێکی پێشوەختی دەسەلات بێت یان لە بێپلانیی حکومەتی هەرێمەوە بێت.

هاوار شێخ رەئوف، ئابووریناس، باسی لەوەکرد؛ حکومەتی هەرێم بەردەوام هەڵەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە، لەنێویشیاندا هەڵەی دواخستنی بودجە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە لە هەرێمدا ژیانی کارگێڕیی بە لاڕێدا براوەو حکومەت لە توانای ئـەوەدا نییە کە بەپێی ستانداردە زانستییەکان لە کات‌و ساتی خۆیدا بودجە بنێردرێتە پەرلەمان.

هاوار پێیوایە؛ هۆکارەکانی دواکەوتنی بودجەی ساڵی (٢٠١٠) جیاوازە لە هۆکاری دواکەوتنی بودجەی ساڵانی رابردوو، وتیشی: «لەماوەی رابـــردوودا خەرجکردنی پارەی گشتیی بەبێ سەروبەرەیی کراوەو رێکخستنی لەکاتێکی وا کەمدا هەروا ئاسان نییە، ئەمە جگە لەوەی کە ئێستا لە پەرلەماندا ئۆپۆزسیۆن هەیەو حکومەت ناچارە زیاتر خۆی تەرخانبکات بۆ رێکخستنەوەی بودجە، چونکە ساڵانی رابردوو ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا نەبوو، بە هەرشێوەیەک بودجە رەوانە بکرایە بەبێ کێشە تێدەپەڕی، بەڵام ئەمساڵ پێویستی بە دیقەتی زیاتر هەیە، هاوکات دواکەوتنی بودجە بۆ حکومەتی هەرێم بووەتە عورفێک کە دەسەلات خوی پێوەگرتووە».

بێپلانیی حکومەتی هەرێمیش لەمەڕ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی خۆیدا، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بووەتە جێگەی مشتومڕی ئابووریناسان، هەروەک لە وتەکانی هاوار شێخ رەئوفدا دەردەکەوێت، کە بەشێکی گرنگی دواکەوتنی بودجە پەیوەندیی بە بێپلانیی حکومەتەوە هەیە. سەبارەت بە پرسی بودجەی ساڵانە، وتیشی: «رەنگە دەسەلات ئەوە نەزانێت کە دواخستنی بودجە دواجار رێزنەگرتنە لە ئیرادەی خەڵک».

بودجەی ساڵانەی هەر وڵاتێک گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە لەسەر سێ کایەی بەرچاوی کۆمەڵگە، ئەوانیش کـایـەی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییین، لەرووە سیاسییەکەوە گرنگیی بودجە ئەوەیە کە دەبێت لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە پەسەندبکرێت، کە ئەویش ئەندامانی پەرلەمان‌و هیچ خەرجکردنێک شەرعیی نابێت ئەگەر پەرلەمان رەزامەندیی لەسەر دەرنەبڕیبێت.

لە رووە ئابوورییەکەی بودجەشەوە بڕوانین، حکومەت دەتوانێت ئالیەت‌و پلانی ئابووریی هەبێت بۆ بەرەوپێشخستن‌و ئـاوەدانـکـردنـی زیـاتـری وڵات، لـە رووە کۆمەڵایەتییەکەشەوە دەتوانرێت لە رێگەی زیادکردنی باجەوە جیاوازیی چینایەتی کەمبکرێتەوەو چینە بەرزەکان بەپێدانی بڕێکی زۆرتری باج بە حکومەت بەپێی یاسایەک‌و دواتر بەکارهێنانی ئەو باجە لە خزمەتی چینە نزمەکانی کۆمەڵگەدا فرسەتێک دروستدەکات تاکو جیاوازیی چینایەتی بەمشێوەیەی ئێستای هەرێم نەبێت.

ئیسماعیل گەلاڵەیی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوابوو؛ نەناردنی بودجە بۆ پەرلەمان مانای ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت بەگشتیی‌و وەزارەتـی دارایی بەتایبەتی تائێستاش توانای نییە ئامادەکاریی بۆ بودجە بکات‌و چەندین ساڵە ئەمە دووبارە دەبێتەوە.

فراکسیۆنی گـۆڕان‌و لیژنەی دارایـی پەرلەمان تائێستا چەندجارێک داوایـان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە بودجە بنێردرێتە پەرلەمان تا وەک ساڵانی رابردوو دوانەکەوێت، بەڵام بە وتەی ئیسماعیل سەعید «تائێستا بودجەکە نەنێردراوە، کە ئەمەش کاریگەریی سلبیی دەبێت لەسەر ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان».

# هەڵاوسان لە کوردستان گەیشتووەتە رێژەیەکی مەترسیدار

**راپۆرتی سەنگەر جەمال**

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی ئاسک (کۆمەڵەی کـوردی- ئەمریکی) رێـژەی هەڵاوسان رێژەیەکی زۆرو مەترسیداری تێپەڕاندووەو گەیشتووەتە (٧٠٪)، پسپۆڕانی ئابووریش ئەو رێژەیە بـەزۆر دەزانـن‌و جەخت لەوە دەکرێتەوە کە حکومەت‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە وەک پێویست کاربکەن بۆ کەمکردنەوەی ئەو رێژەیە.

پـــرۆژەی چـاودێـریـکـردنـی رێـژەی هەڵاوسان لە کوردستان لەلایەن رێکخراوی ئاسک‌و بە پشتگیریی رێکخراوی (CEPE) کە رێکخراوێکی ئەمریکییە بۆ بایەخدان‌و پشتگیریی لـە پـــرۆژە ئابوورییەکان لە (٨)مـانـگـداو لەنێوان (٢٠٠٨/٨/١ – ٢٠٠٩/٤/٣٠) لە هەرسێ شاری (هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک) ئەنجامدراوەو لە دوایین راپۆرتیاندا رایانگەیاند، کە رێژەی هەڵاوسان لەو ماوەیەدا گەیشتووەتە (٧٠٪)، ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەپێی پێوەرە ئابوورییەکان، رێژەی هەڵاوسان دوای تێپەڕکردنی (١٠٪) مەترسیدارەو کاریگەریی خراپی دەبێت‌و کاردەکاتە سەر کەرتە ئابوورییەکان‌و دەبێتە کێشەیەکی ئابووریی.

هەرچەندە د.ئـاراس حسێن، ئەندامی لیژنەی مافی بەکاربەرو سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، گومانی هەیە لە راستی رێژەکەو بە وتەی ئەو، بەشێک لەو پێداویستییانەی هاوڵاتییان بەکاریدەهێنن نرخی دابـەزیـوە، وتی «بڕوا ناکەم لە (٨)مانگدا بەو رێژەیە نرخ بەرزبووبێتەوە»، بەڵام نکۆڵی لەوە نەکرد کە هاوڵاتییان ئاماژە بە گرانیی نرخ دەکەن‌و نرخ لە کوردستان بەرزەو مووچەخۆران هەرچەند مووچەیان زیادبکات، فریای نرخی کەلوپەلی ناوبازاڕ ناکەون، «چونکە پارەیەکی زۆر بەشێوەیەک لە شێوەکان دێتە ناو بازاڕەوەو بەرهەمی ناوخۆو دەرەکیش ناتوانن بەرەنگاری ئەو داخوازییە زۆرە ببنەوە کە لەسەریانە».

رابەر تەڵعەت، بەڕێوەبەری رێکخراوی ئاسک، باس لەوەدەکات کە لەو ماوەیەدا پشتیان بە ستافی ناوخۆیی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان لەسەر شتومەک‌و خزمەتگوزاریی، یان تۆمارکردنی پرۆسەی پێوانەکان دووجار لە هەفتەیەکداو وەکخۆی دەڵێت: داتاکان بەشێوەی زانستی کراون‌و پسپۆڕانی ئابووریی شیکردنەوەیان بۆ کـردوون‌و جێی بـاوەڕن کە بۆ نرخ‌و گۆڕانکارییەکانی (٤٠٠) مادە وەرگیراون لە بازاڕەکاندا، کە لە جلوبەرگ‌و خۆراک‌و پێداویستی‌و گۆڕانکاریی نرخەکانن.

د.محەمەد رەئوف، پسپۆڕی ئابووریی‌و مامۆستای زانکۆ بە رۆژنامەی راگەیاند «ئەو رێژەیەی کە تۆمارکراوە، ئاسایی نییەو لە دوو ئەوەندە نزیکدەبێتەوە، هۆکاری هەڵاوسان زۆرە لە عێراق‌و کوردستان، کە بەتایبەت خستنەڕووی زیادەی دراوە، ئـەوەش زۆری کاریگەریی لەسەر ئەو چین‌و توێژانە زیاددەکات کە داهاتەکانیان زیاد نابێت‌و جێگیرە، چونکە نرخەکان بەرزدەبنەوەو بەهای یەکە دادەبەزێت».

## هۆکارەکانی هەڵاوسان

جگە لـە دەرەنـجـامـی راپـۆرتـەکـەی ئاسک، پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆریی خستنەڕووی دراو و پشتنەبەستن بە بەرهەمی ناوخۆ کاریگەریی سەرەکی هەیە بۆ زیادکردنی رێژەی هەڵاوسان لە کوردستاندا.

رابـــەر تــەڵــعــەت بـۆ رۆژنـامــەی رووندەکاتەوە، کە چەند هۆکارێک هەن بۆ هەڵاوسان، وەک هۆکارە پێکهاتەییەکان‌و زۆریی بڕی دراو لە عێراق‌و کوردستاندا کە پارەیەکی زۆر خراوەتە بازاڕەوەو لەو کاتەشدا خواستی بەکاربەر زیاد دەبێت، هۆکارێکی دیکەش لاوازیی سیاسەتە گشتییە پەیڕەوکراوەکانە لەلایەن حکومەتەوەو پێچەوانەبوونیانە لەگەڵ یەکتر، جگە لە سیاسەتە بازرگانییەکانی دیکە کە پەیوەندییان بە پلاندانانی حکومەتەوە هەبووە.

د.محەمەد، لاوازیی توانای بەرهەمهێنانی خـۆراک‌و کاڵا لە عێراقدا بە هۆکارێکی سەرەکی هەڵاوسان دەزانێت‌و پێیوایە، بەهۆی سیاسەتە ئابوورییە هەڵەکانی عـێـراقـەوە لە رابـــردوودا ئـەو گرفتانە دروستبوون، «کاتێک ناردنەدەرەوەی نەوت زیادیکردو بووە سەرچاوەیەکی سەرەکی، کەرتەکانی دیکە لاوازبـوون، لەکاتێکدا توانای مرۆیی‌و دارایـی‌و زەوی زۆری هەیە، بەڵام گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ نەدراوەو بەردەوام پاشەکشێی کردووە، ئـەوەش کاریگەریی خراپی هەبووە بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکان».

## کارنەکردن‌و چارەسەر

هەرچەندە رابـەر روونیدەکاتەوە کە بـەردەوام دەبن لە چاودێریکردنی نرخی هەڵاوسان، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرباری ئەو کارەیان، حکومەت‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە سوود لە راپۆرت‌و پرۆژەکەی ئەوان ببینن، لەکاتێکدا لەکاتی خستنەڕوویدا ئامادەبوون، وتیشی: «هۆکارەکەشی ئەوەبووە کە حکومەت پشت بە پلانەکانی وەزارەتـی پلاندانان دەبەستێت».

ئاماژە بەوەشدەکات کە ئەگەر حکومەت بیەوێت ئەو ئاستە زۆرەی هەڵاوسان، بەتایبەت لە نرخی کەلوپەلی رۆژانـەی هاوڵاتییاندا بهێنێتە خـــوارەوە، دەبێت پشتگیریی هەندێک بـازاڕی دیکە بکات بۆئەوەی ببنە رکابەرێک بەرامبەر بازاڕی ئـازادو لە ململانێی نرخی شتومەک‌و کوالێتییەکانییەوە، باس لەوەشدەکات کە کۆمەڵێک سیاسەت هەن حکومەت دەتوانێت بییانگرێتە بەر لە رووی بازاڕو پاراستنی بەکاربەرو زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆو ئەو بـاج‌و گومرگانەی دەخرێنە سەر شتومەکی هـاوردەوە کە «تائێستا وەک پێویست ئەو کارانە نەکراون‌و پرۆژەیاسای مافی بەکاربەر لە پەرلەمان دانیشتنی لەسەر نەکراوە، نە لەم خولەو نە لە خولی پێشووی پەرلەمانیشدا هەنگاوێکی عەمەلی نەنراوە بۆ ئەو مەبەستە».

د.ئاراس، بۆ رۆژنامە روونیدەکاتەوە کە پرۆژەیاسای مافی بەکاربەر لە پەرلەمان کاری تێدا دەکرێت‌و پێیوانییە دواکەوتنێک هەبێت، بەوپێیەی رای هاوڵاتییان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بۆ وەردەگیرێت، بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەش وتی «پێویستە هەوڵبدرێت پـەرە بە بەرهەمی ناوخۆ بدرێت‌و هانی بازرگانان بدرێت ئەو کاڵایانە بیهێنن کە کەموکوڕییان هەیەو داوایان زۆر لەسەرە».

بـەڵام د.محەمەد پێیوایە، حکومەتی هـەرێـم هـەمـوو شتێکی پێناکرێت بۆ کەمکردنەوەی رێژەی هەڵاوسان، بەوپێیەی هەموو سەرچاوەکانی هـەڵاوسـان لە هەرێمی کوردستانەوە نیین‌و بەشێکی زۆریـان دەگەڕێنەوە بۆ خستنەڕووی دراو، کە پەیوەستە بە بانکی ناوەندییەوە، لەوبڕوایەشدایە کە حکومەتی هەرێمیش بەشداریکردووە لە زۆرکردنی هەڵاوساندا کە خەڵکانێکی زۆری دامـەزرانـدووە، «خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە مرۆییەکان لە هەرێمی کوردستان‌و پشتگوێخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ‌و پیشەسازیی کە کاریگەریی دەبێت لەسەر کەمبوونەوەی وەبەرهێنان»، وتیشی «ئەگەر ئەو کارانە رێکبخرێنەوە دەتوانرێت سوودمەندبین لێی، بەڵام هەموو کلیلەکانی چارەسەرکردنی هەڵاوسان بە دەست حکومەتی هەرێمەوە نین».

# وەرزی ناڕەزاییو خۆپیشاندان، بارودۆخی کوردستان دەگۆڕێت

**راپۆرتی، رۆژنامە**



قەدەغەکردنی خۆپیشاندان مەترسی توندوتیژیی لێدەکرێت فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

ئاسایشی گشتیی- سلێمانی، ئاگاداری هەموو رێکخراوو لایەنە سیاسییەکانو کۆمەڵانی خەڵک کـردەوە، کە چیتر بەبێ مۆڵەتی پێشووەخت خۆپیشاندان سازنەکەنو پلانی دوژمـنـانـی کـوردسـتـان جێبەجێ نەکەن، بەوپێیەی (ئەم کوردستانە ئارامو دیموکراسییە بەری رەنجی هەموو لایەکمانە)، بەڵام بەبڕوای چالاکوانانی بواری مافەکانی مرۆڤو کۆمەڵی مەدەنی، ئەمە شێوازێکە لە شێوازەکانی قەدەغەکردنی خۆپیشاندانو رێگرتنە لە هەڵبڕینی دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر کەموکوڕییەکانی دەسەڵات.

رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٣) دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییان لە بەرامبەر چەند وتەیەکی نەشیاوی سەرۆکی شارەوانییەکەیانو چەندین کەموکوڕیی دیکە کە لە ناحیەکەیاندا هەبوو سازکرد، بەڵام دواتر خۆپیشاندەران لەلایەن دەسەڵاتەوە بە ئاژاوەگێڕ ناوبران، دوای چەند رۆژێک لەو رووداوە دانیشتوانی قەزای سەیدسادق بەنیازی خۆپیشاندانێکی جەماوەریی بوون لە دژی کەمیی خزمەتگوزارییەکانیان، بەڵام بەهۆی هێنانەناوەوەی هێزێکی زۆری ئاسایشو پۆلیس بۆ ناو قەزاکەو بە مەبەستی پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران، خۆپیشاندانەکە دواخرا بۆ کاتێکی نادیار.

لـەسـەر رۆشـنـایـی ئـەو نـاڕەزایـیو خۆپیشاندانانەشەوە رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٣٠) (ئاسایشی گشتیی- سلێمانی) بەیاننامەیەکی توندی بۆ هاوڵاتیان راگەیاند: کە بەشێوەیەک لەشێوەکان خۆپیشاندان قەدەغە دەکاتو ئەنجامدەرانیشی تووشی سزای یاسایی دەکاتەوە، بەیاننامەکە تێیدا هاتووە: «رێگە بەهیچ خۆپیشاندانو مانۆڕێکی بێ مۆڵەتو ناقانونی نادرێتو هەر گروپو لایەنێک ئەو کارە بکات رووبەڕووی دادگاو لێپێچینەوەی قانونی دەبێتەوە»، هاوکات لە بەشێکی بەیاننامەکەشدا ئاماژە بەوەکراوە، کە نابێت هاوڵاتیان بەبێ مۆڵەتی پێشووەخت خۆپیشاندان سازبکەنو پلانی دوژمنانی کوردستان جێبەجێ بکەن.

بـەڵام بـەوتـەی یەکێک لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکەی شارۆچکەی پیرەمەگرون، خـەڵـک بـۆ سەلماندنی مـافـی خۆییو داخوازییەکانی رێپێوانی سازکرد، بەڵام بەهۆی توندوتیژیی هێزەکانی پۆلیسەوە رێپێوانەکە بوو بە خۆپیشاندانو تێیدا چەند ئۆتۆمبیلێکی حکومیی سووتێنراو زیانێکی زۆر بەر هاوڵاتیان کەوت.

ئەو هاوڵاتییە کە بەباشی زانـی ناوی بڵاونەکرێتەوە، لەبەرئەوەی چەند کەسێکی دیکە هاوشێوەی ئەوکە بەشداریی خۆپیشاندانەکەیان کردووە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسەوە دەستگیرکرابوون، باسی لەوەکرد کە هیچ گروپو لایەنێک ناتوانێت بڵێت من هەڵسووڕاوو بزوێنەری خۆپیشاندانەکە بووم، دانیشتوانی پیرەمەگروون بە پێکهاتە جیاوازەکانەوە ئەو رۆژە ناڕەزاییەکانی خۆیان دەربڕیوە، نەک دەستێک لەپشت خۆپیشاندانەکەوە بێت وەک دەسەڵات باسی کردو بەپلانی دوژمنانیان دایە قەڵەم.

هەر دوای رۆژێـک لە خۆپیشاندانەکەی پیرەمەگرون هێزەکانی ناوخۆ، (٣) کارمەندی ئاسایشو (٣) هـاوڵاتـیو فەرمانبەرێکی شارەوانیان دەستیگرکرد، کە بەشدارییان لەخۆپیشاندانەکەدا کردبوو، تائێستاش رێگە نـەدراوە کە کەسوکارەکەیان چاویان پێیان بکەوێت.

دوابەدوای ئەوخۆپیشاندانەی پیرەمەگرونو هـەوڵـدان بۆ خۆپیشاندان لە شارۆچکەی سەیدسادق، ناوچەکانی شکارتەو گەرمیان دەسەڵاتیان ئاگادارکردەوە، کە خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن، ئەگەر داخوازییەکانیان جێبەجێ نەکرێت، کە ئەوانیش زۆرتر خۆیان لە دابینکردنی بەشە بودجەی تایبەتو دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو رێگاوباندا دەبینییەوە، بەڵام پێدەچێت بەهۆی بەیاننامەکەی وەزارەتـی نـاوخـۆوە بۆ لـەمـەودوا خۆپیشاندانەکان قورستربنو سزای خۆپیشاندەرانی تێبکەوێت.

عەلی کـەریـم، سـەرۆکـی ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: کێشەکە ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسیی لەم رێگەیەوە مۆڵەت بە هەندێک خۆپیشاندان نادات، کە دژ بە دەسەڵات بێت، ئەمە لەکاتێکدا کە خەڵک مافی بنەڕەتی خۆیەتی، کە وەک یەکێک لە هۆکارەکانی ئازادیی رادەربڕین خۆپیشاندان بکات، کە شێوازێکی شارستانییەو گرنگیشە دەسەڵات پارێزەری ئەو مافەی هاوڵاتیان بێت، چونکە دەسەڵاتی دیموکراسیی لە خۆپیشاندان ناترسێت هەروەها خەڵک کاتێک خۆپیشاندان دەکات، کە دەسەڵات بەهی خۆی دەزانێت دەنا رێگەی دیکە دەگرێتە بەر».


وەک نەریتێکی دوبارەبووەوەو دوابەدوای هـەر خۆپیشاندانێک کە ئەنجامدەدرێت، دەسەڵاتداران لەبری ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرەتای ئەو کێشانەی کە خەڵک لە ئاستیان بەدەنگ هاتووە، باس لەوە دەکەن کە ئەوانە تاقمێکی ئاژاوەگێڕو نابەرپرسنو بۆ تێکدانی بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەو خۆپیشاندانانە سازدەکەنو لە دواهەمین خۆپیشاندانیشدا کە ئەوەی پیرەمەگرون بوو، جگە لە تاوانبارکردنی خەڵکەکە بە ئاژاوەگێڕ باس لەوە کرا، کە گروپێک بۆ مەرامی سیاسیی لەپشتی خۆپیشاندانەکەوەبوون لە بەشێکی بەیاننامەکەشدا ئـەوە بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێت، کە دەڵێت: باخەڵک پلانی دوژمنانی کوردستان جێبەجێنەکات، چونکە ئەم کوردستانە ئارامو دیموکراسییە بەری رەنجی هەموو لایەکمانە.

بـەڵام بەوتەی شـۆڕش ئەمین چالاک لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنی؛ ئەو قسانەی کە دەسەڵات خەڵکی پێ تۆمەتبار دەکات تەنیا قسەی خەڵکانی نابەرپرسە بەرامبەر بە گەلو نیشتمانو خەڵکەکەی، دەنا خۆیان دەزانن کە خەڵک لە کەمیی خزمەتگوزارییەکاندا بەقسە هاتوون، نەک بەهاندانی تاقمو گروپی سیاسیی، چونکە هەموو ئەو خۆپیشاندەرانە خەڵکی ئەم میللەتەنو لەپەراوێزخستنیاندا خۆپیشاندان ئـەنـجـامـدەدەن، وتیشی: «لـەبـری ئـەوەی دەسەڵاتداران رێگە لە خۆپیشاندانەکان بگرن پێویستە بگەڕێن بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە خەڵک لەسەری بەدەنگ هاتووە، دەنا رێگرتنو هەڕەشەکردنو تەقەکردن بەسەر خۆپیشاندەردا زیاتر بارودۆخ دەتەقێنێتەوەو رەنگە ناڕەزایەتییەکان چەندین ناوچەی دیکەی کوردستان بگرێتەوە، رەنگە ترساندن بۆ کاتێکی زۆر کـورت خەڵک بترسێنێت، بەڵام خەڵک رق ئەستوورتر دەکات بەرامبەر دەسەڵات».

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# پێویستە کورد زمانێکی یەکگرتووی هەبێت

**راپۆرتی، ئارام شێخ وەسانی**
**هەولێر**



زیاد لە دوو ساڵە بابەتی نەبوونی زمانێکی فەرمییو ستاندار لەناو کـورددا بووەتە جێگەی گفتوگۆو تائێستاش چەندان هەوڵی جۆراوجۆر دراون، بەڵام ئەم بابەتە رۆژ بـەرۆژ زیاتر بـەرەو ئاڵۆزیی دەچێت، دوا هەوڵ بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ ئەم بابەتەو ئەم کێشەیە ئامادەکارییو گرێدانی کۆنفراسێک بوو لە شاری هەولێر کە لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە رێکخرا، بەڵام بەپێی دوا دەرەنجامەکانی کۆنفرانس ئەم بابەتە وەک خۆی مایەوەو هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە.

### گرفتی دوو شێوەزاریی:

ئەو هەوڵە جۆاروجۆرانەی کە لە رابردوودا دراون زۆرینەیان لەو خاڵەدا وەستاون، کە نابێت زمانی شێوەزاری سۆرانی بکرێتە زمانی ستانداری کوردی، لێرەدا هەر لایەک بە چەند شێوازێک بەرگریی لە بیروبۆچوونیان دەکەن، نوێنەرانی دەڤەری بادینان باس لەوە دەکەن، کە زمانی کرمانجی (بادینی) لەڕووی مێژوو و گرینگییەوە لەپێش زمانی سۆارانییەوەیە، هەروەها زۆرینەی کوردی هەرچوار پارچەکە زۆرینەنەیان لە تورکیانو بە کرمانجی قسە دەکەن، بۆیە ناکرێت سۆرانی بکرێتە زمانی فەرمیی، بەڵام شارەزایانی زمان لە هەولێرو سلێمانی ئەو بابەتە رەتدەکەنەوەو پشت بەمێژووی کوردستانی عێراقو خەڵکی کوردستانی عێراق دەبەستن، کە زۆرینەی بە شێوەزاری سۆرانی قسە دەکەن.

مامۆستا عـەبـدوڵـڵای حـەسـەن زادە وەک بەشداربوویەکی کۆنفرانسەکەو ئەزموونديدەیەکی سیاسییو ئەدەبی بە وتارێک سەرنجی خۆی لە کۆنفرانسەکە خستەڕوو، لە وتارەکەیدا پێویستی هەبوونی زمانێکی فەرمییو یەکگرتووی بۆ کورد دووپاتکردەوە.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە بە رۆژنامەی راگـەیـانـد: «بـۆ کـورد پێویستە زمانێکی یەکگرتووی هەبێـت، بەڵام بابەتی ئەوەی، ئایا کامە زمـان پێویستە ببێتە ستاندارد ئەوە شایەنی قسەکردنو گفتوگۆیە، بەڵام لە کۆنفرانسەکەدا بەشێکیان بڕوایان وابوو هەردوو شێوەزار زمانی فەرمیی بن، تا باس لەوە دەکرا شێوەزارەکانی دیکەیش لەداهاتوو ئـەو مافەیان پێبدرێ، کە بکرێنە زمانی نووسینو خوێندنەوە».

مـاوەی چەند ساڵێکە خەڵکی بادینان نـاڕەزایـی لە خوێندن بە زمانی سۆرانی دەردەبـڕنو پێیانوایە؛ هۆکارێکی زۆر کاریگەربووە بۆ خراپیی ئاستی خوێندن لە بادیناندا، چونکە منداڵەکانی بادینان لە سۆرانی تێناگەن.

د.کـامـەران بـەرواری بـەشـداربـووی کۆنفرانس لایەنگری ئەو بابەتە دەکات، کە هەموو شێوەزارەکان بە فەرمیی بناسێنرێن بۆ ئەوەی خۆشەویستی بۆ دیالێکتەکان دروست بێت.

د.کامەران بۆ رۆژنامە وتی: «پێویستە هەموو شێوەزارەکان مافیان پێبدرێت، کێشەکە تەنیا زاری سۆرانیو کرمانجی نییە، خەڵکی کرمانج هیچ حەساسییەتێکیان نییە لەگەڵ زاری سۆرانی، بەڵام هەڵوێستی سنووری دهۆک هەڵوێستێکی زانستییو مرۆڤایەتیو نیشتمانییە، ئێمە دەڵێین بەحوکمی مێژوو هەموو شێوەزارەکان لوڕ، کرمانج، زازا، سۆرانی، پێویستە هیچیان فەرامۆش نەکرێن، نە لە دیموکراسیی، نە لە کۆمەڵگەی مەدەنی».

بـەرواری ئاماژە بەوە دەکات: «ناتوانین دیالێکتێک لەناوبەرینو دیالێکتێک بکەینە فەرمیی، ئێمە بۆ ئەو قۆناغە پێویستمان بە بڕیارێک هەیە، کە بڵێت دیالێکەتەکان وەک یەکن ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت، سنوورەکان هەوڵدەدەن فێری دیالێکتی یەکتر ببن، ئێمە ناتوانین بڵێین کارێکی باش دەکەین ئەگەر شێوەزارێک فەرامۆش بکەین، پێویستە هـەردوو شێوەزار لەسەر ئاستی عێراقو جیهان بکرێنە فەرمییو ستاندارد».

لەلایەکی دیکەوە رەشیدە فەندی بەشداری کۆنفرانسو جێگری سەرپەرشتیاری کۆنفرانسیش، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە، کە شێوەزارێک بسەپێنرێت بەسەر شێوەزارێکی دیکەداو پێی باشە هەوڵبدرێ زمانێکی هاوبەش دروسـت بکرێـتو فەرهەنگێک هـەبێـتو هەردوو شێوە زارەکە بەشێوەیەکی زانستییو ئەکادیمی نزیکی یەکتر ببنەوە.

### مەرجی زمانی ستاندەر:

شاعیرو مامۆستای زانکۆی سلێمانی د.فەریدون عەبدول بەرزنجی، وەک مامۆستای زارەکـانو شـارەزا لە بوارەکە بەشداریی کۆنفرانسی کردو لە وتارێکدا بۆچوونەکانی خـۆی خستەڕوو، لە وتـارەکـە فەریدون پرسیاری ئەوەی کرد، ئایا ئەگەر هەردوو شێوەزار بکرێ بە زمانی فەرمیی ئەی کەواتە ئەو هـەوڵانە بۆچین، کە باس لە زمانی فەرمیی دەکەن؟

فـەرەیـدون بەرزنجی پشتگیرییو لایەنگریی بەفەرمیی بوونی زمانی سۆرانی کرد بۆ ئەو مەبەستەش پاساوی ئەوەی هێنایەوەو وتی: «وا باوە کامە شێوەزار بۆ فێربوون ئاسان بێت کە هەموو خەڵک بتوانێ فێری بێتو لێ تێبگات ئەوە دەکرێتە زمانی فەرمیی، کاتێ سەیری شێوەزاری سۆرانی دەکەین زۆر ئاسانترە بۆ فێربوون، چونکە لە رێزمانەکەیدا نێرومێ جیانەکراوەتەوە، بەڵام لە کرمانجیدا نێرومێ هەیە، کە زۆر بە زەحمەت فێرخوازان فێری دەبن».

### پەرلەمان ئاگادارە

ئامینە زکـری ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو ئەندامی لیژنەی پـەروەردە سەبارەت بەکێشەی زمان بۆچوونێکی تایبەتی هەیەو پێیوایە؛ ئەو بابەتە ئێستا چووەتە قۆناغێکەوە کە ناوی لێ بنێن شەڕ، چونکە ئەو کێشەیە لەمێژە بەردەوامە، هەروەها رەخنە لە هەوڵەکانی ئەکادیمیای کوردی دەگرێتو پێیوایە؛ ئەو ئەکادیمیایە ناهاوسەنگە تەنیا (٣) ئەندامی سنووری بادینانی تێدایە.

زکـری بـاس لـەوە دەکـات سەپاندنی شێوەزاری سۆرانی کاریگەریی نەگەتیڤی دروست کردووە لەسەر ئاستی زانستیی قوتابیانو بۆ رۆژنـامـە وتـی: «کێشەی شێوەزارەکان دەمێکە بەردەوامە، زمان هۆکارێکە بۆ لێکتێگەیشتن، بەڵام کاتێک ئەو زمانە نەیتوانی ئەو ئەرکە ببینێ کاریگەریی خراپی دەبێت ئەگەر بسەپێنرێـت».

کێشەی گەورەی خەڵکی بادینان خوێندنە بە زمانی سـۆرانـیو ئامینە زکری لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئێمە کاریگەرییەکانی ئەو بابەتە بەداتاو بەڵگەی تەواوە لەبەردەستمانە، دیارە بەهۆی سەپاندنی شێوەزاری سۆرانی لە پرۆگرامی خوێندن نمرەو ئاستی زانستیی لە پارێزگای دهۆک لە ئاستێکی نزمدایە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کاریگەریی زۆرە».

ئەو پەرلەمانتارە لەگەڵ ئەوەدا نییە شێوە زارێک بسەپێنرێت بەسەر شێوەزارێکی دیـکـەداو بەباشی دەزانـێـت هـەردوو شێوەزارەکە ببنە ستاندەرو فەرمیی».

لەئێستادا پەرلەمانتارە دهۆکییەکان سەرقاڵی ئامادەکاریی راپۆرتێکن لەسەر کاریگەرییە خراپەکانی زمانی سۆرانی بەسەر دەڤەری بادیناندا. بەشێک لەشارەزایانو رۆشنبیران بڕوایان وایە؛ شێوەزارێکی تازە دروست بکرێت لە هەردوو شێوەزاری سۆرانییو کرمانجی، بەڵام ئەو هەوڵە بەناسەرکەوتوو ئەژمار دەکرێت لەلایەن چەندین کەسی تـرەوە، ئامینە زکری لەم بارەیەوە وتی: «زۆرجـار دەبیستم کە زمانێکی تێکەڵ دروستبکرێت لە هـەردوو شێوەزارەکە نـاونـراوە سۆرمانجی، بـەڵام مـن لام سەیرە چونکە لەلایەنی رێزمانییەوە ئەو بابەتە نەگونجاوە، چونکە ئەگەر سەیری رێزمانەکەی هەردوو شێوەزار بکەین دەبینین لە شێوە زاری سۆرانی نێرومێ نییە،بەڵام لە کرمانجیدا هەیە».

# پەرلەمانی شڵەژاو

راپۆرتی، هیوا جەمال




دوای زیاتر لە (٤) مانگ ئەو ئومێدەی سەرۆکی پەرلەمان نەهاتە دی، کە وتبووی: «پڕ ئومێدین کە پەرلەمانی ئەمجارە مۆدێلێکی ئەکتیڤو کاراتری پەرلەمانیی پێشکەش بکات».

کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە وتاری کردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، کە (٢٠)ی ئابی (٢٠٠٩) پێشکەشی کرد، ئومێدی خواست پەرلەمانی ئەم خولە کاراو ئەکتیڤ بێت، بەڵام پەرلەمانتاران نەیانتوانی ئومێدەکەی بێننە دی، ئەوەش وەک پەرلەمانتارانی خولی پێشوو، ئەوانەش کە چاودێریی کاروبارەکانی پەرلەمان دەکەن بە پەرلەمانێکی سست لە بەڕێکردنی کارەکانیدا وەسفی دەکەن‌و لەوبڕوایەدان شڵەژانی پێوەدیارە.

زیاتر لە چوار مانگ بەسەر کردنەوەی خولی سێیەمدا تێدەپەڕێت، بێ ئەوەی تەنیا یەک یاسایان پەسەندکردبێت، پەرلەمانی کوردستان دەستی بە پشووی ئاسایی خۆی کرد، ئەوەش دوای ئەوەی نزیکەی سێیەکی پەرلەمانتاران (ئۆپۆزسیۆن) داوایانکرد بۆ ماوەی (٤٥) رۆژ پشووە ئاساییەکە دوابکەوێت، بەڵام بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمان داواکە رەتکرایەوە.

## پەرلەمانی راگەیاندن

سەرەڕای پەسەندنەکردنی هیچ یاسایەک‌و هەموارکردنی تەنیا بڕگەیەکی یاسایەک‌و بانگکردنی وەزیری سامانە سروشتییەکان، پەرلەمانتارانی ئەمجارە زۆرترین جار لە شاشەی تیڤییەکانەوە بینران‌و زۆرترین کات لە رادیۆکان قسەیانکردووەو بەشێکی زۆری رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکانیان پڕکردەوە، بەجۆرێک وەک پەرلەمانتارێک وتی: رۆژ هەبووە هەر فریای ئەوە کەوتووە وەڵامی تەلەفۆنی راگەیاندنەکان بداتەوە.

ئەم حاڵەتەی پەرلەمانی ئەم خولەی تێکەوتووە لەلایەن چاودێران‌و پەرلەمانتارانی خولی پێشووەوە بە نێگەتیڤ وەسفدەکرێت، هەروەک ئاریز عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری خولی پێشوو دەڵێت: وای لێهاتووە پەرلەمانتاران کارە سەرەکییەکانی خۆیان لە بیرچووەتەوەو بەردەوام لە راگەیاندنەکانەوە باسی چالاکییەکانیان دەکەن، بەڵام پەرلەمانتارانی ئەم خولە حاڵەتەکە بە ئاسایی وەسفدەکەن، وەک پەیام ئەحمەد پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان دەڵێت: ئاساییە چالاکییەکانی خۆمان باسبکەین‌و بە خەڵکیان بگەیەنین.

## ئەنفلۆنزای موزایەدە

جگەلەوەی کارەکانی بە سست وەسفدەکرێت، پەرلەمانتارانی خولی سێیەم بە «موزایەدەچی» وەسفدەکرێن، لەبەرئەوەی وەک سەردار هەرکی، پەرلەمانتاری خولی پێشوو، وتی: ئێستا ئەندامانی پەرلەمان تەنیا دەیانەوێت بڕیار بۆ رای گشتیی بدەن، نەک بۆ بەرژەوەندیی گشتیی، ئەگەر ویستت رای گشتیی کەسب بکەیت ئەوە بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسە، ئەوەی من دەیبینم گوتارێکی دیماگۆگی ترسناک هەیە، کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی یەک نایەتەوە، ئێستا لە دونیادا نەخۆشی ئەنفلۆنزا هەیە، بەڵام پەرلەمانتارەکانی ئەم خولەمان وەک ئەوەیە تووشی ئەنفلۆنزای موزایەدە بووبن، بەڵام ئۆپۆزسیۆن بەهەموو شێوەیەک موزایەدە رەتدەکاتەوەو لەو بڕوایەدایە ئەکتیڤیی خۆیانە، وەک پەیام ئەحمەد وتی: ئەو کارانەی کە دەکرێن هیچی موزایەدە نییە، چوونە ناوخەڵک یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی سەرشانمان، بۆ کە ئێمە بچینە ناوخەڵک ئەوان پێیان ناخۆش بێت؟ موزایەدە بەسەرچیدا بکەین؟ لە دەرەوە لە خەڵکمان پرسیوەتەوەو لە دانیشتنەکانی لیژنەکان‌و پەرلەمانیشدا بەردەوام ئامادەبووین.

## لە لێپرسینەوەوە بۆ پەرلەمانی پڕۆژەیاسا

ئەوەی سەرنجی چاودێران‌و میدیاکانیشی راکێشاوە ئەوەیە، لەم خولەی پەرلەماندا زۆرترین پڕۆژەیاسا لە هۆڵی پەرلەماندا کەوتوون، چاودێران هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە ململانێیەک لەنێوان پەرلەمانتارانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا هەیەو هەریەکەیان لای خۆیەوە ژمارە کۆدەکەنەوە، بەجۆرێک لەسەر یەک بیرۆکە چەند پڕۆژەیاسایەک خۆیان بە هۆڵی پەرلەماندا دەکەن.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پڕۆژەیاسا بە دوو شێواز دەچێتە پەرلەمانەوەو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، رێگەی یەکەم، پێویستە هەر پڕۆژەیەک دە پەرلەمانتار ئیمزای لەسەر بکات، رێگەی دووەم لەلایەن حکومەتەوە رەوانە بکرێت.

ئەگەرچی خولی پێشووی پەرلەمان نەیتوانی بە باشی ئەدائی خۆی بکات لە چاودێریکردنی حکومەت، بەڵام پەرلەمانتارانی پێشوو لەوبڕوایەدان لە یاساداناندا سەرکەوتوو بوون، وەک سەردار هەرکی دەڵێت: لەو بڕوایەدام پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەمدا تەنیا لە یاسادانان سەرکەوتوو بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی سیستمی حوکم لە دیکتاتۆرییەوە گۆڕا بۆ دیموکراسیی، بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ خولی سێیەم هەرچەندە زووە، بەڵام بەخێرایی ئەگەر بڵێم چاوەڕوانی ئەوە بووین کە باشتر بێت، کاتی زۆریان بە فیڕۆداوە، کە خەلەلی ئەوەش دەکەوێتە سەر سەرۆکایەتیی پەرلەمان، تەنانەت پەرلەمانتارەکانیش نەیاتوانیوە فشاربخەنە سەر سەرۆکایەتیی پەرلەمان.

## پەرلەمان حکومەتی بیرچووەتەوە

هیچ کەس لە پەرلەمانتارەکانی ئەم خولە ناتوانن بە راشکاویی بڵێن چاودێریی حکومەتیان کردووە، ئەوەیش چەندین بیانووی هەیە، دیارترین بیانوویان ئەوەیە، کە هێشتا هەم پەرلەمان‌و هەم حکومەتیش لەسەرەتای کارەکانیاندان‌و پەرلەمان بە دانانی لیژنەکانەوە سەرگەرم بووە، بەڵام چاودێران ئەم بیانووە وەک پێویست وەرناگرن، بۆیە پەرلەمانتارێکی خولی پێشوو دەڵێت: هیچکام لە فراکسیۆنەکان سەرکەوتوو نەبوون لە چاودێریکردنی حکومەت، سەردار هەرکی درێژە بە قسەکانی دەدات‌و دەڵێت: تەنانەت لە بانگهێشتکردنی وەزیری سامانە سروشتییەکانیشدا سەرکەوتوو نەبوون‌و «پرسیارەکانیان لاوازبوون».

عومەر نورەدینیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی، لەو بڕوایەدایە، لەڕووی چاودێریکردنی حکومەتەوە هێشتا لەو رووەوە نموونەیەکی باشی پیشاننەداوە، پەرلەمانتارانی هەموو فراکسیۆنەکان سەردانی قەزاو ناحیەو شارۆچکەکان دەکەن‌و لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان کۆدەبنەوە.

## خولی دووەم، خولی سێیەم

ئاریز عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری خولی پێشوو، لەو بڕوایەدابووە، کە ئەم خولە ئەکتیڤتر دەبێت لە خولی پێشوو، بەڵام دەڵێت: «تائێستا کارێکی وام نەبینیوە، کە جێگەی ستایشکردن بێت، ئاریز دان بەوەدا دەنێت کە خولی دووەم نەیتوانی ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات، بەڵام بڕواشی وایە لەم خولەشدا ناتوانن ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن.

هەروەک خولی دووەم بە کراوەتر لەڕووی بیروڕای ئازادەوە ناوزەد دەکاتو دەڵێت: ئەگەرچی لەم خولەدا ئۆپۆزسیۆن بە رەسمیی هەیە، بەڵام لە خولی رابردوودا ئازادیی رادەربڕین زۆرتر هەبوو.

پەرلەمانتارە نوێیەکان بڕوایان وایە؛ کە خولی هەنووکە ئەکتیڤترە «لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆنی تێدایە» هەروەک پەیام ئەحمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، دەڵێت: بەدڵنیاییەوە ئێستا پەرلەمان ئەکتیڤترە لە پەرلەمانی پێشوو، ئەوەش بەهۆی ئۆپۆزسیۆنەوەیە. بۆ نموونە لەسەرەتاوە دانیشتنەکان‌و پێکهێنانی لیژنەکان دواکەوت، بەڵام ئێمە قسەمان تێدا کرد، ئەوەش بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆنەوەیە.

غەفوور مەخموری، پەرلەمانتاری خولی دووەم (پێشوو)، سەبارەت بە ئاکتیڤی ئەم خولە وتی: خولی رابردوو زۆر ئەکتیڤتر بووە، تائێستا ئەم خولە هیچ یاسایەکیان پەسەندنەکردووە، پەرلەمان لەماوەی رابردوودا ئەوەندەی سەرگەرمی خۆڕێکستن‌و کاروباری ناوخۆی بووە، ئەوەندە سەرگەرمی کارەکانی نەبوو، رەخنە لە گروپی پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتیش دەگرێت‌و دەڵێت: «نەیانتوانیوە ئەدای کاری خۆیان لە پەرلەمان بکەن»، هۆکارەکەشی بۆ ئەو ململانێیە دەگەڕێنێتەوە کە لە پەرلەمان هەیە، «بەداخەوە ململانێکان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی خەڵک نین».

رێبین رەسوڵ، نووسەرو رۆشنبیر دەڵێت: لەماوەی ئیشکردنی رابردوویدا خولی سێیەم شتێکی جیاوازیان نەبووە لە خولی دووەم، تەنانەت رووئیایەکی جیاوازم نەبینیوە بووبێتە بەرنامە، هەرچەندە سەرەتای کارەکانە، بەڵام بە سستی دەڕوا، پەرلەمان تائێستا نەپەرژاوەتە سەر کارە گرنگەکان.

## دەبێت ئۆپۆزسیۆن چی بکات؟

چاودێریکردنی وردی حکومەت یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام دەکرێت دەسەڵات رێ بە ئۆپۆزسیۆن بدات کارەکانی رایی بکات، یان ئۆپۆزسیۆن دەستپێشخەربێت لە شکاندنی کۆتەکان‌و واڵاکردنی دەرگاکانی شەفافییەت؟ ئاریز عەبدوڵڵا لەو بڕوایەدایە، کە نابێت ئۆپۆزسیۆن چاوی لە رەحمی دەسەڵات بێت، تا هاوکاریی بکاتو دەرگای بۆ بکاتەوە، دەبێت لەگەڵ هاوکاریکردن ئۆپۆزسیۆن خۆیان لایەنەکان ناچار بکەن، کە دەسەڵات هەنگاوی باشتر بنێیت.

رێبین رەسوڵ، بڕوای وایە؛ ئۆپۆزسیۆن لە نمایشێکی ئیعلامیی زیاتری نەبووە، نەیتوانیوە بەرنامەی پەرلەمان بگۆڕێت، ئەوەی خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد، نەیتوانیوە بیکاتە ئەجێندای پەرلەمان، گەرموگوڕیی نەخستووەتە پەرلەمانەوە، هەمووومان چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد، ئۆپۆزسیۆن پەرلەمان ئەکتیڤ دەکات، بەڵام دیارە ئەوانیش هەمان ئەجێندای پەرلەمانیی دەسەڵات جێبەجێ دەکەن، بوونە بەشێک لە کێشەکان، نەیانتوانیوە لە گوتارێکی راگەیاندن زیاتر شتێک بکەن جێگە بگرێت.

فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن بانگەشەی ئەوە دەکەن هەرچی ئەمان پێشکەشی بکەن فراکسیۆنی دەسەڵات رەتیدەکاتەوە، بەڵام رێبین رەسوڵ دەڵێت: بڕوام بەوەنییە هەرچی ئەوان پێشکەشی بکەن رەتدەکرێتەوە، ئۆپۆزسیۆن خاوەنی زیاتر لە (٣٠) کورسییە، ئەو قسەیە نابێت کەسێک بیکات لە پەرلەمان بێت، ئۆپۆزسیۆن تائێستا میکانیزمێکی نەدۆزیوەتەوە بەرنامەی کاری خۆی رێکبخات، جۆرێک لە فەوزای پێوە دیارە، بەرنامەی کاری نییە، بەپێچەوانەوە فراکسیۆنی کوردستانی جوانتر پڕۆژەکانی بەڕێوەدەبات، گرنگترین مەترسیی ئەوەیە، کە فراکسیۆنی کوردستانی توانیویەتی ئۆپۆزسیۆن ئیحتیوا بکات، ئۆپۆزسیۆن بووەتە هاندەرێکی گەورە بۆ تێپەڕاندنی کارەکانی فراکسیۆنی کوردستانی، هەموو ئەو پڕۆژانەی کە ئۆپۆزسیۆن لەکاتی بانگەشەدا کاریان لەسەر دەکرد، ئێستا فراکسیۆنی کوردستانی دەیخاتە روو.

## تموحی پەرلەمانتارەکان

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا هەریەک لە لیستو کاندیدەکانیش کۆمەڵێک بەرنامەیان پێشکەشکردووەو رایانگەیاند، کە لە پەرلەماندا لەجێی چاوەڕوانی خەڵکدا دەبن، بەڵام ئەمە تائێستا نەتوانراوە بسەلمێنرێت.

پەرلەمنتارەکانیش هەمان بڕوایان هەیە، هەروەک تارا تەحسین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانی، دەڵێت: ئەگەرچی لەو رۆژەوەی کە هاتووینە پەرلەمان یەک دەقیقە نەوەستاوین، بەڵام ئەوەی کەکراوە لەجێی تموحی مندا نەبووە، بەڵام واناییبینم کە لاوازبووبین‌و کارمان نەکردبێت.

پەرلەمانتارێکی هەمان فراکسیۆن کارەکانی رابردوو وەبیردێنێتەوە، کە پەرلەمانەکەی کردوویەتی، بۆیە بڕوای وایە هەر خوێندنەوەیەک بەڕووی ناچالاکیی پەرلەماندا «لە خوێندنەوەیەکی واقیعیانە دەرباز دەبێتو بزوێنەرو ئامانجی سیاسیی لەپشتەوەیە».

عومەر نورەدینی دەڵێت: پەرلەمان هەڵوێستەی لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ کرد، کابینەی نوێ دامەزراو پەسەندی کرد، لیژنەکان دامەزران، (١٧) پڕۆژەیاسا پێشکەشکراوە، بۆیە هیچ جۆرە سستییەکی پێوە دیارنەبووە، لەڕووی چاودێریکردنیشەوە، بایەخێکی زۆری پێدراوە، لەڕووی بایەخدان بە پرسە سیاسیی‌و ستراتیژییەکانیشەوە پەرلەمان هەڵوێستەی لەسەر کەرکوکو ئەو ناوچانە کرد، کە کێشەیان لەسەرەو دانیشتنی تایبەتی بۆ کرد، سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنەکان هەڵوێستەی هەبوو، وەفدی رەوانەی بەغدا کرد، نموونەیەکی نوێی لە جووڵەی پەرلەمان پێشکەشکرد.

فراکسیۆنی گۆڕان لەو بڕوایەدایە فراکسیۆنی کوردستانی هۆکار بووە، کە کارەکانی پەرلەمان لەجێی چاوەڕوانی ئەواندا نەبووە، بۆیە پەیام ئەحمەد لە فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت: کارەکانی ئەم خولەی پەرلەمان لەجێی چاوەڕوانی مندا نەبووە، زۆریی کاتەکانمان بۆ لیژنەکان رۆیشت، ئێمە داوای درێژکردنەوەی کارمانکرد، بەڵام ئەوان حەزیانکرد دوابکەوێت، ئێمە دەمانویست لەم ماوەیەدا چەند یاسایەک دەربکرایە، بەڵام بەداخەوە تائێستا هیچ نەبووە.

# ـــی کـوردســتان چـــی روویدا؟

ئەم کێشەیەی ناو حیزبی زەحمەتکێشان درێژەی کێشاو لە ئەنجامدا ئەو حیزبە بوو بە دوو بەشەوەو سەرجەم بارەگاکانیشیان دابەشبوو بەسەر ئەو دوو بەشەداو یەکێتیو پارتیش لایەنگریی باڵی مەکتەبی سیاسیی زەحمەتکێشانیان کرد.

### جێگرەکەی سەدام کوردستانی بەجێهێشت

تەها محێدین مەعروف، جێگری سەدام حسێنی سەرۆکی پێشووی عێراق، کە لەدوای رووخانی رژێمەکەیەوە لە قەزای دوکان نیشتەجێیە، ماوەیەک پێش ئێستا لە رێگەی فرۆکەخانەی سلێمانییەوە کوردستانی بەرەو وڵاتی ئوردون بەجێهێشتووەو سەرچاوەیەکی ئاسایشیش هەرچەندە نکوڵی لەوەنەکرد کە ئەو جێگرەی سەدام لە دوکان نیشتەجێبووە، بەڵام وتی: «ئاگاداری ئەوە نین لە دوکان دەرچووبێتو سەفەری کردبێت بۆ دەرەوە».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، ناوبراو لەکاتێکی نادیاری مانگی (٢٠٠٩/٣)دا لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەوە لە قەزای دوکان، گواستراوەتەوە بۆ فرۆکەخانەی سلێمانیو بەرەو ئوردون بەرێکەوتووە، هەروەک سەرچاوەیەک لە ئاسایشی دوکان بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ لەگەڵ ئەوەی زانیارییان لەسەر نیشتەجێبوونی ئەو بەرپرسە هەبووە لە دوکان، بەڵام ئەوان بەرپرسیاری چاودێریکردنی ئەو بەرپرسەی پێشووی رژێمی عێراق نەبوون، بەڵکو پاسەوانی تایبەتی خۆیان هەبووەو ئاگاداری ئەوە نین لە دوکان دەرچووبێتو سەفەری کردبێت بۆ دەرەوە.

### ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکان هەڵدەوەشێتەوە

پاش ئەوەی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان بۆ ماوەی (٥) مانگ کۆبوونەوەکانیان رادەگرن، رۆژی (٤/١) مەولود باوەمراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کە حیزبەکەی ئەندامی ئەو ئەنجومەنەیە دەڵێت: «ئەنجامنەدانی کۆبوونەوە لەو ماوە زۆرەدا، جۆرێکە لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکە».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان، دەبێت هەموو مانگێک ئەنجومەنەکە کۆببێتەوە، بەڵام لە مانگی تشرینی دووەمی (٢٠٠٨)ەوە ئەو ئەنجومەنە کۆنەبووەتەوە.

### (١٣) هەزار ئاوارەی فەلەستینی دێن بۆ کوردستان

جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم رایگەیاند: سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێم رەزامەندییان نیشانداوە بۆ هاتنی (١٣ ) هەزار ئاوارەی فەلەستینی بۆ هەرێمی کوردستان، کە ئێستا لە ناوەڕاستو باشووری عێراق نیشتەجێن.

رۆژی (٤/١٣) مەحمود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی، بە سەردانێکی رەسمیی گەیشتە هەرێمی کوردستانو دواتر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، رایگەیاند: هیواخوازین لە گرتنەخۆی ئەو (١٣) هەزار ئاوارە فەلەستینییەدا، کە لە عێراق هەن، هەرێمی کوردستانیش رۆڵی عێراق بگێڕێت، سەرۆکی هەرێم رەزامەندیی لە سەر ئەو خاڵە نیشاندا.

### دەزگای پاراستنو زانیاریی لە سەرووی یاساوەن

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ) لە نوێترین راپۆرتی ساڵانەیدا هێزەکانی ئاسایشی پارتیو یەکێتی (دەزگای زانیارییو پاراستن) بەوە وەسفدەکات، کە دەسەڵاتی خۆیان خراپ بەکاردەهێننو کاری نایاسایی دەکەنو لە سەرووی یاساوەن لە هەرێمی کوردستاندا، هەربۆیە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات هەست بە بەرپرسیارێتیی بکات بەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی دژی مافی مرۆڤ لە کوردستان ئەنجامدەدرێت، بەتایبەتی لە بواری ئازادیی رادەربڕینو مافی ژنانو دەستگیرکردنی هەڕەمەکیانەی هاوڵاتییان، وەزیری مافی مرۆڤی هەرێمیش ئەو راپۆرتە بە ئیجابیی وەسفدەکاتو دەڵێت: «هێشتا پێشێلکاریی لە هەرێمی کوردستاندا ماوە».

راپۆرتەکە (٥٤) لاپەڕەیە بەناونیشانی «هیواو ترس، مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق»، لە(٤/١٤)دا بڵاوبووەتەوەو پشتی بەستووە بە چەندین توێژینەوەو دیمانەی مەیدانیی گرنگ لەگەڵ ئەوانەی ئەشکەنجەیان چەشتووەو لە زیندانەکانی پارتیو یەکێتیدا. راپۆرتەکەی ئەمنیستی ناوو وێنەی چەندین کەسی هێناوە کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە بە هەڕەمەکی گیراون، لە بەشێکیدا هاتووە «هێزەکانی ئاسایش خەڵکیان رفاندووەو سەرنوگومیانکردوونو ئەشکەنجەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکیشیانداوە».

### هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئەمرۆ (٢٠٠٩/٦/١) نەوتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی رەسمییو لە رێگەی بۆرییە نەوتییەکانی عێراقەوە هاوردەی دەرەوە کرا، بەم بۆنەیەشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان مەراسیمێکی گەورەی لە هەولێر رێکخست.

لە کێڵگەکانی تاوکیو تەقتەقەوە بۆ یەکەمجار هەرێمی کوردستان لە رێگەی نەوتەوە بە تورکیاوە بەسترایەوە، ئەمەش کاردانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی جیهانیی دروستکردو هەرێمی کوردستانی خستە ناو هێڵی وزەوە لە جیهاندا.

### پەرلەمان شەرعییەتی یاسایی نامێنێت

(٢٥) لە پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان، رۆژی (٦/٤) داوایان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد، لە ئێستاوە تا دوای هەڵبژاردن پەرلەمان هیچ یاسایەک جگە لە پەسەندکردنی بودجە دەرنەکات، چونکە ئەم پەرلەمانە هیچ شەرعییەتێکی یاساییو جەماوەریی نەماوەو ئەندامێکی لیژنەی یاساییش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر پەرلەمان سووربێت لەسەر دەرکردنی یاساکان، رەنگە بەشداریی کۆبوونەوەکان نەکەن.

لە یاداشتنامەیەکی تایبەتدا کە وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووەو ئیمزای (٢٥) لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بەسەرەوەیەو دوێنێ ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کراوە، ئەو پەرلەمانتارانە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن، کە لە (٦/٤)وە ماوەی ئەم خولەی پەرلەمان تەواوبووەو لەمە بەدەواوە پەرلەمان هیچ شەرعییەتێکی یاسایی نامێنێت، ئەگەرچی بە بڕیارێکی پەرلەمان تەمەنی خولەکە درێژکراوەتەوە، بەڵام وەک پەرلەمانتارەکان ئاماژەی بۆ دەکەن؛ پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە بۆ چوارساڵ هەڵبژێردراوەو ناکرێت بە بڕیارێک ماوەکەی درێژبکرێتەوە.

### کوڕێکی مەلا بەختیار لە (٣) کارمەندی تەندروستی دەدات

فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی رۆژی (٧/١٧) ئاشکرایکرد، کە سکاڵا لەسەر کوڕەکەی مەلا بەختیار تۆمار دەکات، ئەگەر ئەو پزیشکو کارمەندەی هێرشیان کراوەتەسەر خۆیان سکاڵای لەسەر تۆمار نەکەن.

دوای ئەوەی دایکی دەگەیەننە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، ئاوێری کوڕی مەلا بەختیاری کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی جنێو بە پزیشکێکی ئێشکگر دەداتو دواتریش بەخۆیو دوو پاسەوانەوە لە کارمەندێکی تەندروستیو پۆلیسێکی نەخۆشخانەکە دەدەنو دواتریش هەڕەشەیان لێدەکەن، لە بەرامبەر ئەو حاڵەتەشدا پزیشکانی سلێمانی لە بەیاننامەیەکدا داوای دەستگیرکردنی کوڕی ئەو بەرپرسەیان کرد لەماوەی (٢٤) سەعاتدا، بەڵام تائێستا کوڕی بەرپرسەکە دەستگیرنەکراوەو سەرچاوەیەکیش لە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: چاوەڕێی هەڵوێستی پزیشکو کارمەندەکە دەکرێت.

### هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) دەسەڵاتی تووشی شۆک دەکات

رۆژی (٧/٢٥) لە هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنێکی نیمچە ئازاددا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، کە تیایدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی هەرێمدا ئۆپۆزسیۆن توانی (٢٥) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکات.

رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاویکردەوە، کە ئۆپۆزسیۆن ئەنجامێکی گەورەی چاوەڕواننەکراوی بەدەستهێناوە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو رۆژنامە ئەمریکییە لەسەر زاری دکتۆر بەرهەم ساڵح، سەرۆکی لیستی کوردستانی دەڵێت: «لە هەندێک شوێن لە سلێمانیو هەولێر ئەنجامەکان بۆ لیستی کوردستانی خراپنو چاوەڕواننەکراوبوون».

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا دکتۆر بەرهەم بە رۆژنامەکە دەڵێت: «لە دڵەڕاوکێدایینو ئەنجامە سەرەتاییەکان بۆ ئێمە جێگەی سەرسوڕمان بوو».

رۆژنامە ئەمریکییەکە پاشتر دەنووسێت: سیستمی سیاسیی کوردستان بەهۆی لیستی گۆڕانەوە گۆڕانێکی نەوعیی بەخۆیەوە دەبینێتو لە زاری نەوشیروان موستەفای سەرۆکی لیستی گۆڕانەوە دەڵێت: «ئێمە دەمانەوێت سیستمی سیاسی بگۆڕین، نەک دەموچاوەکان».

### دووان لە تۆمەتباری کوشتنی سەرنووسەری لڤین حوکمدران

دووان لە تۆمەتبارانی هەوڵی تیرۆرکردنی ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، رۆژی (٨/٨) بە شەش ساڵ زیندانی حوکمدرانو یەکێکیشیان ئازاد دەکرێتو ناوبراویش داوا لە دادگای پێداچوونەوە دەکات سزاکان توندتر بکرێن.

لەدوادانیشتنی خۆیدا سەبارەت بە دۆسیەی هەوڵی کوشتنی ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، دادگای تاوانەکانی سلێمانی حوکمی شەش ساڵ زیندانیی دا بەسەر دووان لە تۆمەتبارانی هەوڵی تیرۆرکردنی ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، تۆمەتباری سێیەمیشی ئازادکرد، ئەحمەد میرە بەو بڕیارەی دادگا ناڕازییەو داوا دەکات حوکمەکەیان توندتربکەنو لەوبارەیەشەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو دادگاییکردنە دەریخست کە دادگای سلێمانی کەم ئەزموونە لە دۆسیەی تیرۆرداو دەبوایە بە یاسای بنەبڕکردنی تیرۆر حوکمی ئەو تۆمەتبارانەی بدایە».

### گەنجێک لە بنکەیەکی گرتنو گواستنەوە لێدەدرێت

لە بنکەی پۆلیسی گرتنو گواستنەوەی سلێمانی، گەنجێک لەلایەن پۆلیسەکانەوە بەخراپیی لێدەدرێتو بە شیشەکانی بەندیخانەدا دەبەسترێتەوە، لێپرسراوی چاودێریی بەندیخانەکانیش زانیارییەکانی رۆژنامە پشتڕاستدەکاتەوە.

(س،س،م) کە بەندە لە بنکەی پۆلیسی گرتنو گواستنەوەی سلێمانی، لە رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٤)دا دوای ئەوەی کە بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیوە پاشەڕۆی قاعەکانی بنکەکە فرێبدات، کە لەلایەن بەڵێندەرەوە داوای لێکراوە، لەلایەن چوار پۆلیسی بنکەکەوە بەخراپیی لێیدەدرێت تا بەهۆی شکانی جەستەو سەرو چاوو لوتو دەمو ددانییەوە تووشی خوێنبەربوون دەبێت، دواتریش هەڵیانواسیوە بە شیشەکانی بەندیخانەدا، بەو هۆیەشەوە کەسوکاری بەندییەکە داوادەکەن کە لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە بکرێتو ئەو چوار کارمەندەی بنکەکە بدرێنە دادگاو کۆتایی بە راژەکەیان بهێنرێت.

سەبارەت بەکێشەی (س) میدیا عەبدوڵڵا، لێپرسراوی چاودێریی بەندیخانەکان لە بەڕێوەبەرێتیی چاودێریی مافی مرۆڤ لە سلێمانی، زانیارییەکانی رۆژنامەی پشتڕاستکردەوەو وتی: «ئاگاداری کێشەکەی (س)نو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەینو دواتر ئەنجامەکەی ئاشکرا دەکەین».

### گۆڕان داوای روونکردنەوە لە وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکات

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەڕێی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە رۆژی (٩/٢٨) داوا لە ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکات، کە بە زووترین کات روونکردنەوەی پێویست بدات سەبارەت بە تێوەگلانی لە فرۆشتنی بەشێک لە پشکەکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بە کۆمپانیایەکی تورکی.

بەپێی نووسراوێکی رەسمیی کە لەلایەن کوێستان محەمەد عەبدوڵڵاوە ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کراوە، تا لەڕێی ئەوانەوە ئاراستەی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکرێت، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، داوایکردووە بەزووترین کات روونکردنەوەی پێویست بدات دەربارەی تێوەگلانی لە فرۆشتنی بەشێک لە پشکەکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بە کۆمپانیایەکی تورکی بەبڕی دەیان ملیۆن دۆلار، کە لە ژمارەیەک رۆژنامەو ئاژانسی جیهانیو رۆژنامەی ناوخۆییدا بڵاوبووەتەوە.

لەوبارەیەوە کوێستان محەمەد، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بە رەسمیی نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە تا لەو رێگەیەوە ئاراستەی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی بکاتو وەڵامی پرسیارەکەمان بداتەوە، کە تایبەتە بە تێوەگلانی لە فرۆشتنی پشکەکانی ئەو کۆمپانیا نەرویجییە».

لەبەرامبەریشدا وەزیری سامانە سروشتیییەکانی حکومەتی هەرێم، لە روونکردنەوەیەکی درێژی لەسەر کێشەی (DNO)و حکومەتی هەرێمو ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی لە سایتی فەرمیی حکومەتی هەرێم بڵاوکردووەتەوە، ئاشتی هەورامی لە روونکردنەوەیەکدا دوای باسکردنی باکگراوندی کێشەکەو رۆڵی کۆمپانیاکانی (DNO)و (گەنەل ئینێرجی)، ئیعتیراف لەسەر کێشەکەی دەکاتو دەڵێت: ئەو کارەم بۆ سوودی هەردوو کۆمپانیاکە (DNO)و (گەنەل ئینێرجی)و حکومەتی هەرێم بووە.

### متمانە بە کابینەی شەشەم بەخشرا

پێش نیوەڕۆی (٢٠٠٩/١٠/٢٨) پەرلەمانی کوردستان بەشی یەکەمی دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی گرێدانی یەکەم لەساڵی یەکەمی خولی سێیەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، کە لە دووبەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەمی دووخاڵ بوو، کە خاڵی یەکەمی بریتیبوو لەوەی سەرۆکی پەرلەمان هەریەک لە سەرۆکو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە بە بڕیاری ژمارە (١٢) لە دانیشتنی ژمارە (٤)ی رۆژی (٢٠٠٩/٩/١٦) بۆ سەرۆکو جێگری سەرۆکی کابینەی شەشەم ناونران پێشکەش بە پەرلەمان دەکات بۆ متمانە پێدانیان، خاڵی دووەمی بریتیبوو لەوەی سەرۆکی پەرلەمان داوا لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکات ناوی وەزیرە بەڕێزەکان بخاتەڕوو، ئینجا سەرۆکی پەرلەمان یەکەیەکە پێشکەش بە پەرلەمانیان دەکات تا متمانەیان پێبدەن.

هەر یەک لە دکتۆر بەرهەم ساڵحو ئازاد بەرواری کاندیدی لیستی کوردستانی بوون بۆ پێکهێنانی حکومەتو ژمارەی وەزارەتەکانیش کەمکرانەوە بۆ (١٩) وەزارەتو لەم رۆژەدا سوێندی یاساییان خوارد.

دوای دەسپێکردنی دانیشتنەکە بەشێک لە پەرلەمانتاران رەخنەیان لە چۆنێتی رێورەسمی متمانەپێدان بە کابینەی شەشەم گرتو دوای دەربڕینی چەندین بۆچوونو بیری جیاواز، فراکسیۆنی گۆڕان بڕیارياندا هۆڵی دانیشتن بەجێبهێڵن.

### ساڵی (٢٠٠٩) بە تیرۆری سیاسیی کۆتاییهات

لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا بارودۆخی ئەمنیی سنووری پارێزگای سلێمانی گەیشتووەتە دۆخێک، کە مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت هێزە ئەمنییەکانی ئەو پارێزگایە نەتوانن پارێزگاریی لە ئاسایشی هاوڵاتییان بکەنو بەوهۆیەشەوە لەماوەی چەند هەفتەی رابردووەوە چەندین حاڵەتی کوشتنو تەقەلێکردنو فەلاقەکردنی هاوڵاتییان روویانداوە.

لەم مانگەدا چەندین حاڵەتی کوشتنو تەقەکردنو رفاندنی هاوڵاتییان لە سنووری پارێزگای سلێمانی کە بەشی زۆری ئەو کەسانەی رووبەڕووی ئەو حاڵەتانە بوونەتەوە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە هەیە، یان کاریان بۆ گۆڕان کردووە.



پاڵێوگەی شیواشۆک
فۆتۆ: راستگۆ عەلی

# ساڵی (٢٠٠٩) لەهەرێم

ئامادەکردنی، ئەلەند مەحوی

**هەرێمی کوردستان وەک هەر ناوچەیەکی دیکەی جیهان لەساڵی (٢٠٠٩)دا کۆمەڵێک رووداوو گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستانو عێراقو ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ململانێ سیاسییەکانەوە وەک پێویست ژیانی ئاسایی خەڵک لەم ساڵەدا گرنگی پێ نەدراو خەڵکی کوردستان بە کۆمەڵێک گرفتی گەورەوە هەنگاو دەنێنە ساڵی (٢٠١٠)وە.**

## قەندیل کیمیاباران دەکرێت

وەزیـری ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەم هەفتەی ساڵی (٢٠٠٩) بە رۆژنامەی راگەیاند: «بۆردومانەکانی گوندەکانی قەندیل لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە مـادەی کیمیاییو بۆمبی هێشوویان تێدا بەکارهاتووەو بۆماوەی (١٥) ساڵ کاریگەرییان بۆسەر ژینگەی ناوچەکە دەبێت».

هاوکات، تابان رەشید، کارمەندی بنکەی تەندروستی کەمپی ئاوارەکانی مەنگورایەتی، جەختی لەسەر ئـەوەکـردەوە، کە دوای بۆردومانەکان چەندین حاڵەتی نەخۆشیی سەردانی بنکەکەیانی کـردووە، کە بەشی زۆریان تووشی حەساسییەتی چاوو هەناسە توندی بوون.

## رێژەی (٣٠٪) بۆ ژنان لە دەستووری هەرێمدا جێگیرکرا

کۆتایی یەکەم مانگی (٢٠٠٩) رێـژەی (٣٠٪) بۆ ژنان لە رەشنووسی دەستووری هەرێمدا جێگیرکرا، دوای ئـەوەی لەلایەن لیژنەی دەستووریی پەرلەمانو مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانەوە چەندجارێک مشتومڕی دروستکردو ئەو رێژەیە رەتکرایەوە.

لەسەرەتای نووسینەوەی رەشنووسی پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، لەنێو ئەو (١٠) پەرلەمانتارەی هەرێمی کوردستان، کە وەک وەفدی هەرێم بەشدارییان لە جێگیرکردنی مافی کورددا کرد لە دەستوورەکەدا، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان پرۆژەیەکی (٧) خاڵی بۆ دیاریکردنی رێـژەی ژنان لە دەستووری عێراق پێشکەشکرد، کە لە (٣٠٪) کەمتر نەبێت، بەڵام دواتر پرۆژەکە رەتکرایەوەو کاری پێنەکرا.

بە وتەی پەخشان زەنگەنە، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیەکی (٢٤) خاڵی لەلایەن لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان بە هاوکاریی رێکخراوەکانی ژنانو کۆمەڵگەی مەدەنی گەڵاڵەکراو دواکرا رێژەی ژنان بە (٣٥٪) کەمتر نەبێت لە دەستووری هەرێمو گشت ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان جێگیربکرێت، بە توندیی لە لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووردا جەختی لەسەرکراوەتەوە، بەڵام کەسانێک لە لیژنەکەدا هەبوون، کە لەکاتی خۆیدا پێشنیازەکەیان قبووڵ نەکردووە.

## کورد لە بەغدا کورسییەکیشی نەبردەوە

لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە لە (٢٠٠٩/١/٣١) بەڕێوەچوو، لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا نەیتوانیوە تەنیا یەک کورسی ئەنجومەنی پارێزگای ئەو شارە بەدەستبهێنێت.

لە میانەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە بەغدا، لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەیتوانیوە دەنگی پێویست بەدەستبهێنێت بۆ مسۆگەرکردنی تەنیا یـەک کـورسـی ئەنجومەنی ئـەو شـارە، رونیشیکردەوە، کە هۆکاری بەدەستنەهێنانی ئەو دەنگە، کارنەکردنی لایەنە کوردییەکان بووە بۆ راکێشانی سۆزی کوردەکانی ئەو شارەو خزمەتکردنیان.

## بڕیار درا گەرمیان نەکرێت بەپارێزگا

سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان رۆژی (٢٠٠٩/٢/٨) رێکەوتن لەسەر هێشتنەوەی ئیدارەی گەرمیانو بڕیاریاندا گەرمیان لەم قۆناغەدا نەکرێت بە پارێزگا.

سەرۆکایەتی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیـرانـی کـوردسـتـان بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی هەمووارکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانو یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆبوونەوەو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بە پارێزگاکردنی گەرمیان «لەم قۆناغەدا» رەتکرایەوە.

تاریق جەوهەر، راوێژکاری راگەیاندنی سـەرۆکـی پەرلەمانی کوردستان، وتی: «هەرچەندە پێشتر دانیشتووانی گەرمیان داوایـانـکـردبـوو ناوچەکەیان بکرێت بە پـارێـزگـا، بـەڵام لـەبـەرئـەوەی لە رووی یاساییو دەستوورییەوە ناگونجێت، هەردوو سەرۆکایەتی کۆکبوون لەسەر ئەوەی وەکو ئیدارە مامەڵەی لەگەڵ بکرێتو نەکرێت بە پارێزگا».

## فڕۆکەوانێکی دیکە هەڵات

رۆژی (٢/١١) ئاشکرابوو کە یەکێکی دیکە لەو فڕۆکەوانانەی کە بەشداربووە لە کیمیابارانکردنی کوردستاندا، لەدوای رزگارکردنی عێراقەوە کەوتووەتە دەست ئاسایشی یەکێتیو دیار نامێنێت.

مـوقـەدەم کەریم سەبتی، نـاسـراو بە ئەبو یەعروب، یەکێکە لەو فڕۆکەوانانەی سوپای رژێمی بەعس، کە بەشداریکردووە لە کیمیابارانکردنی گۆپتەپەو عەسکەرو لەدوای پرۆسەی «رزگارکردنی عێراقەوە» لـە (٢٠٠٣/٥/٥)دا لـەلایـەن یەکێتییەوە دەستگیرکراوە، بەڵام ئێستا دیار نییە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دەستگیرکردنی فڕۆکەوانەکە، بە رۆژنـامـەی راگەیاند: دووجار لێکۆڵینەوە لەگەڵ فڕۆکەوانەکەدا کراوە، جارێکیان بە زارەکی بووە، وتوویەتی «بەشداریی کیمیابارانی هەڵەبجەم کردووە»، بـەڵام جـاری دووەمـیـان وردتـرو لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کـراوە، وتوویەتی: «لە سەربازگەی خالیدی شاری کەرکوکەوە فڕۆکەکانیان هەستاونو دوای (١٥) خولەک گەیشتوونەتە ناوچەیەکو بۆردومانیان کـردووە، (ناوچەکە گۆپتەپەو عەسکەر دەگرێتەوە)، کە لە (١٩٨٨/٥/٣) کیمیاباران کراوە».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، ئەو کاتەی فڕۆکەوانەکە دەستگیرکراوە، دراوەتە دەست ئاسایشی سلێمانیو دواتریش سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو د.خەسرەو گوڵ محەمەد، بەرپرسی دەزگای زانیاریی یەکێتییان لێ ئاگادارکردووەتەوەو بەرەو قەڵاچوالان بردوویانە، بەڵام ئێستا دیارنەماوە.

ئەمە دووەم فڕۆکەوانە کە هێزە ئەمنییەکانی یەکێتی دەستگیریانکردووەو دواتر ونبووەو هەڵاتووە، پێشتریش تاریق رەمـەزان، کە فڕۆکەوانێکی عێراقی بوو لە کۆتایی (٢٠٠٨)دا هەڵاتبوو.

## چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەستیان لەکار کێشایەوە

دوای دەستلەکارکێشانەوەی نەوشیروان مستەفا لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە (٢)ی کانونی یەکەمی (٢٠٠٦)دا، لە پێشهاتێکی دیکەدا (٤) ئەندامی دیکەی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە رۆژی (٢/١٥) دەستلەکاردەکێشنەوە.

بەپێی بـڕیـاری هەفتەی رابـردووی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی، بڕیاربوو لە شاری بەغدا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی تەرخانبکرێت بـۆ گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی ئەو (٧) لیژنەیەی کە لەماوەی مانگو نیوی رابـردوودا بۆ مەسەلەی چاکسازیی دروستکرابوو، بەڵام لە گۆڕانکارییەکدا بەپێی زانیاریی سەرچاوەیەکی نزیک لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، پێشتر مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی، بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی وتووە، کە کۆبوونەوەکە بۆ بڕیاردانە لەسەر دەرکردنی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی، بە پاساوی ئەوەی کە نەوشیروان لیست بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئامادە دەکات.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوە ئاگادارە، رۆژی پێشتر چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی کە بە باڵی ریفۆرم ناودەبرێن (عومەری سەید عەلی، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی، عوسمانی حاجی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسییو وەزیری ناوخۆ، مستەفای سەید قـادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیو جێگری فەرماندەی گشتیی، جەلال جەوهەر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیو لێپرسراوی مەکتەبی چاودێرییو پشکنین)، کۆسرەت رەسوڵی جێگری سکرتێری گشتیو هەندێک لە ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسییان ئاگادارکردووەتەوە کە ئەوان بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە ناکەنو رازیی نابن مەکتەبی سیاسیی بڕیاری دەرکردنی نەوشیروان مستەفا بداتو دەست لەکار دەکێشنەوە.

## ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ خۆپیشاندان دەکەن

ئاوارە موتەفەریقەکانی سەر بە پارتی لە هەولێر، کە بەهۆی شەڕی ناوخۆی پارتیو یەکێتییەوە ئاوارەبوون، بۆ جاری چوارەم لە رۆژی (٢/٢٤)دا خۆپیشاندان دەکەنو داوای قەرەبوو لە سەرۆکی هەرێم دەکەن، هاوکات هیچ بەرپرسێکی حکومیو حیزبیی لە شاری هەولێر پێشوازیی لێ نەکردن.

سەدان ئـاوارەی موتەفەریقە لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێکیان بۆ بـەردەم ئەنجومەنی وەزیـران سازکرد، بەڵام هیچ بەرپرسێکی حکومیو حیزبیی پێشوازیی لێ نەکردن، نوێنەرێکی ئاوارەکانیش ئاماژەی بەوەکرد؛ چەندجارێک لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیـرانو پارێزگای هەولێر بەڵێنیان پێدراوە کە قەرەبووی مادییان بکرێت، یان پارچەیەک زەوییان پێبدرێت، بەڵام تائێستا هیچیان بۆ نەکراوە.

## بەغدا هەنگاوێکی دیکە پێش هەرێم کەوت

ژمـارەیـەک وەزیـرو بەرپرسی باڵای عێراقی رۆژی (٣/٤) موڵکوماڵیان بۆ دەستەی نەزاهەی عێراقی ئاشکراکرد، ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ یاسایەک لە کوردستاندا نییە ئەو هەنگاوە بە بەرپرسانی هەرێم جیبەجێ بکات، هاوکات سەرۆکی مونتەدای ئابووریش دەڵێت: «ئێمە زۆرمـان ماوە بگەینەوە بە بەغداو ئەگەر یاسایەکی هاوشێوەش لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت، رێ نادرێت بە دەرچوونی».

لە بەیاننامەیەکدا دەستەی نەزاهەی عێراقی ئاشکرایکرد، کە لەنێوان مانگی کانونی یەکەمو شوباتی (٢٠٠٩)دا (١١) وەزیرو (٦) بەرپرسی هاوپلەیان فۆڕمی موڵکو ماڵیان پڕکردووەتەوەو رادەستی ئەو دەستەیەیان کـردووە، ئەو فۆڕمی زانیارییە کە لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە لەلایەن دەستەی نەزاهەوە بەسەر بەرپرسانی باڵای عێراقیدا دابەشدەکرێت لە بەڕێوەبەری گشتییەوە تا سەرۆک کۆمار دەگرێتەوە، تیایدا زانیاریی تەواو لەسەر موڵکو ماڵو داهاتی دارایی ئەو بەرپرسەو خزمە پلە یەکەکانی تێدایە.

## رۆژنامەی هاوڵاتیو سەرنووسەرەکەی غەرامەکران

دادگـای سلێمانی رۆژی (٣/١٥) عەبد عارف، سەرنووسەری پێشووی هاوڵاتیو هەفتەنامەکەی بە (١٣) ملیۆن دینار غەرامەکرد، بۆ ماوەیەکیش سەرنووسەرەکەی هاوڵاتی لەناو دادگا دەستبەسەرکرا، ئەم بڕیارەی دادگـا لەسەر داوایـەکـی جـەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق بوو، کە ماوەیەک لەمەوبەر لەسەر رۆژنامەی هاوڵاتیو مایکڵ رۆبـن تۆماری کـرد، هاوکات ژمارەیەک لـە رۆژنـامـەنـووسـانو هـەڵـسـوڕاوانـی بـواری راگەیاندن پێکهێنانی کەمپەینێک بۆ کـۆکـردنـەوەی یارمەتی بۆ هاوڵاتی رادەگەیەنن.

عەبد عارف، سەرنووسەری پێشووی هاوڵاتی، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: مام جەلال بە سیفەتی شەخسی سکاڵای لەسەر ئەوانو رۆژنامەنووسە ئەمریکییەکە تۆمارکردووەو دوای زنجیرەیەک دانیشتن، دادگای سلێمانی هەفتەنامەی هاوڵاتی بە (١٠) ملیۆن دینارو منیش وەک سەرنووسەری ئەوکات بە (٣) ملیۆن دینار غەرامەکرام».

## تاڵەبانی: سەربەخۆیی کورد تەنیا خەونە

جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، رۆژی (٣/١٦) بە رۆژنامەی سەباحی تورکی راگەیاند: «دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە عێراقدا مەحاڵەو کوردستانی عێراق بەشێکە لە عێراقو هیچ کام لە شیعەو سوننەو کورد نایانەوێت عێراق دابەشبکرێت». وتیشی: «عێراق پارچە پارچە نابێتو شەڕی ناوخۆ کۆتایی هاتووە». دەربـارەی سەربەخۆیی کوردستانیش تاڵەبانی رایگەیاند: ناتوانین بـەردەوام خـەون ببینین بە کوردستانی گـەورەوە، واقیعەکە ئەوەمان پێدەڵێت کە تورکیاو عێراقو ئێران هیچ کاتێک دابەشبوون بەخۆیانەوە نابینن.

تاڵەبانی کە بە سەردانێک لەوکاتەدا لە تورکیا بوو، بۆ بەشداریکردنی لە مونتەدای ئاو بە رۆژنامەکەی راگەیاند: «سەربەخۆیی کوردستان تەنیا بیرۆکەی شاعیرانەیە»، تاڵەبانی بۆچوونەکەی خۆی بە بۆچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانو خودی بارزانی لەقەڵەمدا.

ئەم بۆچوونەی تاڵەبانی لەسەر ئاستی شەقامی کوردی نارەزایی لێکەوتەوەو بووە جێی نیگەرانیی رۆشنبیرانو هاوڵاتییانی کوردستان.

## زەحمەتکێشان ئینشیقاقی کرد

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی زەحمەتکێشان رۆژی (٣/٢٨) بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی، قـادر عەزیزی سکرتێری حیزبەکەی تا کۆنگرەی شەشەم تەجمیدکردو باڵی قادر عەزیزیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو کادیرانە لە حیزب جیابوونەتەوە.

لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا کۆمیتەی ناوەندی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بڕیاری هەڵپەساردنی قادر عەزیزی سکرتێری ئەو حیزبەی دا، تا ئەوکاتەی کۆنگرەی شەشەمی ئەو حیزبە ئەنجامدەدرێتو لە روونکردنەوەیەکدا رایانگەیاندووە: «کۆمیتەی ناوەندی گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە سکرتێری حیزب بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوەو بـە پـێـچـەوانـەی پـەیـڕەوی نـاوخـۆوە هەڵسوڕاوەو بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی هەڵبژێردراوی پێنجەمین کۆنگرە، بڕیاردرا بە هەڵپەساردنی بەڕێز قادر عەزیز لە پۆستی سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان تا شەشەمین کۆنگرە». لە بەرامبەریشدا باڵی قـادر عەزیز لە بەیاننامەیەکدا ئەو کادیرە نارازییانەی بەجیابووەوە لە حیزب لەقەڵەمداوەو دەڵێت: «ئەو کەسانە جاری یەکەمیان نییە بە دەسیسەی ئێرەو ئەوێ خۆیان تاقی دەکەنەوە».




لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆن گەورەترین گۆڕانی ساڵی ٢٠٠٩ بوو

# سووتاندنی نووسینگەی پەرلەمان بۆ...؟




د.شێرکۆ حەمەئەمین*

لە دوایین شەوەکانی (٢٠٠٩)دا لە قەزای کۆیەی گۆڕانخواز، بە دەستێکی رەش‌و نادیار لە رووداوێکی گوماناوییدا نووسینگەی خاتوو (سیوەیل عوسمان)، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان سووتێنرا. وردبوونەوە لەم رووداوە گەلێک رەهەندی دووڕوویی دەسەڵاتی کوردیمان بۆ دەردەخات‌و ئەم رووداوە بەهەموو جۆرێک بەشێکە لەو زنجیرە کارە رێکخراوییەی لە ئەیلولی ٢٠٠٩وە دژی هەڵسوڕاوان‌و لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامدەدرێن، خەمساردیی دەزگاکانی ئاسایشیش لەم بارەیەوە هێندەی دیکە گومانەکان خەستدەکاتەوە‌و ئەم هەوڵەی دوایی، سووتاندنی نووسینگەی پەرلەمان لە سادەترین لێکدانەوەدا بێڕێزیکردنە بەرامبەر دەنگی (١٧) هەزار هاوڵاتیی شاری کۆیە، کە دوور لە هەر کاریگەرییەکی ناوچەیی‌و کەسی، دەنگیان بەگۆڕان داو سەلماندیان زیاتر هۆشیاریی سیاسییان لە پلەیەکی بەرزدایە، واتە سووتاندنی نووسینگەی خاتوو سیوەیل عوسمان، تاوانێک نییە دژ بەم خاتوونە، چونکە لەئێستادا ئەندام پەرلەمانەو نوێنەری شاری کۆیەیەو خاوەنی کەسێتییەکی مەعنەوییە، بەم پێوەرە تاوانەکە دژی هەموو خەڵکی کۆیە ئەنجامدراوە، بۆیە ئەم شارە هۆشیارو گۆڕانخوازە مافی خۆیانە ئاماژە شاراوەکانی پشتی ئەم تاوانە بخوێننەوە، کە دوور نییە جۆرێک لەتۆڵەکردنەوە بێت بەرامبەریان، ئەم هەوڵە ترسنۆکانەیەش دەستەپاچەیی دەسەڵاتی کوردی نیشاندەدات بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن‌و هەوڵە بەراییەکان بۆ ئاراستەکردنی کارەکانی حکومەت بەجۆرێک لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا، نەک دەسەڵاتبژێرێکی دیاریکراو، هاوکات دەکرێت وا لێکبدرێتەوە کە دەسەڵات دەیەوێت بەخەڵکی کۆیە بڵێت، ئەو شوێنەی ئێوە هیواتان لەسەر هەڵچنیوە کە نووسینگەی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانە، ئەوە ئێمە گڕی تێبەردەدەین‌و هیواکانتان دەسووتێنین، بەڵام ئایا ئەم کارە چەند کار لە ورەی تاکی کورد دەکات یان بەپێچەوانەوە دەنگدەرانی کۆیە دیوەکەی دیکەی دەبینن‌و زیاتر لەگەڵ نوێنەرەکەی خۆیان‌و فراکسیۆنی گۆڕان‌و بزووتنەوەکەیان هاوئاهەنگ دەبن وەک پیشەی هەمیشەییان. رەنگە هەموو ئەمانەی سەرەوەو زۆرشتی دیکەش وەڵامی ناونیشانی وتارەکەمان بن. دواشت، پێویستە دەسەڵاتی شاری کۆیە زۆر بە وردی سەرەداوەکانی پشت ئەم تاوانە بدۆزێتەوەو ئاشکرایان بکات بۆ رای گشتیی، بەپێچەوانەوە ئەم مەسەلەیە قسەی دی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

* زانکۆی کۆیە

# هەرێمی کوردستان‌و مۆتەکەی تیرۆری سیاسیی



مونیرە عوسمان عەلی

بەدرێژایی مێژووی ژیانی سیاسیی تاکو ئەم ساتەوەختە تیرۆرو تیرۆری سیاسیی بەرۆکی کوردستانی بەرنەداوە، هەنووکەش بە هەمان لۆژیکی رژێمە ستەمکارەکان لە کوردستان بە ترسناکترین شێوە بەردەوامیی هەیە.

لێرەدا پێویست ناکات پێناسەو شرۆڤەکاریی بۆ چەمک‌و واتای تیرۆر بکەین، چونکە چەندساڵێکە زۆر بابەت‌و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر بۆ تیرۆرو رەهەندەکانی کراوە، دەتوانین تیرۆر لە کورتترین مانادا بە کوشتنی خودی ئازادی مرۆڤەکان ناو ببەین، بەڵام دەبێت بزانن هەر هێزو لایەنێکی سیاسیی پەنا بەرێتە بەر کوشتن‌و نەفیکردنی جەستەی ئەوی دی، تەنیا لەبەر ئەوەی لە بیرکردنەوەو تێڕوانین‌و هەڵوێستی سیاسییدا جیاوازە، کاتێک ئەو هێزە خۆی زۆر بە هاوچەرخ‌و دیموکراسیخواز ناوەزەند بکات، ئەوا پێچەوانەکەی لە شوناس‌و مانای میتۆدی یەکتر قبووڵکردن‌و دیموکراسیی دەردەچێت‌و لەنێو چواچێوەو خانەی هێزگەلێکی تیرۆریستەوە ئەژمار دەکرێت!

دیاردەی تیرۆر لەسایەی دەسەڵاتی کوردییدا درێژەی هەیە، هیچ نێوەندو دامەزراوەیەکی یاسایی‌و سیاسیی نییە ئۆباڵی رێگرتن‌و چارەسەری ئەم دیاردەیە بگرێتە ئەستۆی.

رۆژێک سەرکردەو کادیرو بارەگای هێزە ئیسلامییەکان‌و رۆژێکیش نووسەرو رۆژنامەنووسانی ئازادیخوازو مەدەنی، ئەمڕۆش لەسایەی دەسەڵاتی حیزبێکی بەناو سۆسیال دیموکرات، سیاسەتی نانبڕین‌و تیرۆرکردن‌و سووتاندنی بارەگای هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان پەیڕەو دەکرێت.

لێردا گرنگە بزانین لە دۆخێکی وەهادا دەسەڵاتی سیاسیی وەزارەتی ناوخۆ لەبەر هەر هۆیەکی سیاسیی بێت، نەیتوانیوە ئەرکی بەرپرسیارێتی ئەم دۆخە لەئەستۆ بگرێت، ئەی دەبێت بەچی‌و چۆن سنوورێک بۆ ئەو دیاردەیە دابنرێت؟

ئەگەر لە ساڵانی رابردوودا هێزێکی ئۆپۆزسیۆن ئامادەگی نەبووبێت، ئەوا ئەمڕۆ جیاواز لە ژیانی سیاسیی رابردوو هێزو لایەنی ئۆپۆزسیۆنی کاراو سەنگین ئامادەیی هەیە، وەک بزووتنەوەی گۆڕان‌و یەکگرتووی ئیسلامیی‌و کۆمەڵی ئیسلامیی‌و چەند هێزێکی دیکە، هاوشانی ئەوەش ریکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و خەڵکی ئازادیخوازو رووناکبیرو نووسەر لەناو کەشی سیاسیی‌و فەرهەنگیی کۆمەڵگەدا رۆڵ دەگێڕن‌و ناکرێت دەرفەت بدرێت بەهیچ جۆرە دۆخێکی ناهەمواری ترسناک‌و ستەمکاریی وەک ئەمڕۆی کوردستان بەردەوامیی پێبدرێت.

لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمان جدییانە هەڵوێست وەربگرن‌و دەسەڵاتی سیاسیی بخەنە بەردەم ئەرکی بەرپرسیارێتی مێژووییەوە، شەقامی کوردستان‌و رای گشتیی ناوچەکەو جیهان لەو دۆخە بەئاگابهێننەوەو بانگکردنی وەزیری ناوخۆ بۆ پەرلەمان، لێپرسینەوە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش، بەتایبەت بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی سلێمانی، کە رووداوەکان لە سنووری دەسەڵاتی ئەواندایە.

بێگومان درێژدان بە دۆخی تیرۆری سیاسیی لە کوردستان پەیوەستە، بە کلتوورو عەقڵی فاشیزم‌و نەبوونی یاساسالاریی‌و دەسەڵاتێکی دامەزراوەی مەدەنی کاراو لاوازیی گرووپەکانی فشار لەسەر دەسەڵات‌و پاشاگەردانی سیستمی حکومڕانیی لە کوردستاندا.

هەڵبەت بۆ رێگرتنی کارێکی لەوجۆرە تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک، یان نووسینی چەند وتارێکی رۆژنامەنووسی ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە هاتنە مەیدان‌و بەخستنەگەڕی رۆڵی ئۆپۆزسیۆن‌و هێزو ئیرادەی رێکخراو و گرووپ‌و کەسایەتی سیاسیی رووناکبیران‌و شەقام‌و تاکە ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگە دەکات.

کەواتە پەرش‌و بڵاویی لە هەڵوێستەکان‌و لاوازیی ئیرادەمان‌و نەبوونی بێ بەرنامەیی تیرۆری سیاسیی کوردستان بە دۆخێکی مەترسیداریی درێژخایەندا دەبات، ئەوکاتیش سەرجەم ئازادییەکان لە کوردستان باجی گەورە دەدات‌و هەر یەکێکیشمان پشکی ئەو باجەمان بەردەکەوێت.

# خەڵات



پشکۆ ناکام

سەرەڕای ئەوەی کابینەی شەشەمی حکومەتە بەشوشەکەمان، تەمەنی حوکمڕانی لەچوار مانگێک تێپەڕ ناکات، لەوەدەچێت چاوی بەیەکجاریی کز بووبێت‌و دەوروپشتی خۆی نەبینێت، ئەوەتا ئەو دیاردە زل‌و زەبەلاحەی (گەندەڵیی هەرێم) نابینێت‌و درکی پێ ناکات، پەنا بۆ هاوڵاتییان دەبات کە لە گەندەڵی ئاگاداری بکەنەوەو لەسەر وەزنی (یانصیب) خەڵاتی بۆ داناون، هەر لەنیو ملیۆن دینارەوە تادەگاتە سەد ملیۆن!! تۆ بڵێی گەندەڵیی وەک گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن (عديم الطعيم و اللون و الرائحة) بێت تا حکومەت هەستی پێ نەکات؟!، یان گەندەڵیی هێندە بچووکە کە بەچاو نەبینرێت؟ لەم حاڵەتەدا دەبێت حکومەت (تێلەسکۆپ) ببەخشێتەوە بەسەر هاوڵاتییاندا، تا ئەوانیش کاتێک دەگەڕێن بەدوای -گەندەڵی-یدا ببینن! ئای لەم کۆمیدیا گاڵتەجارییە، هەژدەساڵە ئەم هەرێمە بەدبەختە نوقمی گەندەڵیی بووە، تازە بەتازە دوای پێنج کابینە، حکومەت بێئاگایی خۆی لەگەندەڵیی دەردەبڕێت‌و بە(پارە) هاوڵاتییان رادەکێشێت بۆ گەڕان بەدوایدا.

ئەمڕۆ لەهەرێمدا دەیان دەسەڵات‌و هێزی پەیوەندیدار بەستراونەتەوە بەهەردوو دیوە زەردو سەوزەکەی دەسەڵاتەوە: پێشمەرگە، زێرەڤانی، ئاسایش، پۆلیس، دەزگای زانیاری، پاراستن، دەزگای چاودێریی مالی.. سکرتاریەت، سەرۆکایەتیی هەرێم.. پاسەوانی هەرێم.. خێرەومەندی (تقرير)نووس.. ئەم هەموو هێزانە کە راستەخۆ بەستراونەتەوە بە حکومەت‌و دەسەڵاتەوە، نەتوانن هاوکاریی حکومەت بکەن لە (دۆزینەوە!)ی، گەندەڵ‌و گەندەڵکارەکان، کابینەی شەشەم دەیەوێت هاوڵاتییان بەو کارە هەستن، ئایا حکومەت ئەرشیفی ئەو هەموو رۆژنامانەی لا نییە کە بەبەڵگەوە، بەدۆکیۆمێنتی ئیمزاکراوەوە، دەیان‌و سەدان گەندەڵییان بڵاوکردووەتەوەوزۆر نهێنیی (ژێر بەڕە)یان خستووەتە سەر ئەرزو بەدەیان کەسی سەر بەحیزب‌و بنەماڵەو دەسەڵات لەو گەندەڵییانە بە(ئەرقامەوە)، تێوەگلاون. بۆچی ئەگەر حکومەت مەبەستی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی بێت، بەدواداچوون ناکات بۆ ئەو هەموو زنجیرە یەک لەدوای یەکەی گەندەڵییەوە؟! حکومەت زۆر چاک دەزانێت کە بەبێ پێگەیەکی سیاسیی ناو دەسەڵات، گەندەڵیی کارێکی ئاسان نییە، هاوڵاتیی ئاسایی کە دوورە لەدەسەڵات‌و (مەحسوبیەت‌و مەنسوبیەت) لەگەندەڵیش دوورە، بۆیە دەبێت حکومەت بەو جۆرە -سیناریۆ- یانە هەوڵ نەدات، کۆمەڵانی خەڵک بەوە چەواشە بکات کە حکومەت نە کەسی گەندەڵکار دەناسێت‌و نە ئاگای لە رووداوەکەشێتی! خۆ کابینەی شەشەم لەوڵاتێکی دراوسێوە بەقەرز نەهێنراوەتە هەرێمەوە تا شارەزایی‌و ئاشنایی لە رووداو و کارەساتەکانی کوردستان نەبێت، حکومەت لەو دوو حیزبە پێکهێنراوە کە سەرچاوەی هەموو گەندەڵیی‌و نەهامەتییەکانی هەرێمن، حکومەت خۆی زادەی ئەو دەسەڵاتەیە کە گەندەڵییان کردووە بەپێناسەیەک بۆ دەسەڵات، خۆی‌و حکومەتەکەی، چ پێویست بەو جۆرە موزایەدانە ناکات..، چونکە ئەگەر وەک (تەکساس)ی جاران حکومەت بەدوای (گەندەڵی)یدا وێڵ‌و سەرگەردانە، ئەوا ئەو ئەفیشەی لەسەری دەنووسێت (WANTED) دەبێت پڕی بکات لە رەسمی کەسانی سەر بە هەردوو حیزب‌و دەسەڵات‌و ژمارەشیان زۆرە، لەوانەیە پێویست بە دوو سێ ئەفیش بکات..

شەش کابینە، یەک بەدوای یەک، هەریەک بەجۆرێک‌و رێگەیەک لە تەوقی سەرەوە بۆ بنەپێ، لە(گەندەڵی)یەوە ئالابن، ئێستا روو لە هاوڵاتییان دەکرێت کە بەحکومەت بڵێت: ئەوەتا.. دۆزیمەوە، ئەوە گەندەڵییەک!! کە ئەمە زیاتر لە چیرۆکی نەنکە دەچێت کە بە منداڵەکە دەڵێت: کوا چاویلکەکەم! منداڵەکەش دەڵێت: (نەنە گیان ئەوەتا بەسەرتەوە...).

# ئەندام پەرلەمانێک وتی!



عەدنان عوسمان

بە دەگمەن رۆژ هەیە، کە ئەو نیو رستەیەی سەرەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان، تەلەفزیۆن‌و رادیۆکان، سایتەکان بەرچاوو گوێمان نەکەوێت. ئەم دیاردەیە سەرتاپای راگەیاندنی عێراقی گرتووەتەوەو بەجۆرێک کە کەم لە پەرلەمانی وڵاتان هەن بەقەد ئەندامانی هەردوو پەرلەمانی عێراق‌و کوردستان لێدوانی رۆژنامەوانی بدەن لەسەر هەمووشت‌و دەربارەی هەمووشت. ئەم حاڵەتە بە هەموو دیوەکانیدا پەیوەندیی بە عەقڵییەتی بە گرنگ سەیرکردنی پەرلەمان‌و رێزگرتن لە دەسەڵاتەکانی نییە، هەوڵدان نییە بۆ شۆڕبوونەوە بە نێو قووڵایی بیرکردنەوەو ئەجیندەی کاری پەرلەمانتاران‌و زانینی دیدو تێگەشتنیان لەمەڕ مەسەلە گرنگ‌و چارەنووسسازەکان‌و لەوەوە نەهاتووە کە لەو باڵەخانەیەوە (لانیکەم بۆ کوردستان) بڕیاری یەکلاییکەرەوە دەردەکرێت کە هەموو لایەک ناچار بە پیادەکردنی دەکات، یان قوبلی ئومێدی میللەتە. لەوانەیە ئەو شتانە کەم تازۆر لەپشتی ئەو مەسەلەیەدا بن، بەڵام بە رای من هۆکاری سەرەکی پەیوەندیی بە ئاسان بەدەستخستنی ئەو لێدوانانەوە هەیە.

ئەم دیاردەیە سەرەتا لە عێراقدا بە خەستی پەرەی پێدراو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوون بە قارەمانی شاشەکان‌و هێدلاینی زۆربەی نەشرە خەبەرییەکان. ململانێی سەختی لایەنە دژ بە یەک‌و ناکۆکەکان لە عێراقدا، نەبوونی ئازادیی رووماڵکردنێکی سەربەست‌و دڵخوازانە بۆ هەواڵەکان لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە بە هۆی باری نالەباری ئەمنی‌و لەبەردەست بوونی دەیان ئەندام پەرلەمان لە ناوچەی سەوزداو مۆڵخواردنی زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن لەو شوێنانە وای کرد، وەرگرتنی بیروڕاو قسەو لێدوانی ئەندامانی پەرلەمان کارێکی ئاسان بێت، بەڵکو تاکە کاری ئاسانی رۆژنامەنووسی بێت لە بەغدادا، بە حوکمی جیاوازی‌و دژ بەیەکی ئەو لێدوانانەش ئیتر بۆخۆی کەرەستەیەکی باشی رۆماڵکردن بوو. وەک دەوترێت، ئەوانەی لەبەغدا زۆرتر لە هەمووان قسە دەکەن، ئەوانەن کە کەمترین ئاگادارییان لەسەر بڕیارو یاساکان هەیەو کەمترین ئامادەییان لە کۆبوونەوەکاندا هەیە!

ئەم حاڵەتە پڕاوپڕ وەک زۆر شتی دیکە گوازرایەوە نێو راگەیاندنی کوردی‌و لە ماوەیەکی کەمدا ئەندامانی پەرلەمان بوون بە قارەمانی شاشەو رووبەری لاپەڕەکان. لێرەدا قسەم لەسەر ئەوە نییە کە ئەمە حاڵەتێکی تەواو سلبییە، نەخێر، دیارە ئەندامی پەرلەمانیش مافی خۆیەتی قسەی هەبێت‌و بۆچوونی بخاتەڕوو. ئەوەی جێگای تێڕامان‌و نیگەرانییە، پشتگوێخستنی خەڵکانی پسپۆڕو شارەزایە لە بوارە سیاسیی‌و ئیداریی‌و ئابوورییەکاندا، بە داخەوە تا ئەندام پەرلەمانێک هەبێت بۆ قسەوەرگرتن، رۆژنامەنووسان پەنا نابەنە بەر پسپۆڕانی ئەو بوارە کە بەدڵنیاییەوە زۆر لە ئەندام پەرلەمانەکە شارەزاترن بە حوکمی تەجروبەو پسپۆڕێتییان. هەندێکجار کە داوا لە هاوکارە رۆژنامەنووسەکانمان دەکەین، واز لە ئێمە بهێنن‌و پەنا بۆ خەڵکی شارەزا بەرن بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانە، پێیانوایە، ئەوە جۆرێکە لە خۆدزینەوە، یان دیارە ژێربەژێر شتێک لە ئارادایە!

بوونی پەیوەندییەکی تەندروست‌و بەهێز لە نێوان پەرلەمان‌و پەرلەمانتاران لە لایەک‌و رۆژنامەنووسان‌و دەزگاکانی راگەیاندن لە لایەکی دیکە کارێکی پێویست‌و گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر هەم بۆ رای گشتیی‌و هەمیش بۆ خودی پەرلەمان وەرگرتنی راو بۆچوونی چاودێرانی دیکەیە لەسەر ئەو مەسەلانە کە پێموایە، ئەوە دەتوانێت بابەتەکان دەوڵەمەندتر بکات‌و تیشکبخاتە سەر لایەنە شاراوەو ئاڵۆزەکانی کێشەکان. پشتگوێخستنی راو بۆچوونی ئەو کەسایەتییە شارەزایانە کە ساڵانێکی تەمەنیان لەپێناو پسپۆڕبوون لەو بوارانەدا سەرفکردووە، چەندین زیانی هەیەو بە دڵنیاییەوە بەشێکی گەورەی بەر خودی پەرلەمان دەکەوێت.

# بەرنامەی ژەمەخۆراکی قوتابخانە لەلایەن رێکخراوی خۆراکی جیهانییەوە لە عێراق بەردەوامە

**رۆبین لۆج***

لە رێکەوتی (١٦)ی تشرینی دووەمو دوای (١٨) مانگ کارکردن لەگەڵ بەرنامەی عێراقی رێکخراوی خۆراکی جیهانیی (WFP)دا بۆ یەکەمجار عێراقم بینییەوە، هەرچەندە پێشتر لە چەند بۆنەیەکدا من بۆ هەولێرو بەغداد هاتبووم، بەڵام جگە لە ئامادەبوونم لە بۆنەکان لە ئوتێلی رەشید یان لە بنکەی کۆنفرانسی هەولێر جموجووڵم تەنیا لە ناوچەی دەولیو ناو بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکاندا بوو.

ئێستا ئێمە بەرەو شاری رانیە دەچین لە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بۆ دەستکردن بە بەرنامەی خۆراکی قوتابخانەو بینینی چۆنییێتی دابەشکردنی خۆراکی رێکخراوەکەمان. یەکەمجاریشە من خەریکم لەگەڵ چەند کەسێک لەوانە کۆببمەوە، کە ئێمە دەمانەوێت یارمەتییان بدەین.

هەرچەندە سەفەرەکە خۆش بوو، بەڵام تارادەیەک هەستم بە بێزاریش دەکرد، نەک لەبەرئەوەی من لە هیچ شتێک ترسابم، بەڵکو لەبەرئەوەی نەمدەتوانی لەوە دڵنیابم کە ئایا منداڵەکان خۆشحاڵن بەوەی ئێمە دەیاندەینێ. ئەو خواردنە سەرپێیەی کە رێکخراوی خۆراکی جیهانی لەژێر بەرنامەی ژەمەخواردندا دابەشی دەکات، کە بریتییە لە پسکیتی بە خورمای پڕ لە مادەی خۆراکی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆراکو یارمەتیدانی منداڵان لەسەر تەرکیزکردنیان لەسەر قوتابخانەو هاندانی دایکانو باوکانیش لەسەر ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە.

بەرنامەی ژەمەخۆراکی عێراقی کە بە پارەی عیراقیو بە هاوکاریی وەزارەتی پەروەردە ئەنجامدەدرێت زیاتر ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە لە ناوچە هەرە هەژارەکاندا نیشتەجێن لە پارێزگاکانی سلێمانیو واسیتو دیالەو نەینەواو بە تێکڕایش (١٧٢٠٠٠) منداڵ سوودیان لێبینیوە. شایانی باسیشە، ئێمە پلانی ئەوەشمان هەیە کە لەساڵی دادێ زیاتر پەرە بە بەرنامەکە بدەین بۆئەوەی ژمارەکە بگاتە (٩٧٦٠٠٠٠) منداڵ لە شوێنە هەژارەکانی (١٤) پارێزگاکەدا.

کە سەردانی قوتابخانەی رانیە (سلێمانی)مان کرد ئێمە هەرگیز پێشبینی ئەو بەخێرهێنانە گەرموگوڕەمان نەدەکرد، منداڵان بە جلی کوردییەوە هەڵدەپەڕینو گۆرانییان دەوتو تەلەفزیۆنو راگەیاندنەکانیش بەم بۆنەیەوە هاتبوون لەگەڵ چەند بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردە. خۆشبەختانەش ئێمە لەکاتی نانی نیوەڕۆ گەیشتینە ئەوێ کاتەکەش زۆر لەباربوو بۆ دابەشکردنی یەکسەری خواردنەکە.

بەڕاستی کاتی تاقیکردنەوەی راستەقینە بوو. هەرچەندە منداڵان رەنگە پێیان جوان نەبووبێت لە پێش ئێمە خورماکە بتفێننەوە، بەڵام دەکرا هەست بەوە بکرێت کە ئایا پێیان خۆشە یان نا، پاش چەند خولەکێک لە جووتنی بڕیارێک دەرچوو. دیار بوو ئەوان بە پسکیتەکە رازیی بوونو هەندێکیشیان لە هەندێکی تر زیاتر تامەزرۆبوون. منداڵێکی تەمەن (٧) ساڵە بە ناوی سامان هەرچەندە شەرمی دەکرد کە هیچ بڵێت لەسەری، بەڵام هەرزوو لەماوەی (٢٠) چرکەدا لووشیکردو دیار بوو سەیری مێزەکەی دەکرد بۆ زیاتر. منداڵێکی دیکەی (٨) ساڵەش بە ناوی شیرینەوە وتی کە پسکیتەکە باشتر دەبێت ئەگەر لە جیاتی خورما گوێزی تێبکرێت، چونکە وەک ئەو وتی «ئێرە ناوچەی گوێزە». ئەو لەگەڵ ئەوەشدا هەموو بەشەکەی خۆی خوارد. لە راستیشدا من تاکە منداڵێکم نەبینی کە خواردنەکەی فڕێ بداتو هەموو مامۆستاکانیش لەسەر ئەوە کۆک بوون کە منداڵەکان خواردنەکەیان پێ خۆشە.

لە کۆتاییدا ئێمە بە خۆشییەوە قوتابخانەکەمان جێهێشتو هەر ئەو کاتەش کە خەریک بووین سواری ئۆتۆمبیلەکەمان دەبووین هەستمکرد یەکێک لە دوامەوەیە، کە سەیرم کرد سامان بوو هەندێ شتی بە گوێمدا چرپاند، کە من تێنەگەیشتم، بۆیە (٥) گوێزی خستە ناو دەستمەوە. منیش ئەو رۆژە تێرم خوارد.

*** بەرپرسی بەشی زانیاریی رێکخراوی خۆراکی جیهانیی لە عێراق**

# مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دەبێتە ئەندامی رێکخراوی مۆنۆمێنتەکانی جیهان

**ئارام نەجیم**

مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بوو بە ئەندامی رێکخراوی مۆنۆمێنتەکانی جیهان بۆ ئاشتیی، کە لە ئێستادا (١٠٠) مۆنۆمێنتی ئاشتیی جیهانیی تێیدا بەشدارن بە وێنەو نووسین لە سایتەکەیانداو مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی بەتەواوی مۆنۆمێنتەکانی ئاشتیی جیهانیی ناساندووە.

مەحمود حەمە ئەمین، فەرمانبەری مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، بە رۆژنامەی راگەیاند «بە ئەندامبوونی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لەم رێکخراوە زیاتر دەبێتە هۆی ناساندنی ئەو زوڵمەی لەم شارە کراوە، ئامانجی ئەم رێکخراوەش زیاتر بیرۆکەی ئاشتیو پێکەوەژیانە».

رێکخراوی مۆنۆمێنتەکانی جیهان بۆ ئاشتیی رێکخراوێکی جیهانییەو لەساڵی (١٩٩٢) دامەزراوەو تائێستا شەش کۆنفرانسی بەستووەو لە هەر کۆنفرانسێکدا (٣٠٠) ئەندام بەشداریی تێداکردووە، واش بڕیارە کۆنفرانسی حەوتەم لەشاری بەرشەلۆنە ببەسرێتو هەڵەبجەش بەشدار دەبێت تێیدا. سەرجەمی ئەو مۆنۆمێنتانەی ئەندامن تێیدا لە ئەنجامی شەڕەوە دروستبوونو پەیامیشیان ئاشتیو پێکەوەژیانە.

# سەرۆکی شارەوانیی پیرەمەگروون لە سلێمانی دەوام دەکات

**فاخر تەلانی**



ئەو ئۆتۆمبیلەی لە خۆپیشاندانەکدا سوتێنرا — فۆتۆ: رۆژنامە

بەپێی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، لە دوای خۆپیشاندانەکەی ناحیەی پیرەمەگروونەوە تائێستا (٩)بەشداربووی خۆپیشاندانەکە دەستگیرکراونو سەرۆکی شارەوانیی پیرەمەگروونیش، ئەگەرچی بڕیارێکی سیاسی هەبوو بۆ لابردنی، بەڵام تائێستا ئیمزای ئەو بۆ مامەڵەکانی هاوڵاتییان بەکاردێتو لە سلێمانی دەوام دەکات.

سەمیر عەبدوڵڵا، وەزیری شارەوانیو گەشتوگوزار جەختی لەوەکردەوە کە لابردنی سەرۆکی شارەوانی بە بڕیاری سیاسی نابێتو دەبێت بۆ لابردنی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیاری بۆ دەربچێت.

وەزیری شارەوانیو گەشتوگوزار لەبارەی هۆکاری دەوامنەکردنی سەرۆکی شارەوانی لە پیرەمەگروون بۆ رۆژنامە وتی «باس لەلابردنی کراوە، بەڵام سەرۆکی شارەوانی خۆی داوای لێبوردنی کردووە لەو قسانەی کە کردوونی».

بەرپرسانی حیزبی لەدوای خۆپیشاندانەکەی هاوڵاتییانی پیرەمەگروونەوە،وەککاردانەوەیەک بڕیاری لابردنی بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆکی شارەوانیی پیرەمەگروونیان دەرکرد، بەڵام تائێستا تەنها لابردنی بەڕێوەبەری ناحیە جێبەجێکراوە، لە کاتێکدا خۆپیشاندانەکە لەسەر قسەیەکی سەرۆکی شارەوانی سەریهەڵداوە.

لەلایەکی تریشەوە دوای خۆپیشاندانەکەی شارۆچکەی پیرەمەگروون، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کەوتوونەتە دەستگیرکردنی ئەو هاوڵاتییانەی کە بەشداریی خۆپیشاندانەکەیان کردووە، یان گومانی بەشداریکردنیان لێدەکرێت، لەم رووەوە تائێستا (٩)کەسیان دەستگیرکردووەو چەند کەسێکیشیان ئازاد کردووە.

هەر لەم رووەوە زانایانی ئایینی سنوورەکە، رۆژی (٢٠١٠/١/٣) لە بارەگای کۆمیتەی پیرەمەگروون لەگەڵ لێپرسراوە حیزبییەکانی سنوورەکەدا کۆبوونەوەو داوایان لە بەرپرسان کرد کە چیتر هاوڵاتییان لەسەر بەشداریکردن لە خۆپیشاندانددا دەستگیر نەکەن.

سەرکەوت محەمەد، وەک برای یەکێک لە دەستگیرکراوەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند «براکەم هیچ پەیوەندییەکی بەخۆپیشاندەرانەوە نەبووە»، ئاشکراشی کرد «لەلایەن لێپرسراوی رێکخستنەکانی یەکێتییەوە لە سنوورەکە، بڕیاری دەستگیرکردنی براکەی دەدرێت».

سەرکەوت ئاماژەی بەوەشکرد ئەگەر دەسەڵات بیەوێت هاوڵاتییانی خۆپیشاندەر دەستگیربکات، دەبێت زیاتر لە (٤)هەزار هاوڵاتی لەم شارۆچکەیەدا دەستگیر بکات.

# چی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کرێنشینی هەژاردایە؟

**عەتا هەوڵویی**

کەم نین ئەوانەی چ لەزاری بەرپرسە یەک لەدوای یەکەکانی هەرێم بە حیزبیو حکومییەوەو چ ئەوانەی لەخەمی هاوڵاتییانی کرێنشینن لەم هەرێمەدا، لە رێی میدیاکانی نوسراوو بینراوو بیستراوەوە ئاماژەیان بەم گرفتە نەکردبێتو بە یەکێک لە کێشە گەورەکانی بەردەم هاوڵاتییانیان هەژمار نەکردبێت. ئەگەرچی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونو دابینکردنی خانووو شوێنی ئارام بۆ خەڵک بەهەر شێوەیەک بێت، یەکێکە لە ئەرکەکانی حکومەتو دەوڵەت، بەو پێیەی دەوڵەت دامەزراوەیەکی سیاسییەو مافی مامەڵەکردنی بەسامانی گشتییەوە هەیە، ئەویش لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا. پەرلەمانیش باڵاترین دامەزراوەی دەستوورییە لەوڵاتداو لەپاڵ یاسادانانادا کاری لێپرسینەوەی حکومەتیشە لە رووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە بۆ هاوڵاتییان. بۆ ئەو مەبەستە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٧)ی دەرکردووە کە ماوەی ١٨ مانگە رادەستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، کەوابوو ئەرکی پەرلەمانیشە کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بەدواداچوونی خێرا بکات.

بەپێی ئامارەکان زیاتر (٤٠٪)ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ژیانیان لە کرێنشینیدا بەسەردەبەن، بۆ وێنە لە پارێزگای سلێمانیو دەوروبەری پێویستی بە(٨٥,٨٧١) یەکەی نیشتەجێبوونەو لە پارێزگای هەولێریش (٣١,٥٦٨) خێزانی کرێنشین هەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەو دوو پارێزگایەدا زۆربەی فەرمانگەو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەخانووی بەکرێدانو بەمەش دەردەکەوێت خەزدی حکومەتیش هێندەی دیکە کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە، هەم لەجێگاو هەم لەنرخدا، وەک دەبینرێت لەزۆر خانوودا لەسەر لافیتە دەنووسرێت ئەم خانووە بۆ کرێ تەنها بۆ فەرمانگەو کۆمپانیاکان کە تیایاندا دەستەی وەبەرهێنانو بانکی خانوبەرەو بەڕێوەبەرایەتیی سندوقی نیشتەجێبوون کە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە لە کاردان، کەچی خۆشیان کرێچین.

لەئێستادا لێرەو لەوێ چەندین پڕۆژە ئەنجام دراونو پڕۆژەی دیکەش لە کاردان کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەکرێن بۆ یەکەی نیشتەجێبوون لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی جۆراوجۆرەوە بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکە، بەڵام ناتوانێت وەک پێویست رۆڵ ببینێت لە چارەسەرکردنیدا، چونکە بڕی تێچوونی لە (٤٠٠٠٠)دۆلار زیاترەو ئەم رێژەیەش لەئاست گیرفانی خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتدا نییە، بەتایبەت بۆ ئەو خێزانانەی کە خاوەنی هیچ سەرمایەیەک نین، دەتوانین بڵێین هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی نەک چارەسەری هەمیشەیی، چارەسەری هەمیشەییش ئەرکی حکومەتە نەک کەرتی تایبەت، تەنیا دەروازە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون بە رووی کرێنشینانی هەژاردا، جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٧)ی مانگی (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)ە کە تایبەتە بە دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە تاوەکو حاڵی حازر حکومەت نەیخستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە تیایدا هاتووە، وەزارەتی دارایی پارەی پێویست بۆ بنیاتنانی شوقەو خانووەکانی نیشتەجێبوون تەرخان دەکاتو ماوەی تەواوکردنیشی دەبێت لە دوو ساڵ تێپەڕ نەکاتو ماوەی (٢٥)ساڵ لەبەردەم کرێنشیندا هەیە بۆ دانەوەی ئەم گوژمەیەی کە لە سەریەتیو.. هتد.

به مامۆستای چاودێری خۆم وت، دەچمو لە تاران چاوەڕێی مولەتەکە دەبمو لەوێ دەستم کرد بە قسەکردن‌و چاوپێکەوتنی مەردمناسە ئەمریکاییەکان، هەموویان پێم پێدەکەنین، چونکە پێم وابوو دەتوانم لە سەر کوردان بکۆڵمەوە: «تۆ نەتدەزانی ناکرێت لەسەر ئەو بابەتە بکۆڵییەوە؟»، خۆشبەختانە نەمدەزانی، بۆیە بێمۆڵەت چووم بۆ کوردستان‌و بە حەفتەو بە مانگ لەوێ دەمامەوە. وەڵامی مۆڵەت هەرنەهاتەوەو داواکە رەتکرایەوە، جارێکی دیکەش داوام کردەوە، جارێکی دیکەش داخوازییەکەیان رەتکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوڵاتیان دەرنەکردمو دەمتوانی بۆ ماوەی کورت بچمە هەرێمەکە. لە قاوەخانەیەکی کوردی لە تاران خەریکی فێربوونی زمانی کوردی بووم، هەموو رۆژێک دەچووومو لەوێ دادەنیشتم، لەگەڵ خەڵک قسەم دەکرد سەبارەت بەو دێیانەی لێیانەوە هاتبوون، بەرلەوەی بچمە ئەوێ فێری فارسی ببووم. ئەو دەمە هەندێک تورکیشم دەزانی کە لە لای خۆم فێرببووم. من لەوقاوەخانەیەدا فێری کوردیی سۆرانی بووم، لە مەهاباد دۆستم هەبوون، پێشتر چووبوومە مەهابادو هەندێک بنەماڵەم دەناسین کە لەلایان دەمامەوەو یارمەتیشیان دەدام، خۆم دەورەیەکی فێربوونی کوردی تەواوکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی من مۆڵەتم وەرنەگرت، نەمدەتوانی بۆ ماوەی درێژ لە شوێنێک بمێنمەوە. نەگیرام، بەڵام زۆرجار خەڵک دەهاتنە لامو پێیاندەوتم، باشترە بڕۆیت‌و هەستم دەکرد ئەوە دەبێت لە لایەن ساواک، دەزگای هەواڵگرییەوە بێت کە پێیان دەوتم، من ناتوانم بمێنمەوە. چەند جارێک لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم، بۆیە دەبوو لەجێیەکەوە بچمە جێیەکی دیکەو قەت نەمدەتوانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بکەم کە پلانم بۆ دانابوو، بەڵام ئەوەش سەرنجڕاکێش بوو، چونکە دەستمکرد بە تێگەیشتنی جیاوازی شوێنێک لە تەک شوێنێکی دیکە، نەک هەر تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان، با بڵێین لە شوێنێک هەر عەشیرەتێک هەیە، لە شوێنی دیکە عەشیرەتێکی زۆرو لە شوێنی سێیەم هیچ عەشیرەت نییە، هەروەها نموونەی پەیوەندی دەسەڵاتی جیاوازیش هەیە.

بە دەم سەفەرکردن‌و گەرانەوە، تووشی کوردی خەڵکی کوردستانی عێراقیش هاتم، لەهەمانکاتدا لەوێ شەڕ دەستی پێکردبووەوەو لە هەرێمەکەدا پەنابەر هەبوون، بەڵام هەروەها ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی عێراقیش لە هاتوچۆدا بوون. چەندینجار لە هوتێلێکی چکۆلە یان میوانخانەیەکدا لە هەمان ژوور دا بووم کە میوانی عێراقی لێ بووو کاتێک بۆم باسکردن خەریکی چیم، ئەوان دەیانوت: «بۆ نایەیت بۆ کوردستانی عێراق؟» ئێمە ناوچەی ئازادکراومان هەن‌و لەوێ هیچ حکومەتێک ناتوانێت پێت بڵێت، بۆت نییە بمێنیتەوە. کوردەکانی عێراق لە تاران نووسینگەکیان هەبوو، بۆیە ئەو جارەی کە دیسان گەڕابوومەوە تاران، چوومە ئەو نووسینگەیەو مۆڵەتیان پێدام بۆ لێکۆڵینەوە، پێم وایە، ئەوان نەیاندەزانی لێکۆڵینەوەی مەردمناسی چییە. لەوانەیە پێیان وابووبێت، جۆرێک رۆژنامەنووس یان سیخوڕێکی هەواڵگریم، هەر دوو جۆری ئەو میوانانە پێ‌وقەدەمیان بەخێر بوو، چونکە ئەواندا [کوردەکانی عێراق] دەیانویست پەیوەندی باشیان لەگەڵ رۆژئاوا هەبێت. دواتر رەنگە هەستیان پێکردبێت کە مەردمناسان پرسیاری نالەبارو قورس دەکەن، بەڵام تازە ئیدی من لەوێ بووم.

**پرسیار: لە ئێرانەوە بۆ عێراق‌و دواتر لە تورکیاش کاری مەیدانیت کرد؟**

مارتین ڤان براونێسن: بەڵێ، من قەت لە ئێران مۆڵەتم وەرنەگرت‌و خۆم لە کوردستانی عێراق هاوینی‌و لە زستانی ١٩٧٥و١٩٧٤ لەوێ بووم. لەبیرم دێت لە نەورۆزی ١٩٧٥دا دەبوو ئەوێ بەجێبهێڵین، چونکە کوردەکان دەستیان لە خەبات بەردابوو، شاو ئەمریکاییەکان پشتیان تێکردبوون‌و سەربازانی ئێرانی پاشەکشەیان کردبووو ئێران هەموو جۆرە پشتیوانییەکی بڕیبوو، دەبوو کوردەکان دەست بەردەن، نزیکەی ٥٠٠٠٠ کەس رایان کرد بۆ ئێران کە من لە گەڵیان بووم، دواتر بەردەوام بووم لەسەر ئەوەی کە پێشتر دەمکرد. لە سەر گەشت‌و گەڕان بە کوردستانی ئێراندا بەردەوام بووم. لە هەمانکاتدا گەڵاڵەی لێکۆڵینەوەکەم گۆڕابوو، زیاتر ببووە کارێکی بەراوردکارانەو کەمتر چوونە قووڵاییەوە. هاوپرسەکی لەگەڵ خەڵک، زۆرم بۆ گرنگتر ببوو و زیاتر جەختم لە سەر ئەوە دەکردەوە، سەبارەت بە ئەوەی کە دەتوانم لەمەڕ پەیوەندیی دەسەڵات‌و کۆنترۆڵ بەسەر سەرچاوە ئابوورییەکاندا چی هەڵکرێنم‌و بۆم روونبێتەوەو بڕیارمدا تورکیاو سووریاش بخەمە ئەو بەراوردکردنەوە. بەگشتی، من دووساڵ لەژیانم لەهەرێمەکەدا بەسەربرد، بەڵام لە شوێنێکەوە دەچوومە جێگەیەکی دیکە.

**پرسیار: ئەی سەبارەت بەو بەرتەنگیانەی وا لە کاتی لێکۆڵینەوەی مەیدانیدا لەو وڵاتە جیاوازانەدا دەهاتنە سەر رێت، چی دەڵێیت؟ وا پێدەچێت کارکردنت لە عێراق زۆر ئاسانتر بووبێت؟**

مارتین ڤان براونێسن: راستە، ئەگەرچی من پاسەوانێکم لەگەڵ بوو کە بۆ هەرجێیەک دەچووم لەگەڵم بوو، ئەو گەنجێک بوو، خوێندکاربووە بەتەواوی مرخی لەو پرسیارانەی بوو کە من دەمکردن. لەبیرمە بۆمان دەردەکەوت کە پەیوەندیی فیودالی لە گۆڕێدایە کە جوتیاران دەچەوسێنرێنەوەو لە لایەن ئاغا فیوداڵەکانەوە دادەدۆشرێن. دەبوو ئەوان هەم دراو بدەن بە ئاغا فیوداڵەکان‌و هەم خزمەتیشیان بکەن. ئەوان لە لایەن پارتییەوە لە نیری ئاغا فیوداڵەکان رزگار کرابوون، بەڵام ئێستا دەبوو هەمان دراو بدەن بە پارتی‌و هەمان خزمەتی پێبکەن! فەرماندارەکان کە خەڵکی نزیک لە بازنەی دەوروبەری مستەفا بارزانی بوون، ببوون بە ئاغای فیوداڵیی نوێی هەرێمی. ئەوان لەجێدا هەر ئەو کارانەی رابردوویان دەکردو بۆ جوتیاران هیچ شت نەگۆڕرابووو پاسەوانەکەم، کاتێک دەستیپێکرد کە ئەوە ببینێت، زۆر رادیکاڵتری لێهات. ئەو دواتر بوو بە یەک لە ئەندامە سەرەتاییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کاتێک تاڵەبانی لە رکەبەری لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدا بە جیا خۆی رێکخست.

**پرسیار: کاری مەیدانی لە تورکیا چۆن بوو؟**

مارتین ڤان براونێسن: یەکەم شتی کە کردم ئەوە بوو، لە سنووری ئێرانەوە پەڕیمەوەو چوومە یوکسێکۆڤا، چوومە وان‌و لە وانەوە چوومە باشوورو گشت رێگەکەم بە پێیان تا جزرێ پێوا، وەرزی بەهار بووو کۆچەرەکان لە کوێستانەکان بوون.

پێشتر لێکۆڵینەوەیەک کرابوو سەبارەت بە کۆچەرەکانی ئەو هەرێمە کە خوێندبوومەوە، لەلایەن جوگرافیزانی ئاڵمانی وڵفگانگ هوترروت( ١٩٥٩،١٩٦١). ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گرنگە، زۆر باشە. دەمەویست ئەو شوێنە ببینم کە ئەوی لێبووەو چاوم بە هەندێک لەو کۆچەرانە بکەوێت کە ئەو لە سەری نووسیبوون. بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا، لە تاوڵێکی کۆچەراندا نوستم، وا هەستم دەکرد چ پۆلیس نییەو مرۆڤ زۆر ئازادە. ئەوە زۆر بەر [لە چالاکییەکانی] پارتیی کرێکارانی کوردستان بوو، ساڵی ١٩٧٥ بوو، بەڵام من دواتر زانیم، دوای ئەوەی من لەوێ بووم، کۆچەرەکان لەسەر من لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرابوو. دەزگای هەواڵگری لەوانە نییە لێپرسینەوە لەگەڵ من بکات یان لە زیندانم بخات، بەڵام ئەوخەڵکانەی من قسەم لەگەڵ کردبوون لەوانەبوو لە مەترسیدابن، بۆیە دوای ئەوە من زۆر هوشیارتر بوومو ئاگام لەخۆم بوو. لە جزرێ پشتیوانییەکی دیکەم دۆزییەوە، ئەو شێخێک بوو. لە ئێران چەندین شێخم دیبوو و فرووسماوییم سەبارەت بە سۆفیایەتی دەستی پێکردبوو و بیستبووم بنەماڵەیەکی شێخان لەوێ هەیە، شێخ پیاوێکی گەنج بوو و ئێمە هەتا بڵێی حورمەتی یەکتریمان لەبەر بوو، بووینە دۆست‌و لەبەرئەوەی تاڕادەیەکی دیار سەربەخۆ بوو، داوای لێکردم لە ماڵەکەی بمێنمەوەو لە دێیەکەی بم، بێئەوەی پرسیارێکی زۆر بێتە گۆڕێ‌و لەبەرئەوەی خەڵکی زۆر دەهاتن بۆ دیتنی ئەوان، دەمتوانی وتوویژو هاوپرسەکی بکەم. زیاتر لەوەش، لەبەر پەیوەندییەکانی پێشووترم لەگەڵ پەنابەرە سیاسییەکان‌و کارم لە کۆمیتەی هاوپەیوەندیدا، پەیوەندیم لەگەڵ هەندێک شوێن لە تورکیا دامەزراندبوو، بەرلەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەکەم بکەم، لەوانە دیاربەکر.

هەندێک لەوکەسانەی پەیوەندیم لەگەڵیان هەبوو مامۆستای خوێندنگە بوون، بەر لە کودەتای ١٩٧١، سەندیکایەکی مامۆستایان هەبوو، ئەو سەندیکایە دواتر قەدەغە کرا. لەبەرئەوەی مامۆستایان کرێکارنەبوون، هیچ مافیان نەبوو بۆ مانگرتن، بۆیە ئیتر ئەوان سەندیکایان نییەو ئێستا

> **ئەوە سیاسەتە مەدارەکان نەبوون کە بڕیاریاندا پرسی کورد دەکرێت بەگشتی‌و بە راشکاوی قسەی لێوەبکرێت**

**یەکەم کتێبم کۆکراوەیە کە لە وتارەکانمو ناویان ناوە کوردیستان ئوزەرینە یازلار (نووسین سەبارەت بە کوردستان) (ڤان براونێسن ١٩٩٢. وابزانم ئەوە یەکەم لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی بوو سەبارەت بە کوردەکان کە لەلایەن زۆر لە تورکانەوە خوێنرایەوە**

لێلی هەبێت سەبارەت بە ناسینی کورد، وەک گۆیکئاڵپ کە ئەو زۆر پەسنی دەداو لایەنگری لێدەکات. گۆیکئاڵپ خۆشی تێکەڵاوێکی پتەوی لەگەڵ ناسێنەی کوردی هەبوو ئەگەرچی ئەو بڕیاری دا کوردێک نەبێتو تورکێک بێت. ئەو بەتایبەتی تورکیایی‌و دیاربەکریی بوو، زۆر درەنگ لە کۆتاییەکانی ژیانیدا، کاتێک بارودۆخی سیاسی لە تورکیا گۆڕرا، بەیسانئۆغلوو دەستی کرد بـەوەی نیشانەی ئـەوە بەدەستەوە بدات کە ئـەو لە راستیدا کـوردە. پێم وایـە، خەڵکی وەک وی، لە روانگەی مێژوویی‌و تەنانەت لە روانگەی کۆمەڵایەتیشەوە شتی زۆر گرنگیان نووسیوە، ئەگەرچی کۆمەڵناس نین‌و لە هیچ بوارێکی ئاکادیمیکدا پـەروەردەیـان نەدیتووە.

**پرسیار: زۆر کـورد هـەن کە لەباری سیاسییەوە بەرعۆدەییان هـەیـەو هـەر لـەبـەر ئـەو بەرعۆدەییە سیاسییە سەبارەت بە مێژووی کورد یان کۆمەڵگەی کـورد دەنـووسـن. هەندێک لەوان شتی زۆر قۆڕ دەنووسن‌و هێندێکیشیان بە ڕاستی شتی زۆر چاک دەنووسن. ئەوانی هەرە باشیان، رۆهات ئالاکۆم‌و ماڵمسانژن. ئـەوان کتێبی زۆر باشیان نووسیوە کە بە ئاسانی دەتوانن شان لە شانی نووسینی ئاکادیمیک بـدەن. ئەوان پەنابەری سیاسی بوون لە سویدو لەوێندەرێ توانیویانە لە باری رووناکبیرییەوە پێش بـکـەون، بـەڵام مـرۆڤ کەسی ئەوتۆش دەبینێت کە قەت لە تورکیا دەرنەکەوتوون، بەڵام کتێبی زۆر چاکیان لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی باش بڵاوکردووەتەوە، وەکو کتێبی موحسین قزڵ کایا سەبارەت بە جەردەیی کۆمەڵایەتی (قزڵ کایا ١٩٩١)، یان کتێبی موسلیم یوجەل سەبارەت بە مردن، خۆکوژی‌و هێرشە خۆکوژییەکان (یوجەل ٢٠٠٣)، یان مێژوونووسی گەنجی خۆ پـەروەردەکـردوو گوردال ئاکسۆی، کە بەشێوەیەکی زۆر رەخنەگرانە شانی داوەتە بەر لێدوان سەبارەت بە مێژوونووسی ناسیۆنالیستی کوردی.**

مارتین ڤـان براونێسن: ئاراشترماجی – یـازارەکـان بەتایبەتی دەورێکی زۆریـان بووە لە سازکردنی دمەتەقەو لێدوان سەبارەت بە ناسێنەی ئێتنیکی‌و بن – ئێتنیکی کە لە ساڵانی ١٩٩٠ کاندا زۆر قسەی لێوە دەکرا:

گـەلـۆ زازاکـــان کـوردن یـان گەلێکی جـیـاوازن، گەلۆ عەلەوییایەتیی کوردی جیاوازە لە عەلەوییایەتیی تورکی و لەو بابەتانە.

**پـرسـیـار: کـاردانـەوەی ئەو نووسەرانە لە سەر بیروڕای گشتی سەبارەت بە پرسی کورد چۆن بووە؟**

مارتین ڤـان پڕاونێسن: حـــەوزەی گشتی لـە تورکیا لـەتـوکـوتو پارچەپارچەیە، تەنها هەر حەوزەیەکی گشتی نـیـیـە، وەشـانـگـەری ئـەوتـۆ هـــەن کـە کـتـێـبـەکـانـیـان بۆ هەندێک خوێنەرەوەی تایبەتی بـڵاودەکـەنـەوەو هیچ کەسی دیکە کتێبەکانی ئەوان ناکڕێت. تـەنـانـەت ئـەمـڕۆش کـە زۆر زیـاتـر قبولْ دەکـرێـت باسی عەلەوییەکان‌و کوردەکان‌و لەو جـۆرە بابەتانە بکرێت، بەڵام هێشتا وەشانگەری ئەوتۆ هەن کە بەتایبەتی کتێب بۆ خوێنەرەوەی عەلەوی بڵاودەکەنەوەو کەسی دیکە کتێبەکانی ئەوان ناکڕێت. وەشـانـگـەری ئەوتۆ هـەن کە بەتایبەتی بۆ خوێنەری کورد کتێب بڵاودەکەنەوە. ئاڤێستا کتێبی زۆر چاک بڵاودەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە من پێم وایە، زۆر لـە تـورکـەکـان تەنانەت نازانن وەشانخانەیەکی ئەوتۆش هەیە. زۆر بەختەوەرم کە موراد بەلگەو عومەر لاچینەرم ناسی، ئەوکەسانەی کە «ئیلەتیشیم» یان دامەزراند، وەشانخانەیەکی سەرەکی کە ئەو کتێبانەی چاپیان دەکات لەلایەن بەشێکی بەربڵاو لە خوێنەرەوەی خوێندەواری جۆربەجۆرەوە دەخوێنرێنەوە. ئـەوکـاتـەی ئـەوان هەستیان پێکرد هەڵدەسورێت، بڕیاریاندا هەندێک لە نووسینەکانی من بە تورکی بڵاوبکەنەوەو پێم وایـە، ئـەوە زۆر گرنگ بوو بۆ من بە شەخسی وەکو رێ دەرکـردنـێـک. یـەکـەم کتێبم کۆکراوەیە کە لە وتارەکانم‌و نـاویـان نـاوە کـوردیـسـتـان ئـوزەریـنـە یـازلار (نووسین سەبارەت بە کوردستان) (ڤان براونێسن ١٩٩٢). وابزانم ئەوە یەکەم لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی بوو سەبارەت بە کوردەکان کە لەلایەن زۆر لە تورکانەوە خوێنرایەوە کە نووسینەکانی خەڵکی دیکەیان نەدەخوێندەوە. دواتـر ئـەوان ٣ کتێبی دیکەی منیان بڵاو کردوە کە ئەوانیش زۆر باش فرۆشران، ئەوانە بریتی بوون لە وەرگێڕانێکی نوێ‌و زۆر باشتری ئاغا، شێخ‌و دەوڵەت، جا بۆیە پێم وایە، دوستایەتیم لەگەڵ موراد بەڵگەو عومەر لاچینەر بە جـۆرێـک منیان پێشکێش کرد کە شیاوی قوبووڵکردن بێت. هەڵبەت لەهەمانکاتدا زۆر کەسی دیکە خەریکی نووسینی ئاکادیمی بوون کە کارەکانیان وەرگـێـڕراون‌و لـەوانـەیـە بخوێنرێنەوە وەکو نووسینی رۆبێرت ئولسۆن (١٩٩٣). من پێشنیازم کرد بە «ئیلەتیشیم» کە کۆکراوەیەک لە نووسینەکانی حـەمـید بـۆزئـەرسـلان بڵاو بکاتەوە. حەمید لێکۆڵەرەوەیەکی زۆر باشە، بـەڵام بـەداخـەوە لە تورکیا هێشتا زۆر چاک نەناسراوە، لەبەر هەندێک هۆ، ئەوان هیچ کتێبێکی حەمیدیان بـڵاو نـەکـردەوە، ئـەوە رەنگە لـەبـەر تـەجـروبـەیـان لەگەڵ کتێبێکی گرنگی دیکە لەساڵی ١٩٩٩ بێت. ئەوان ئەو کتێبەیان بڵاوکردەوە کە وەدیع جو وەیدە لە سەر کوردەکانی نووسیوە، تێزێکی دوکـتـورایـی ساڵی ١٩٦٠ کە قەت بە شێوەیەکی لەبار بـڵاونـەبـووەوە، بەڵام وەکو شوێنەوارێکی کلاسیک مابووەوە سەبارەت بە مێژووی ناسیۆنالیزمی کـورد. (تەنها ئەمساڵ بە زمانی ئینگلیزی، لـە لایـەن وەشـانـی زانـکـۆی سیراکس بڵاوکرایەوە.) من قەت جو وەیدەم نەدیبوو، بەڵام ئەو بە یەک لە مامۆستاکانی خۆم دەزانم، چونکە زۆر لە کتێبەکەی وی فێربووم. ئەو عێراقییەکی عـەرەبزمـانـی عیسایی بـوو. کلدانییەک بوو و لە باشووری عێراق چاوی بە دنیا هەڵهێنابوو، وەکو مەئمورێکی دەوڵەت زۆر بە باکووری عێراقدا گەڕابوو. لەگەڵ گشت ئاغا سەرەکییەکان ناسیاوی پەیدا کردبوو و دەیزانی ئەوان چۆن بیر دەکەنەوەو دواتر لە ئارشیڤەکانی بەریتانیای کۆڵیبووەوە. ئەو مێژوویەکی زۆر جوانی نووسی سەبارەت بە پەیدابوونی ناسیونالیزمی کورد لە ساڵی ١٩٦٠. هەموو لێکۆڵینەوەکانی دواتر قەرزداری ئـەون، جا بۆیە بیرێکی باش بـوو بۆ « ئیلەتیشیم» کە بە تورکی بڵاوی بکاتەوە، بەڵام کتێبەکە لـە کاتێکی هەڵەو نالەباردا دەرکەوت‌و دەستبەجێ قەدەغە کـرا. پێم وایـە، ئێستا قەدەغەیان لە سەر لابـردووە، بەڵام ئەوان کتێبەکەیان چاپ نەکردووەتەوەو پێم وایە، لەبەر ئەوە هەندێک نابەدڵن بۆ ئەوەی کتێبی دیکەی زیاتر سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کورد وەرگێڕن. من شانسم هەبوو لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە بکەم کە هاتوچۆو سەفەر بەرێژە ئـازاد بوو و، دیـسـان شانسم هـەبـوو کە کتێبەکانم لە تورکیا لە کاتێکدا دەرکـەوتـن کـە کـرانـەوەیـەک هەبوو، کرانی زۆر شت دەلواو زۆر لە خەڵک بەرپرسیار بوون، بۆیە لە تورکیا نێوبانگم بڵاو بـووەوە، چونکە وا هەڵکەوت کتێبەکانم لە کاتێکی ئەوتۆدا دەرکـەون کە داوخوازییان بۆ هەبوو. پێم وایـە «ئیلەتیشم» کتێبەکەی حەمیدی وەلانـا دوای قەدەغە لە سەرکتێبەکەی وەدیـع جو وەیـدە. دەنـا هیچ هۆیەک نییە بۆ بڵاونەکردنەوەی نووسینەکانی حەمید. پێم وایە، بە لێبڕاوی نووسینەکانی وی لە تورکیا قبووڵ دەکرێن‌و ئەوان زۆر باشن.

ئـــەوە گـرنـگـە کـــە چ وەشانگەرێک کتێبێک چاپ دەکات، بۆ نموونە کتێبێکی زۆر باش هەبوو لە سەر کوردەکان کـە فیلیپ کرەیینبرووک‌و ستێفان سپێرل ئیدیتیان کردووە ( ١٩٩٢) کە بەزمانی تورکی دەرکەوت‌و وەشانگەرێکی دیکە بڵاوی کردەوە، کەسێکی ئەوتۆ پێی نەزانی، تەنەنات هەرچەند بۆ ماوەیەکی کـورت قەدەغە کرا.

جا بۆیە ئەوەی کە کتێبەکە لە لایەن کێوە بڵاوکراوەتەوە هەتابڵێی گرنگە کە پێشوازی لێبکرێت یان نا.

**پرسیار: چ جۆرە کاردانەوەیەکت بیستەوە دوای بڵاوبوونەوەو وەرگێڕانی کتێبەکەی یەکەمت ئاغا، شێخ‌و دەوڵـەت. سەبارەت بە رێکخستنی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی کوردستان؟**

مارتین ڤـان براونێسن: من لە ساڵی ١٩٧٨ تێزەکەم پێشکێش کـردو بە تایبەتیش نزیکەی ٨٠٠کۆپیم لێچاپکرد کە بە شێوەیەک لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاوبووەوە، بۆیە زۆر لە کوردەکان بە کتێبەکەیان دەزانـــی‌و مــرۆڤ کـوردی بەساڵداچووتر دەبینێت کە هێشتا ئەو چاپەی ئەو کتێبەیان لـە مـاڵـێدا هـەیـە. جـارجـار خـوێـنـدکـارێـک بـەیـەک لەو کتێبانەوە دێتە لام‌و دەڵێت: «ئەو کۆپییەم دۆزیـیـەوە، دەتوانی بـۆم واژۆ بـکـەیـت؟»، لەبەر ئەوەی من ژیانێکی تەکووزم نەبووو زۆر سەفەرم دەکرد، نەمتوانی تا ماوەیەکی درێژی دواتر وەشانگەرێک بدۆزمەوە. کتێبەکە لە ساڵی ١٩٩٢، بە ئاڵوگۆڕێکی کەمەوە لەگەڵ دەقی ماک‌و لە چاپێکی جۆاندا لەلایەن زێد بووکس چاپ کرا. من لەبەردەستدا نەبووم، هەموو ئەو زاراوانەیان راستکردبووەوە کە من بە کوردی نووسیبوونم. ئـەوان کەسێکیان هەبوو کە عەرەبی دەزانی‌و پێیان وابوو کوردی جۆرێک عەرەبییەو زۆر شتیان «راست» کردبووەوە. من دەبوو ئەوان نا- راست کەمەوە، تەنانەت نـاوی خەڵکیش. لە ئەڵمان دۆستم هـەبـوون کە کاتێک لە ئەندۆنیزیا بـووم، کتێبەکەیان وەرگێڕابووە سەر زمانی ئەڵمانی. ئەوەش دیسان وەرگێڕانێکی زۆر باش نەبوو، بـەڵام بـووە هـۆی بەناوبانگ بوونی من لە ئاڵمان (دەقێکی دیکەی زۆر باشتر لە ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاو بـووەوە)، ئەڵمان کۆمەڵگەیەکی زۆر گـەورەی کـوردی لێیە، زۆر خوێندکار لـەوێ هـەن، بۆیە کاتێک لە دەوروبـەری ساڵی ١٩٩٠، لە ئەندۆنیزیا را هاتمەوە، زانیم کە وەرگێڕانی ئەڵمانی کتێبەکە بە دەستانەوە دەگەڕێت. دواتر لە بەرلین کارێکیان پێ پێشنیاز کردم، ناڕاستەوخۆ لەبەر ئەو وەرگێڕانە ئاڵمانییە، بۆ ماوەی ساڵێک ( ٩٧-١٩٩٦) لە زانکۆی ئـازادی بێرلین پرۆفێسۆری مـیـوان بـووم سـەبـارەت بە لێکۆڵینەوەی کـوردی‌و پێم وایە، ئەوە بە شێوەی سەرەکی لە بـەر ئـەو کتێبە بـوو کە لە ئاڵمانیا ناسرابوو، بەڵام ئەتۆ لەمەڕ کاردانەوەی خوێنەران پرسیارت لێکردم...

**پرسیار : ئەی رەهەندی بەراوردی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە ئێران‌و تورکیاش دەگرێتەوە؟**

مارتین ڤان براونێسن: لە سەرەتاوە پێم وابوو ئەوە دەکرێت، بەڵام دواتر دەرکەوت، نا. زۆر شتی شیاوی بەراوردکردن‌و بەیەک رانان هەن، بەڵام لەبەریەک رانانی کۆمەڵناسانە لەبار نییەو نەمتوانی هەمان شێوە لێکۆڵینەوە لە تورکیا بکەم کە لە ئەندۆنیزیا کردم. ئێستا شاگردێکم هەیە کە خەریکی کاری مەیدانییە لەناو کۆچبەری زۆرەملێ لە گەرەکێکی هەژارنشینی ئەستەمبوڵدا، بەڵام دیسان ئەوەش جیاوازە. لە ئەندۆنیزیا هەوڵمدا رەهەندی ئێتنیکیش لە کارەکەمدا لەبەرچاو بگرم، رەنگە لەبەر ئەو ویستەی کە بتوانم بەراورد بکەم، هەرێمێکم هەڵبژارد کە گرووپی دوویەمی هەرەگەورەی ئێتنیکی ئەندۆنیزیای لێبوو، لە گەرەکەکەمدا زۆربەی دانیشتووان سەر بەو گرووپە بوون‌و ژمارەیەکی کەمتریش سەر بە گەورەترین گرووپی ئێتنیکی بوون و هەندێک گرووپی بچووکتریش پاشخانی ئێتنیکی دیکەیان هەبوو، بەڵام لەوێ ئیتنیسیتی یان هەرێمایەتی زۆر گرنگ نەبوون، ئەوە هۆکارێکە بەڵام لە ئەندۆنیزیا بە رێگەیەکی زۆر جیاوازدا هەڵدەسوورێت. دیتنێکی دیکەی بەراوردیی ئەوەیە کە من لەوێش دەستمکرد بە چاولێکردنی چلۆنایەتی هەڵسووڕانی تەریقەتە سۆفییەکان لە ئەندۆنیزیاو دەوری سیاسییان. لەوەش زیاتر بۆم دەرکەوت کە کارتێکەرییەکی ناڕاستەوخۆی کوردی لە سەر ئیسلامی ئەندۆنیزیا هەیە، بەتایبەتی لەسەر سۆفیگەری، ئەگەرچی هیچ کوردێک قەت رێگەی نەکەوتووەتە ئەوێ. ئەندۆنیزیاییەکان‌و کوردەکان لە مەککە یان مەدینە چاویان بەیەککەوت‌و تێکەڵاوییان پەیدا کرد. لە رابردوودا زۆر لە ئەندۆنیزیاییەکان لەمەدینە لەلای مامۆستایانی کورد دەیانخوێند. ئەندۆنیزیاییەکان کوردان بە ئیسلامەوە دەناسن‌و ئێستا کوردی نێوێکی شەخسییە کە لە بنەماڵەی ئیماندارردا لە پیاوانی دەنێن.

**پرسیار: با بێینەوە سەر کارەکانت سەبارەت بە کوردەکان، لە تورکیا، یەکەمجار لە ئۆیزگویر گەلەجەکدا شتتان بلاوکردەوە، گۆڤاری محەمەد بایراک. چۆن بوو لەو گۆڤارەدا شتت بلاوکردەوە؟**

مارتین ڤان براونێسن: ئەو چەند بەشی لە کتێبەکەمی، وابزانم لە ساڵی ١٩٨٨، لەگۆڤارەکەیدا بڵاوکردەوە بەر لەوەی لەگەڵ یەکتری ناسیاوی پەیدا کەین. ئەو لە سەر ئەوەش بانگکرایە بەردەم دادگا. دوای ئەوە چاوم پێی کەوت، لەوکاتەدا کە خەریک بوو هەموو کتێبەکە بڵاو بکاتەوە. ئەوە وەرگێڕانێکی باش نەبووو پێم وابوو، دەبێت دەستراگرێت‌و وەرگێڕانێکی باشتر لە کتێبەکە بکرێت، بەڵام ئەو لە سەر کارەکەی بەردەوام بوو، چونکە بۆ وی چاپکردنی کتێبەکە دەربڕینێکی سیاسی بوو، وەنەبوو ئەو کارەم زۆر پێخۆشبێت، چونکە زۆر بڕگەی کتێبەکە بەهەڵە وەرگێڕرابووو بە تورکییەکی چەوت‌و چەوێل بوو. وەرگێڕەکە خوێندکارێکی مەردمناسی بوو، بەڵام نەیوێرا ئیزن وەربگرێت بۆ وەرگێڕانی کتێبەکە، بەداخەوە ئەو خانمە کتێبەکەی وشە بە وشە وەرگێڕابوو، بەڵام بایراک لەوەدا حەقدار بوو کە بڵێت بە کاتی خۆیەتی کتێبێکی ئەوتۆ بڵاوبکرێتەوە. سەروبەندێکی هەتا بڵێی سەیر بوو، ساڵانی کۆتایی سەردەمی ئۆیزاڵ، کاتێک کە ئەو بابەتانەی بۆ ماوەی درێژ بڤە بوون لە پڕ دەکرا بە ئاشکرا قسەیان لەسەر بکرێت... پێم وابوو، لە ژیانم دا تازە قەت ناتوانم بە فەرمی بچمەوە تورکیا. زۆر خۆشحاڵ بووم کە کتێبەکەم بە چاپکراوی ببینم‌و سوپاس بۆ محەمەد بایراک، هەستم بەوەکردبوو لە تورکیا هەبوونم هەبێت. رەنگە ئەوە یەکەم کتێب بووبێت لە تورکیا کە ناوی کوردستانی تێدابێت، بەشێوەیەک ئەوە رێگەدەرکردنێک بوو، زۆر شانازی بەوە دەکەم کە ناڕاستەوخۆ ئامرازی محەمەد بایراک بووم بۆ دامەزراندنی کوردەکان لە چاپدا.

**پرسیار: ئەی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی نا- ئاکادیمی لە سەر پرسی کورد؟ دەوری رۆژنامەنووسان‌و «نووسەر – لێکۆڵەرەوان» (ئاراشترماجی _ یازار ) بە تایبەتی، زۆر جار کوردەکان خۆیان، هۆکاری بڕیاردەر بوون لەو بەرهەمهێنانەی زانستدا. تۆ چ جۆرە کەڵکێکت لەوچەشنە سەرچاوانە وەرگرت؟**

مارتین ڤان براونێسن: نازانم مەبەستت لە کێیە کاتێک دەڵێیت، ئاراشترماجی- یازار. هەندێک لەوان ئیدیئۆلۆگی سیاسین کە راستی لەمەڕ خۆیان دادەهێنن، یا بە لایەنگری یان لە دژی کورد، بەڵام زۆر کەسی دیکە هەن کە کاری زۆر بەنرخیان کردووە. مێژوونووسی ناوچەیی هەن وەک شەوکەت بەیسانئۆغڵوو کە زۆر کتێبی لە سەر دیاربەکر نووسیوە. ناوی «کورد» بۆ ماوەی درێژ لە کتێبەکانیدا نەبوو، بەڵام ئەو جاروبار باسی ئەرمەنییان دەکات. مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤ ئەگەر زۆر بە وردی کتێبەکانی بخوێنێتەوە، دەبینێت کە ئەو وێراویەتی لە بەرایی ساڵانی ١٩٦٠کاندا بەو بابەتەوە خەریک بێت. ئەو شیدەکاتەوەو دەڵێت، دوای نەمانی ئەرمەنییەکان، ئابووریی هەندێک هەرێمان هەڵوەشا، چونکە هەندێک پیشە بزربوون‌و نەمان. ئەو باسی بزربوونی ئەرمەنییەکان‌و خەساری ئابووریی دەکات، بەڵام ناڵێت، ئەرمەنییەکان چۆن سەریان تێداچوو. وەک دیاربەکرییەکی تورکزمان، دەبێت ئەو هەستێکی




**زۆر خۆشحاڵ بووم کە کتێبەکەم بە چاپکراوی ببینم‌و سوپاس بۆ محەمەد بایراک، هەستم بەوەکردبوو لە تورکیا هەبوونم هەبێت. رەنگە ئەوە یەکەم کتێب بووبێت لە تورکیا کە ناوی کوردستانی تێدابێت، بەشێوەیەک ئەوە رێگەدەرکردنێک بوو، زۆر شانازی بەوە دەکەم کە ناڕاستەوخۆ ئامرازی محەمەد بایراک بووم بۆ دامەزراندنی کوردەکان لە چاپدا**



هاوکارێکی گەنجتر کە من کارم لەگەڵ کردووە میخێل لیزنبێرگە، کە فەیلەسووف‌و زمانناسەو چەند کارێکی زۆر باشی لەسەر کوردستانی عێراق نووسیوە.

ئێمە چەندین کۆمیتەی هاوپێوەندی کوردستانمان لێرە هەبووە، یەک لەوان لە سالانی ١٩٧٠کان‌و یەک یان دووکەس لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بوون بە ڕۆژنامەنووس کە جاروبار سەبارەت بە کوردەکان دەنووسن‌و هێشتا مەیلی خۆیان سەبارەت بە کوردەکان پاراستووە. دواتر کۆمیتەیەکی زۆر سیاسی ترو چەپ دامەزرا، بەڵام وەکو کوردەکان خۆیان، ئەو کۆمیتانەی هاوپێوەندی قەت بەتەواوی یەکیان نەگرت. ئەوان لەبەریەکهەڵوەشان، شەڕە دەندوکەیان بوو، بەڵام هەمیشە شتێکیان لێدەمێنێتەوە. چەندین گۆڤار دەرکەوتوون لە بەراییەکانی سالانی ١٩٨٠کاندا، لە هۆڵەندا گۆڤارێک هەبوو بە ناوی «تورکیاو کوردستان». کاتێک خەڵکی سەر بە پ.ک.ک زیاتر خۆیان ڕێکخست، هەڵبەت ئەوان دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکانی لەمەڕ خۆیان. ئەوان هەندێک خەڵکی هۆڵەندییان دۆزییەوە کە دەیانویست کاریان لەگەڵ بکەن.

بەڵام کۆمەڵگەی لایەنگری لە کورد لێرە زۆر لەتوکوت‌و پارچەپارچەیەو کوردەکان خۆیان دەورێکی زۆر گرنگ لە بڵاوکردنەوە دا ناگێڕن. لێرە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان هەن، هەروەها پ.ک.کو کۆمەڵەکانی هاوپەیمانی پ.ک.ک. دوایین کۆمەڵەی کوردستان کە من تێیدا ئەندام بوومو لەبەر ئەوەی ئێمە کاتمان نەبوو یان ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە ئێمە ڕوانگەیەکی هاوبەشمان نەبوو، لەبەریەکهەڵوەشا. لەگەڵ چەند کەسێکی کە لە کۆمیتەکەدابوون هێشتا پێوەندی بەردەوامم هەیەو جارجار بەیەکەوە شتێک دەکەین.

سەبارەت بە زانکۆ زۆر ڕوونتر، من دواجار سالی ١٩٩٤ لە ئەندۆنیزیاوە هاتمەوەو لە هۆڵەندا دامەزرامەوە.

نێو بە نێو، دەهاتمەوە ئێرەو دەچوومەوە، بەڵام لە جێدا لە ئەندۆنیزیا دەژیام، لێرە کارێکم دەستکەوت وەکو وانەبێژی لێکۆڵینەوەکانی تورکی‌و کوردی لە دیپارتمانی لێکۆڵینەوەکانی عەرەبی، فارسی‌و تورکی کە من تێیدا یەکەم دەرسوتنەوەی کوردیم هەبوو لە ناوەڕاستی سالانی ١٩٨٠کاندا. لەوێ فێری تورکی عوسمانیش ببووم‌و لەگەڵ هاوکاران دەستمانکرد بە کارکردن لە سەر ئەولیای چەلەبی‌و سەرچاوەکانی دیکەی عوسمانی لەمەڕ کوردان (ڤان براونێسن‌و بۆشۆتن، ١٩٨٨). بۆ چەند سالان زمانی کوردی‌و مێژووی کوردم بە دەرس دەوتەوە بە تەنیشت مێژووی عوسمانی‌و مێژووی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، بەڵام وردە وردە زیاتر بەرەو لێکۆڵینەوەی ئیسلامی چووم، لە بەر داوخوازی خوێندکاران‌و سیاسەتی زانکۆ. هەنووکە ئێتر چبڕ بە فەرمی لێکۆڵینەوەی کوردی لە زانکۆکانی هۆڵەندەدا نییە. من چاوەدێری دەکەم بە سەر لێکۆڵینەوەی چەند خوێندکارێکەوە کە لە سەر کوردەکان کار دەکەن، بەڵام ئەوان ئەو لێکۆڵینەوانە لە چوارچێوەی دیسیپلینی وەکو مەردمناسی، یان مێژوودا دەکەن، نەک لە بواری زمان‌و کلتووری خۆرهەلاتدا، ئەوان بڕیاریانداوە تێز لە چوارچێوەی مەردمناسیدا بنووسن کە بە هەڵکەوت سەبارەت بە کوردەکان دەبێت.

**پرسیار: ئەو بوارانەی ئەو خوێندکارانە سەبارەت بە کوردەکان کاریان لە سەر دەکەن چین؟ لە چ چوارچێوەیەکی تیۆریدا کار دەکەن؟**

مارتین ڤان براونێسن: من چەند شاگردێکی زۆر کەمم هەن کە لە سەر کوردەکان کار دەکەن. یووست یۆنگردن یەک لەوانەیە کە دوکتورای خۆی لە سەر گەڕانەوە بۆ دێیەکان نووسی دوای پێ چۆلکردنی زۆرەملێی سالانی ١٩٩٠کان. لەهەمانکاتدا شاگردێکی دیکەم هەبوو، میریام گیرسێ کە سەبارەت بە پەنابەران‌و خەڵکی لە جێی خۆ هەڵکەنراو لە ئەستەمبوڵ کاری دەکرد. شاگردێکی تورکم هەیە، بە ناوی سەدا ئاڵتوغ کە لەسەر بیرەوەرییەکانی کێشانی سنووری نێوان سووریا – تورکیا کار دەکات لەنێو کۆمەڵگەی جیاوازی ئێتنیکیدا کە لێرە دەژین. ئەو زیاتر هاوپرسەکی‌و وتووێژی لەگەڵ ئەرمەنییەکان، سریانییەکان‌و کوردەکان لە سووریاو هەروەها لە بەشی تورکیا کردووە. ئەو دەیەوێت بیرەوەری بخاتە نێو چوارچێوەیەکی مێژوویی. ئەو جەخت دەکات لەسەر ریوایەتەکانی ناسێنەیی کە بەرەوپێش دەچن بۆ یارمەتی بە خەڵک بۆ ئەوەی خۆیان پێناسە بکەن بە وەبیرهێنانەوەی هەندێک لە شتەکان‌و لەبیربردنەوەی هەندێک شتی دیکە. شاگردێکی دیکەی تورکم هەیە، ئوموت ئازاک، ئەویش لە سەر بەرهەمهێنان‌و بەکارهێنانی بیرەوەری کار دەکات لە سکولاریزمی تورکیدا. ئەو لە شاسیمای وەکو سەعید نەوەرسی، ڕوودانی مەنەمەن دەکۆڵێتەوە کە بەکاردەهێنرێن بۆ سەلماندنی هەڕەشەی زیندوو لەسەر لائیسیزمی تورکی‌و هەروەها عەلەوییایەتی وەکو ڕەمزی ئیسلامی «چاک». کوردەکان دەورێکیان هەیە لەو لێکۆڵینەوەیەدا، بەڵام تارادەیەک پەراوێزن‌و شاگردێکی هۆڵەندی، ئێڤێلین هێندریکس بەودواییانە دەستی بە پرۆژەیەک کردووە کە نێوی لێناوە «kurdistan@gender» ؛ لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کوردستانی ئێران دەکۆڵێتەوەو بۆچوونەکانی لەمەڕ لێکۆڵینەوەی مێدیاو لێکۆڵینەوە جێندر (جینسی کۆمەڵایەتی) لێکدەبەستێت لەگەڵ کاری مەیدانی جیدی مەردمناسانەو شاگردی دیکەشم هەن کە زۆر شتی جیاواز دەکەن. لە ڕاستیدا زۆربەی شاگردەکانم لە دەورەی (پی ئیچ دی)دا لە سەر بابەتی دیکە کار دەکەن، نەک کوردەکان.

پرسیار: تۆ هیچ ئاڵوگۆڕو پێشوەچوونێک دەبینی لەو بۆچوونانەدا کە لەسەر «پرسی کورد» هەبوون‌و ئەو پرسیارانەی کراون؟ چی قەوماوە لەوەتەی تۆ ئەو پرسەت لەخۆت کردووە؟ بۆچوونی خۆت سەبارەت بەو بابەتە چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتووە، ئەگەر ئاڵوگۆڕێک بووبێت؟

مارتین ڤان براونێسن: بەگشتی گۆڕانی گەورە ڕوویداوە، بۆچوونی کەونارای ئامال ئابووریی‌و سیاسی هەنووکە ئیدی باویان نەماوە. لێکۆڵینەوەی کلتووری لە توێژینەوەکانی لەمەڕ تورکیادا هەمیشە خۆیان دەردەخەن، بەشێک لەبەر ئەوەی کە لە بۆغازیچی، مەرمەڕەو لە زانکۆ باشەکانی دیکەی ئەستەمبوڵ زۆر لێکۆڵەرەوەی گەنج هەن کە دەیانەوێت لە کۆمەڵگەی کوردو شتەکانی دیکە بکۆڵنەوە کە گرێدراوییەکی گەورەیان هەیە، بەڵام دەبێت ئەو لێکۆڵینەوانە کار لە پێوەری ئەوتۆ دابکەن کە هەم باون‌و هەم هەڕەشاوی نین، بۆیە لێکۆڵینەوەی کلتووری باوە.

لەنێو ئەو ئەورووپاییانەدا کە لە کوردەکان دەکۆڵنەوە، زۆر لەوان لە سەر پێشینەی تێکەڵاوی لەگەڵ بزووتنەوەی چالاکییەتی‌و هاوپێوەندیدا بەرەو ئەو لێکۆڵینەوانە هاتوون. لە ئەڵمانیا ئەوە زۆر بەهێزە، ئەوان دۆستی کورد یان دۆستی تورکیان هەبووە لە ئەڵمانیاو زۆر چالاک بوون لە بزووتنەوەکانی مافی مرۆڤ یان هاوپێوەندیی سیاسیدا، بۆیە زۆر سەرنج دەدرێتە سەر هەندێک لایەنی وەکو کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی مرۆڤ‌و مافی ژنان.

شەهرەزاد موجاب کە کەسێکی نێوەندییە لە تۆڕی لێکۆڵینەوە لە سەر بارودۆخی ژنانی کورد، جارێک ڕایەکی لە سەر کتێبەکەی یەکەمی من دەربڕی‌و بە کتێبێکی تەواو نا-جێندر( کتێبێک کە چ باسی ژنی تێدانییە _ تێبینی وەرگێڕ)ی دانا. بە لێبڕاوی ئەو ڕاست دەکات‌و ڕەخنەکەی بە ڕەخنەیەکی بەجێ دەزانم. نووسینی فێمینیستی ئێمەی وشیارکردووەتەوە سەبارەت بە لایەنگرێتی لە جینسێکی کۆمەڵایەتی لە زۆر کاری مەردمناسانەدا، لەوانە کاری منیش. ئێستا ناتوانم هەمان کتێب بنووسم کە لە سالی ١٩٧٨دا نووسیم. ڕەنگە شەرتومەرجی لێکۆڵینەوە لە زۆر ڕووەوە ڕێگەی نەدابم ژنان ببینم‌و هەندێک پرسیاری پێوەندیداریان لێبکەم، هەرچۆنێک بێت ئێستا لەوبارەیە جیاواز لە رابردوو دەنووسم.

**پرسیار: دەکرێت زۆر ڕوونتر ڕەچەڵەک و هەلومەرجی پەیدابوونی «لێکۆڵینەوەی کورد»مان لە بواری ئەکادیمی تورکدا بۆ شی بکەیتەوە؟ لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا چ نوختە وەرچەرخان یان دەمی تایبەتی لەو بوارەدا دەبینی؟**

مارتین ڤان براونێسن: لەوەتا کوردەکان بوون بە بابەتێک کە مرۆڤ بتوانێت بە ئاشکرایی لەسەریان بدوێت، ژمارەیەک ماستەرو پی ئیچ دی تازە لە تورکیا کراون، کە جەخت لەسەر کوردەکان دەکەنەوە. هەندێک لەو خوێندکارانە تێزەکانی خۆیان بۆ من ناردووە، ئەوان هەموو وەک یەک باش نین، بەڵام هەر ئەو ڕاستییەی کە ئەوان هەن دەیسەلمێنێت بابەتەکە ڕێی دەرکردووە بۆ نێو ڕەوتی گشتیی ژیانی ئەکادیمی. هەندێک لە زانایانی گەنجی تورک لەوەدا سەرکەوتوو بوون، کە کارەکانیان لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بناسێنن، بە ڕێگەی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری وەکو میدل ئیست ستادیزدا، ئەوجۆرە تەبلیغە نێونەتەوەییە پێدەچێت بۆ خەڵک لە بواری لێکۆڵینەوەی کوردیدا زۆر دژوارتر بێت. مەسعود یەگەن، کە لە لەندەن خوێندوویەتی، یەک لە ڕێزپەڕەکانە، هەروەها وتارێکی چاوڕاکێشیشی هەیە کە فولا ئاتاجان نووسیویە. ئەوانە بەئاسایی ئەو کەسانەن کە لە زانکۆی بۆغازیچی دەخوێنن‌و مامۆستا چاوەدێرەکانیان ڕەنگە پەیوەندییان هەبێت یان ڕاياندەسپێرن کورتەیەک لە تێزەکانیان بۆ ئەو گۆڤارە بنێرن. واپێدەچێت ئەو کەسانەی سەر بە بازنەی سەردەستن لەو بوارەدا زاڵبن، ئەوان ڕەنگە دەرەتانێکی گەورەتریان هەبێت بۆ نووسین، ئەوان دەتوانن بەشێوازێکی تایبەتی بنووسن کە بەئاسانیی لەلایەن ئەوکەسانەی خەڵکی شارێکی بچکۆلە بوون ڕکەبەرییان لەگەڵ ناکرێت، ئەوان خوویەکی ئەکادیمییان هەیە، ئەوجۆرە جیاوازییەی ستاتوس بەگشتیی لە ژیانی ئەکادیمی تورکیادا زۆر لەبەرچاوە. هەندێک خەڵکی کە ناوبانگێکی زۆریان پەیداکردووەو کتێبی زۆریان بڵاوکردووتەوە، ئەگەر مرۆڤ لە جەوهەریان قووڵ بێتەوە شتێکی زۆر تایبەتییان تێدا نییە، بەڵام هەندێک ڕێگەیان هەیە بۆ نیشاندان‌و پێشکەشکردنی، ئەوان بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دیکەدا زۆر زیاتر دەناسرێن، خەڵکی ئەوتۆی کە کاری زۆر باشیان کردووە، بەڵام نەیانتوانیوە بڵاویانبکەنەوە، هەروەها لەبەرئەوەش کە ئەوان دەبێت کارەکانیان لە شێوازێکی ئاوادا پێشکەش بکەن کە شیاوی قبووڵکردن بێت. دنیای ئەکادیمی نێونەتەوەیی داخوازی ئەوەیە مرۆڤ بەشێوازێکی تایبەتی بنووسێت، نووسینەکە دەبێت لە چوارچێوەی هەندێک پێوەردابێت.

دەزانی، جارجار کوردەکان نامەم بۆ دەنووسن یان تەلەفونم بۆ دەکەن یان ئیمەیلم بۆ دەنێرن‌و دەڵێن ئـەوان خزمەکانیان لە کتێبەکەدا دەناسنەوە، جار جار هەڵەم بۆ هـەڵـدەوەژێـرن یان زانیاری زیاترم دەدەنـێ. زۆر جار لەلایەن کۆمەڵەی کوردییەوە بانگ دەکرێم، بچم قسە بکەم. ئاسایی وایـە کاتێک لە لایەن کوردەکانەوە بانگهێشتن دەکرێم، بە ئەرێ وەڵام دەدەمــەوە، جا بۆیە من زۆر لێدوانم بووەو هەمیشە لە رووبەڕووبوونەوەی بیرەکانم لەگەڵ خەڵک شت فێربووم. جارجار پێیانوتوم، «سـەبـارەت بە بزووتنەوەی سیاسیی کـورد کتێب زۆرن، بەڵام کتێبەکەی تۆ یەک لەوچەند کتێبە کەمانەیە کە سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێمە هەن.» بەگشتی کاردانەوەی کوردەکان لە ئاست ئەو کتێبە زۆر پۆزەتیڤ بووە، تەنانەت ئەوکاتەش کە رەخنە لە رێبەرانیان دەگرم. من زۆر بەوە خۆشحاڵ بـووم کە کتێبەکەم وەرگێڕرایە سەر زمانی تورکی، چونکە زۆر لە کـوردەکـان لە تورکیا دەتوانن بیخوێننەوە. وەرگێڕانی عێراقی، وەرگێڕانێکی خـراپ بوو بە سۆرانی، بەڵام وەرگێڕانێک لەبەردەستدایەو خەڵک دەتوانن بیخوێننەوە. ئێستا کتێبەکە بە فارسییەکی زۆر باش وەرگـێـڕراوە، باشتر لە دەقی ماکەکەی‌و چاپێکی نوێی عەرەبی ئێستا لە عێراق دەردەکەوێت. ئەوە زۆر گرنگە کە ئەوخەڵکەی ئەتۆ لە سـەرت کۆڵیونەتەوە بتوانن ئـەوە بخوێننەوە کە مـرۆڤ لە سـەری نووسیون‌و رەخنەت لێبگرن، لەگەڵت بکەونە دمەتەقەو گەنگەشەو لەوشتانە زۆر فێردەبم.

**پرسیار: پێتوایە لە تورکیا بڵاوبوونەوەی زانستیی ئاکادیمی سەبارەت بە کوردەکان دەبێت بە میدیای نائاکادیمیدا بڕوات؟**

مارتین ڤـان براونێسن: بەڵێ بە گردبڕی، لە کەیسی کـــوردەکـــان‌و گـــرووپـــە ئێتنیکییەکانی دیکەدا لە تورکیا، ناسینیان‌و مافی کلتوورییان بە شێوەی ئۆتۆماتیک‌و لەخۆوە مەیسەر نابێت. هــەر لەبەر ئـەوەی بیروڕای گشتی ناچار بوو هەبوونی کوردەکان وەکو راستییەکی حاشاهەڵنەگر بپەژرێنێت‌و دەوڵەتیش ناچار بوو کە دەست لە نکوڵی لێکردنی رەسمیی خۆی هەڵگرێت. ئێمە هەمانشت سەبارەت بە پرسی ئەرمەنی دەبینین: لە پێشدا مەرجەکانی دمەتەقەی گشتی دەگـۆڕرێـن‌و دواتــر سیاسەت لەوبارەیەوە وەخۆ دەکرێت، بۆیە ئەوە دەبێت بە کارێکی گرنگ بۆ زانایان کە لە سەر ئەو پرسە ناسکانە کاردەکەن بۆ ئەوەی لە بورجی عاچ بێنە دەرەوە. هەر کارێکی ئاکادیمیک لەو بوارەدا ئاوێتەی سیاسی هەیەو واتایەکی سیاسی داپۆشراوی هەیە. رەنگە بەخۆ فشین بێت، مرۆڤ بڵێت لە وشیاربووندا بەشداری دەکات، بـەڵام تورکیا بەلانی کەمەوە پێداویستی بە دەمەتەقەی گشتی هەیەو پێم وایـە، ئاکادیمیکان ئەرکێکی گـەورەیـان لەسەر ئـەسـتـۆیـە کـە بـیـگـێـڕن بۆ ورووژاندنی دمەتەقەیەکی ئەوتۆ و بۆ هێنانە گـۆڕی قسەی بە ئـاوەز. هەڵبەت دیـارە کەسی ئـەوتـۆش هــەن کـە روانـگـەی سیاسی وشک‌و نەگۆڕو ئامانجی سیاسییان هەیەو کەسی ئەوتۆن کە دەیانەوێت تەنها لایەنێکی تایبەتی لـە راستییەکانیان وەڕووخـەن. من پێم وایە، ئێمە وەک کەسانی ئاکادیمیک هەر تەنها نابێت ئـەوەی ئێمە بە «حەقیقەت»ی دەزانین وەڕووی خەین، بەڵکو دەبێت ریوایەتە رەسمییەکان وەکو بەدیلی ئەوان بەرینە ژێر پرسیارەوە، قسەی چاک بکەین‌و بەتایبەتی ئاماژە بکەین بەو راستییانەی بەدڵ نینەو بە ئانقەستە بێت یان وەکو دی، کەمتەرخەمییان لەگەڵ دەکرێت.

**پرسیار: شوێنی پسپۆڕی زانستی لە نێو سیاسەتەکانی سەبارەت پرسی کـورد چ بـووەو ئەمڕۆ چۆنە؟**

مارتین ڤان براونێسن: هەموو حکومەتەکان بەرژەوەندییەکیان هەیە لە کاری ئاکادیمیکدا، بە تایبەتی ئەگەر ئـەوان بتوانن بەکاریبهێنن بۆ رەوایـی پێدان بە سیاسەتی خۆیان، یان ئەگەر ئـەوکـارە بـۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە بەکەڵک بێت. ئـەو کـارە ئاکادیمییەی کە هــەوڵـدەدات وێژیاکی گشتی بگۆڕێت کە دواجار شکڵ دەدات بەو سیاسەتەی لە هەڵوێستێکی زۆر دژوارتــر دایـە. گۆڕانی سەرەکی سیاسی بە ئاسایی دەبێت بە هاندانی گۆڕانێک کە دەبێت لە دمەتەقەی گشتیدا بێتە ئاراوەو ئەمە ئەوشتەیە کە مرۆڤ دەیبینێت روودەدا. ئەوە سیاسەتمەدارەکان نەبوون کە بڕیاریاندا پرسی کورد دەکرێت بەگشتی‌و بە راشکاوی قسەی لێوەبکرێت.

هـەڵـبـەت پێشوەچوونی تـەکـنـۆلـۆژی‌و تایبەتیکردن ئــەوەی کـــرد، تەلەفزیۆنی مانگۆڵە پەیدا بـوون‌و کەناڵی تایبەتیی تەلەفزیۆنی لە تورکیا سەریان وەدەرنا. کوردەکان بە ئاشکرایی‌و گشتی، بوونە شیاوی دیتن لە تورکیا لە سایەی سەری تەلەفزیۆنی تایبەتییەوەو دیسان لە سایەی سـەری ئۆیزالەوە. بـەرنـامـەیـەکـی تەلەفزیۆنی هەبوو، بە ناوی سیاسەتمەیدانی (مەیدانی سیاسەت)، بەرنامەیەکی زۆر گرنگ لەو سەروبەندەداو چەندین دەمەتەقەو گەنگەشە لەو بەرنامەیەدا یارمەتیدا بە گۆڕینی دمەتەقەی گشتی لە تورکیا. رووداوێـکـی سـەرەکـی دیکە قەوما: محەمەد عەلی بیراند – کە رۆژنامەنووسێکی رۆژنامان بوو، ئێستا بۆ سی ئێن ئێن تورک کـار دەکـات، چـووە سەردانی ئۆجـەلان‌و نـووسـراوەکـەی لە رۆژنامەی میلییەت(١٥ی ژووەنی ١٩٨٨)دا چاپکراو لە لاپەڕەی پێشەوە، ئۆجەلان دەبینی کە فوتباڵ دەکات‌و دەڵێت لایەنگری تیمی گالاتاسەرایە. لەپڕ را ئەو پیاوەی بە شەیتان دادەنرا بوو بە ئینسانێکی وەکو ئێمە. شتی ئاوا بە راستی کاردانەوەی گەورەی هەبوو لە سەر سیاسەت، بەڵام ئەوە بە رێگەی حەوزەی گشتیدا هەڵدەسوورێت.

**پرسیار: لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردەکان لە هۆڵەندا چۆنە؟ تۆ لەگەڵ کێ کارت کـردووەو ئێستا لەگەڵ کێ کار دەکەیت لەوبارەیەوە؟**

مارتین ڤان براونێسن: من پێم وایە، یەکەم ئاکادیمیک بووم لە هۆڵەندا کە لەسەر کوردانی کۆڵیبێتەوە. ئەو دەمە کۆمیتەیەکی بچووکی هاوپێوەندی هەبوو، کـۆمـەڵـەی نـێـونـەتـەوەیـی کـوردسـتـان، بـەرلـەوەی من دەسـت بە لێکۆڵینەوە بکەم. ئـەو کۆمەڵەیە کـاری پیاوێک بوو بە تەها، چەند هاوکارێکی هەبوون کە مەیلیان سەبارەت بە کوردەکان تێدا پێکهاتبوو. ئەو کەسە مرخی لە ناسیۆنالیزمی کـورد خـۆشـکـردبـووو پێم وایـە، پێشینەیەکی سەیری هەبوو، هەرچۆنێک بێت. ئەو کۆکراوەیەکی مەزنی کتێب‌و بەڵگەی لـە سـەر کـوردەکـان هەبووو خەبەرنامەیەکی لە سەر کوردەکان بڵاودەکردەوە. کاتێک مەیلم تێدا پێکهات، پێوەندیم لەگەڵ ئەو پیاوە گـرت‌و زۆر شتی لێ فێر بـووم سەبارەت بە کوردەکان. ئەو دەمە من لە خۆرهەڵاتناسیم نەدەکۆڵییەوە یان چ زمانێکی پێوەندیداری ئەوێم بە رەسمیی نەدەخوێند، بەڵام بە خۆشییەوە بۆخۆم بە ئاسانی زمـان فـێـردەبـم. من تەنانەت لەگەڵ هیچ کەس لە پێوەندیدا نەبووم کە لەسەر ئەو بابەتە کار بکات، تەنانەت ئەودەمەشی نەشم دەزانی کە خەڵک هەبن لە هۆڵەندا لەسەر خۆرهەڵاتناسی بکۆڵنەوە، پاشخانی ئاکادیمیکی من ماتێماتیکس‌و فیزیک بووو بڕێکی کەمیش مەردمناسی‌و ئەو مەردمناسانەی کارم لەگەڵ دەکردن لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر بەشە زۆر جیاوازەکانی دنیا دەکـرد، جا بۆیە من لە پاشخانێکی زانیارییەوە سەبارەت بـە هـەرێـم دەسـتـم پێنەکرد، دەبوو لە بناوانەوە دەستپێبکەم. هەڵبەت ئەوانە گشتیان گۆران کاتێک لە ساڵی ١٩٧٥، یەکەم دەستەی پەنابەری سیاسیی کـوردی عێراقی هاتن‌و دواتر لـە کۆتاییەکانی ١٩٧٠کـانـدا پەنابەران دەستیان پێکرد لە تورکیاوە بێن. ساڵانی ١٩٨٠کان شاهێدی هاتنی شەپۆلی گەورەی پەنابەران بوو کە لەناو ئەواندا زۆریـــان کـورد بـوون‌و لەبەر ئەوەی کوردێکی زۆر لە هۆڵەندا هەن، هۆڵەندییەکی زیاتر مەیلیان سەبارەت بە ئەوان تێدا پێکهات.

تـا نـاوەڕاسـتـی ساڵانی ١٩٨٠کـان، مرۆڤ دەیدی زۆر خـەڵـک پێیان خـۆشـە زیاتر سەبارەت بە کوردەکان بزانن‌و دەیانەویست فێری زمانی کوردی بـن: کارگێڕانی کۆمەڵایەتی، پارێزەران، تێکۆشەرانی مافی مـــرۆڤ، کـەسـی ئـەوتـۆی کە پێوەندی دۆستایەتی یان هەودای ئەوینی لەگەڵ ئەو کوردانەی لێرە دەژین گرێ دابوو. لە ساڵی ١٩٨٥ من بۆ ساڵێک هاتمەوە ئێرە بۆ توترێخت‌و لێرە لە زانکۆ دەورەیـەکـی فێرکردنی زمانی کـوردیـم کـردەوە ( لە بەشی لێکۆڵینەوەکانی عەرەبی، فارسی‌و تورکی)، من واقم وڕما بەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لەو دەورەیەدا خوێندیان.

فیلیپ کرەیینبرووک، کە ئەو دەمی لێرە دەرسی فارسی دەوتەوە، مەیلی تێدا پێکهات بۆ کوردی‌و دوای دەورەکـەی من ئەو دەستی کرد بە وتنەوەی کوردی. ئەو ئێستا پرۆفێسۆرێکە لە گوێتینگێن‌و زانایەکی سەرەکی لـێـکـۆڵـیـنـەوەی کـوردیـیـە لە ئەڵمان. ئەو ماوەیەک لە سواس (خوێندنگەی لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵات‌و ئەفریقا لە لەندەن) دەرسـی دەوتــەوەو یەکێک لە شاگردەکانی لـەوێ، کریستین ئالیسۆن، ئێستا لـە ئینالکۆ (ئەنیستیتوی نەتەوەیی زمانان‌و شارستانییەکانی خۆرهەڵات _ پـاریـس) دەرسـی کـوردی دەڵێتەوە.

خـوێـنـدکـارێـکـی دیـکـەی رۆژەبەراییەکان لێرە لە ئوترێخت، مارگریت دۆرلـەیـژن، تێزێکی زۆر چاکی نووسی سەبارەت بە زماننناسی کوردی‌و بۆ ماوەیەک لە زانکۆی ئامستردام دەرسی تورکی‌و کوردی دەوتــەوە. جا کەوابوو وردە وردە شەبەکەیەکی تەواو سەری وەدەرناو لێرە لە هۆڵەندا ئێمە چەندین کۆمیتەی هاوپێوەندیمان هەبووەو چەندین کەس لە ئەندامانی وان بەردەوام بوون لە سەر کاری ئاکادیمی سەبارەت بە بابەتەکانی کوردی. یەک لە شاگردەکانی من، یووست یۆنگردن، وەک پسپۆڕی تورکیا بۆ ئەمنستی ئینترنەشناڵ دەستی پێکردو سەفەرێکی زۆری کرد بۆ کوردستان. لە سەرەتای ئەمساڵدا، ئەو تێزەکەی خۆی تــەواو کــرد ســەبــارەت بە گـەڕانـەوە بۆ لادێ. هەروەها چەندین وتـاری نووسیوە لە سەر ئەو بابەتەو لەگەڵ پاول وایت کتێبێکی ئێدیت کردووە سـەبـارەت بـە عەلەوییەکان.

**من پێم وایە، ئێمە وەک کەسانی ئاکادیمیک هەر تەنها نابێت ئەوەی ئێمە بە «حەقیقەت»ی دەزانین وەڕووی خەین، بەڵکو دەبێت ریوایەتە رەسمییەکان وەکو بەدیلی ئەوان بەرینە ژێر پرسیارەوە، قسەی چاک بکەین‌و بەتایبەتی ئاماژە بکەین بەو راستییانەی بەدڵ نینەو بە ئانقەستە بێت یان وەکو دی، کەمتەرخەمییان لەگەڵ دەکرێت**

**پرسیار:** سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کوردی لە عێراق دەڵێی چی؟

**مارتین ڤان براونێسن:** سۆرانییەکەم لەوەتا ساڵانی (١٩٧٠)کان کە کارەکەم کرد پێشنەکەوتووە، بۆم زەحمەتە سۆرانی بخوێنمەوە، دەزانم کە کتێبو بڵاوکراوەی چاوڕاکێش بە سۆرانی دەردەکەون، بەڵام من شوێنگێڕییان ناکەم بە ئینگلیزی، من ئاگام لەوەنییە کە شتی تازەی نوێی گرنگ لە عێراق دەرکەوتبن. چەند بێگانەیەک هەن کە سەبارەت بە بارودۆخی هەنووکەی سیاسی لە عێراق نووسیویانە، کە خۆیان لەوێ بوون، چونکە بەڕێژە لەوێ کارکردن ئازادە. کەسانی وەکو ئاندریا فیشر، تاهیرو کارین ملۆدۆخ کاری ئەکادیمیکو چالاکی ئێن جی ئۆی (ڕێکخراوەی ناحکومەتی) یان لە کوردستانی عێراق لێکبەستووەو هەندێک کەسانی ئەکادیمی بێگانەی دیکە هەن کە لە ڕێبەرایەتی کورد نزیکنو پێدەچێت بۆ زانیارییەکانیان خۆیان بە قسەی ئەوان ببەستنەوە.

زۆر چاوڕاکێشتر ڕەنگە ئەوەی بێت لە ئێران ڕوودەدا، هەرجارەی کە من لە شوێنێک بابەتێک سەبارەت بە کوردان پێشکەش دەکەم، قسەیەکی زۆرم پێیە سەبارەت بە بارودۆخی تورکیا باسی بکەم، لە بارودۆخی عێراق دەدوێم، لەنێو گوێگراندا کەسێک ڕاستدەبێتەوەو دەڵێ: «تۆ بۆ هیچ باسی خۆرهەڵاتی کوردستانت نەکرد؟». من هەوڵ دەدەم، بەڵام زۆر زەحمەتە مرۆڤ بزانێت ئەوەی ئێستا ڕوودەدات چییە. من ماوەیەکی درێژە نەچوومەتە ئەوێ، بۆ ماوەیەکی درێژ قەدەغەی چوونم بۆ ئێران لەسەر دانرابوو، چەند ساڵ لەمەوبەر توانیم بچمە تاران، بەڵام دەرفەتی ئەوەم نەبوو سەر لە کوردستان بدەم. لەوێ بۆم دەرکەوت لە تاران کۆمەڵگەیەکی کوردی زۆر هەڵسووڕاوو چالاک هەیە، لە ئێران زۆر کتێب دەردەکەون، ئێران هەمیشە تەواو باریکبینو مووقەڵیش بووە، زۆر کتێبو گۆڤاری چاوڕاکێش لە ئێران دەردەکەونو چەند کەسێک کاری ئەکادیمیک لە سەر کوردان دەکەن، ئەوان خۆیان کوردنو تێزی مێژوویی یان جوگرافیایی دەنووسن، تێزێک سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی پێشوەچوون، ئەوانە ئەو نموونانەن کە بەرچاوم کەوتوون، ئەو جۆرە تێزانە زیاتر لەسەر هەرێمی خۆیان جەختدەکەنەوە. لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵەی کورد لە ئێران هەمیشە زیاتر یەکانگیرکراوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی گشتیی سەبارەت بە هەرێمە جیاوازەکان لە ئێران. من پێموایە کوردەکانی ئێران، بە مانایەک زۆر ئێرانیترن لەوەی کە کوردەکانی عێراق عێراقی بن، بەڵام هەروەها بۆ ئەوان زۆر دژوارترە کە خۆیان ئاوا بناسێننو شتێک بکەن وەکو «لێکۆڵینەوەی کوردی». من ئاگام لە هیچ لێکۆڵینەوەیەک نییە سەبارەت بە ناسێنەی کوردی یان بزووتنەوە کوردییەکان، جگە لە بواری مێژوو، یان لە بیرەوەری نووسیندا نەبێت. سەبارەت بە کوردستانی عێراق، ڕەنگە لەوێش ئەو بیرەوەرییانەی لەلایەن کەسایەتییە کوردە عێراقییەکان، کە لەماوەی ١٠-١٥ ساڵی ڕابردوودا نووسراون زۆر گرنگ بن. سەبارەت بە قۆناغە بەراییەکانی بزووتنەوە کوردییەکان، وەکو کاری محەمەد ڕەسوڵ هاوار سەبارەت بە شێخ مەحمودو سەبارەت بە سمکۆ، یان لە سەروبەندی زۆر دواتردا بیرەوەرییەکانی (نەوشیروان موستەفا، ئا ١٩٩٧، بێ ١٩٩٧). ئەو یەک لە ڕێبەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، کە لەو دواییانەدا لە ینک جیابووەوەو ڕەخنەی لە تاڵەبانی هەیە. نەوشیروان یەک لە ڕێبەرە سەرەکییەکانی گروپی مارکسیستی بوو لەنێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، ئەو لە ئەورووپا خوێندوویەو لەوێ لە سیاسەتەوە گلاو لەساڵی (١٩٧٧) یان ئاوا لەگەڵ پێشمەرگە کەوت لە کوردستانی عێراق. من لەساڵی (١٩٧٩) لەوێ چاوم پێیکەوتو لە بیرمە زۆر مرخی لێ بوو باسی زێهنییەتی عەشیرەتی بکات، وەکو سەرکردەیەکی پێشمەرگە ئەو دەبوو سەروکاری هەبێت لەگەڵ گروپە عەشیرەتییەکان، کە ڕۆژێک پشتیوانییان لە پێشمەرگە دەکردو ڕۆژی دواتر دەکرا لەگەڵ حکومەت ڕێککەونو بە دژی وی دەستبدەنە چەک، نەوشیروان دڵپاکانە دەیەویست لەو دیاردەیە تێبگات، نەک هەر ئەوەی مەحکومی بکات، بەوەی کە لە بیرەوەرییەکانی ئەوم خوێندووەتەوە، ئەوان تێڕامانی چاوڕاکێشن سەبارەت بە ئەزموونەکانی ژیانێکی چاوڕاکێش. زۆر لە نووسینی کوردە عێراقییەکان لە لەندەن چاپکراون. عێراق نەریتێکی درێژی پەیوەندیی لەگەڵ بەریتانیا هەیە، [لەنێو خوێندەوارانـدا. تێبینی وەرگێڕ] بەشێک لە پەروەردەیان بەریتانیاییەو زۆر کەس لە تاراوگەی لەندەن ژیاون. لە نێو ڕووناکبیرانی کوردی عێراقدا، مرۆڤ زۆر کەسان دەبینێت کە لەبەر ئەو پێشینەیە زۆر وەکو ڕووناکبیرانی ئەورووپایی بیردەکەنەوەو ئەو ڕووناکبیرانە هەستیان دەکرد کە چوونەوەیان بۆئەوەی لە کوردستان بژین پێویستی بە لە خۆبوردوویی هەیە، چونکە ئەوان لە کوردستان ئەم مافە لیبراڵو ئازادییانەیان نابێت، ئەوان دەبێت دەست لە زۆر شت هەڵگرن ئەگەر بیانەوێت لەوێ درێژە بە ژیان بدەن. ژیان لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەکی کوردی یان دیکتاتۆری بەعسی سەدام حسێن جیاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر مرۆڤ لەوێ بژی لەوانەیە دەبێت زۆر وردبێتەوە لەوەی کە دەینووسێت.

**پرسیار:** ئەم پرۆژانەی ئێستا بەدەستتەوەیە کامانەن؟ چ بە

**لەنێو ئەو ئەورووپاییانەدا کە لە کوردەکان دەکۆڵنەوە، زۆر لەوان لە سەر پێشینەی تێکەڵاوی لەگەڵ بزووتنەوەی چالاکییەتیو هاوپێوەندیدا بەرەو ئەو لێکۆڵینەوانە هاتوون**

### کۆمەڵو چ بۆخۆت بە تەنیا؟

**مارتین ڤان براونێسن:** من زۆر سەرم قاڵە بە ئەرکەکانی ئیدارییەوە، تا ئەوەی پرۆژەی نوێی سەرەکیم هەبن! بەڵێنی کتێبێکم دا بە وەشانگەرێک سەبارەت بە خەبات لەپێناو ناسێنە زیاتر لە تورکیا، بەڵام لە عێراقیش لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠)کاندا، بەڵام هێشتا کاتم نەبووە ئەو کتێبە تەواوبکەم. زنجیرەیەک وتارم نووسیوە سەبارەت بەو بابەتەو دەمەویست هەندێکی لێ زیادبکەمو بیکەمە کتێبێک. خەڵک زۆر چالاکانە تێوەگلاون لە پرسی ناسێنەی خۆیانو ئەوەی کە دەبێت سەر بە کوێ بن، بەتایبەتی ئەوجۆرە خەڵکانەی کە سەر بە «مۆرغە پشتی» ئێتنیکی دانیشتووانی تورک یان کورد نین، بابڵێین عەلەوییەکی کە لە ئەستەنبوڵ لە دایک بووەو باپیرانی خەڵکی ئەرزەرومنو بە دیالێکتی زازا قسە دەکات، خەڵکی ئاوا زۆرجار سەریان لەو پرسیارە سواوە «بەڕاستی» ئەوان چین. جگە لە هەبوونی پاسپۆرتی تورکی، لایەنی دیکەی ناسێنەی ئەوانیش هەیە کە بە ڕوونی تورکین، باشە ئەو لایەنانە کامانەن؟ هەرێمی ماک چەندە گرنگە؟ بۆ وێنە، خەڵکی مالاتییا، هەرچەند بە زمانانی جیاواز قسەبکەنو دینی جیاوازیان هەبێت ( کوردی - تورکی، سونی _ عەلەوی) ،زۆرجار پشتیوانییەکی دوولایەنی پتەو لە ئاست یەک نیشاندەدەن کاتێک لە شوێنێکی دیکە دەژین، بۆیە لێرەدا ناکرێت هەمشەهریلیک (هاوشاریبوون) گرێدانێکی بەهێزتر بێت لە بەسترانەوەی ئێتنیکی یان دینی؟ عەلەوییەکان دمەتەقەو گەنگەشەیان لەسەر ئەوە کردووە کە عەلەوییایەتی چ جۆرە ناسێنەیەکە، دینییە، کلتوورییە، سیاسییە؟ یان لەوانەیە ناسێنەیەکی ئێتنیکی بێت؟ هەر وەکو کوردان، ئێزدییانو کەمایەتییەکانی دیکە لە کوردستان، تورکەکانی هەرێم، بەڕاستی تورکن؟ هەرچۆنێک بێت ئۆیزاڵ چ بوو؟ ئەو خەڵکی مالاتیا بوو، نەنکی کورد بوو، بنەماڵەکەی پەیوەندیی نەقشبەندی هەبوو. لە ڕووانگەی زۆر لە تورکەکانی «خۆرئاوا» ئەوەندە بەس بوو کە ئەو بە کورد دابندرێت. لەساڵانی کۆتایی ژیانیدا، کاتێک کە ئەو سەرۆک کۆمار بوو لە ڕێیەک دەگەڕا لەگەڵ کوردەکان پێکبێت، ئەو کەسانەی لێی ناڕازیی بوون گازندەیان لێدەکردو دەیانوت: «کوردەکان کۆشکی چانکایایان داگیرکردووە!»

بەسەرهاتی ژیان هەنە: کەسێک ژیانی وەک تورکێک دەستپێدەکات، دوایی بۆی دەردەکەوێت کوردە، لە کوردێکەوە دەبێت بە زازا، لە زازایەکەوە دەبێتەوە کرمانج، کێ چووزانێ ئەو سبەینێ دەبێت بە چی؟ گرنگی لە زێدەی ئیسلام وەکو ناسێنەیەکو بەتایبەتی ئەوەی خەڵک دەیکەن دینییە، من مەبەستم ئەو دابو شوێنانەیە کە پەپێی وان خەڵک خۆ ناساندنی دینییان دەردەخەن، وەک لە کەیسی تەریقەتە سۆفییەکاندا، یان سازدانەوەی دابو شوێنی عەلەوییەکان لە شاردا. ئەو دیاردانە زۆر فروسماوین! عەلەوییایەتی لە ڕابردوودا لەجێدا دینی لادێ بوو، مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ تەنیا ئەوکاتە دەکرا عەلەوییەک بێت کە لە دێیەکەی بوایە. دێ کۆمەڵگەی دینی بوو، جەم دابو شوێنێکی لادێیی بوو، شوێنە پیرۆزەکان، شوێنە پیرۆزەکانی لادێ بوون. بۆ ماوەیەکی درێژ کاتێک خەڵک گواستیانەوە بۆ شار، عەلەوییایەتییەکەشیان بزردەبوو، چونکە چ چوارچێوەیەکیان نەبوو تێیدا بژین، بەڵام لە ساڵانی (١٩٨٠)کاندا، خەڵک دەستیانکرد بە داهێنانی عەلەوییایەتی شارستانی. هەمان شت لەمەڕ ئێزدییان کە بۆ ماوەیەکی درێژ هەوڵیاندا خۆیان دەرنەخەن، بەڵام ئێستا دیسان دینەکەیان لە ئەڵمانو باکووری عێراق دادەهێننەوە، هەرهەمان جۆرە داهێنانەوە لەنێو کۆمەڵگە عیساییەکانی هەرێمیشدا درێژەی هەیە.

**پرسیار: تۆ کاتت دەبێت بچییەوە هەرێمەکە؟**

**مارتین ڤان براونێسن:** نەک ئەوەندەی خۆم دەمەوێت، کاتێک مرۆڤ پیرتر دەبێت، بەرپرسیارەتیشی زیاتر دەکات، مرۆڤ شاگردی هەن کە تاڕادەیەک پێیەوە بەستراونەتەوە، هەروەها مرۆڤ کاری ئیداریی هەیە کە ناتوانێت وەدوایان داتەوە. من لە دامەزراندنی ئەنیستیتویەکی لێکۆڵینەوەدا بەشداریم کرد، کە ئەوە ژیانی منی زۆر سەرنجڕاکێشتر کرد، بەڵام پێویستییەکی زۆریشی بە کاتی من هەیە (ئەنیستیتوی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ئیسلام لە دنیای مۆدێرندا، ئای ئێس ئای ئێم). من زۆربەی کاتم بۆ ئەوشتانە بەخت دەکەم، کە من نەمدەکرد ئەگەر لێکۆڵەرەوەیەکی سەربەخۆ بام، کە من بەڕاستی چێژی لێوەرناگرم کە دەیکەم، وەکو هەوڵدان بۆ پەیداکردنی دراو بۆ ئەنیستیتووەکە، دیارە ئەوە بە ڕاشکاویی پێویستە بۆ ئەوەی چەرخی کاری بگەڕێت. دەنا نا، من کاتی کافیم نییە بۆ سەفەر، من ساڵانە چەندجارێک دەچمەوە بۆ ئەندۆنیزیا، چونکە لەوێ هەندێک لێکۆڵینەوەم هەیە کە جارێ بەردەوامەو لێکۆڵینەوەی چەند قوڵیی لەگەڵ لێکۆڵەرەوەی گەنجی ئەندۆنیزیایی ساز دەدەم هەوڵدەدەم بەلانی کەمەوە هەموو ساڵێک بچم بۆ تورکیا. من وام دانابوو بۆ ماوەیەکی درێژ بچم بۆ کوردستانی عێراق، بەڵام هێشتا نەچووم. ئینشائەڵا ئەمساڵ دەچم. ئێران، ئەوە شوێنی هەرە کەمتر لێکۆڵینەوە لەسەرکراوی کوردستانە، من پێموایە ئەگەر لێکۆڵەرەوەیەکی گەنج بیەوێت لەسەر کوردەکان بکۆڵێتەوە، ئامۆژگاریم بۆ وی ئەوەیە بچێتە ئێران. هەرچییەک لەوێ بکات تازەیە، چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تازە لەسەر ئێران بەدەستەوە نییە. ئێران هەڵنەکۆڵدراوە، لەوێ کورد تەنیا لە کوردستان نین، خۆراسانیش کۆمەڵگەیەکی گەورەی کوردی کرمانجی ئاخێوی هەیە. کلتوورێکی زۆر چاوڕاکێشیان هەیە، هێشتا پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی تونجەلی لە تورکیای پێوە دیارە. لەسەر ئەوێش هەندێک شت بڵاوکراوەتەوە، بەڵام زۆر نییە. زۆر لێکۆڵینەوەی سەرنجڕاکێش ماوە دەبێت بکرێت.

**ئەم چاوپێکەوتنە لە ٢٠٠٦/١٢/٢٣، گۆڤاری ئەورووپایی، لێکۆڵینەوەکانی تورکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە تورکیای هاوچەرخ، بڵاوکراوەتەوە**

تێبینی وەرگێڕ: سەردێڕی ئەم وەرگێڕانە « کوردەکان کردیانم بە ئینسان» لە ڕووی وەڵامێکی ئەم وتووێژەی مامۆستا مارتین ڤان براونێسن لەلایەن وەرگێڕەوە بۆ دەقی کوردی دانراوە. لە کۆتایی ئەم وتووێژەدا یای ماری لۆ ڕای کتێبنامەیەکی تێروتەسەلی کارەکانی مامۆستا مارتین ڤان براونێسنی بڵاوکردووەتەوە، کە لێرەدا وەرنەگێڕدراوە. ئەو خوێنەرانەی پێیان خۆشە ئەم دەقە بە زمانی ماک ببینن، دەکرێت سەیری ئەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

http://www.ejts.org/document775.html